تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5747) یەک شەممە 12ی ئایاری2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

سەرۆک بارزانی لەگەڵ یاوەرانی بارزانیی نەمر لە سۆڤیەتی پێشوو کۆبۆوە

یاوەرانی بارزانیی نەمر مێژوویەکی پڕ لە شانازییان بۆ گەلەکەیان دروست کردووە



ڕۆژی پێنجشەممە 9ی5ی2019 سەرۆک مەسعود بارزانی بە مەبەستی هەواڵپرسین و دیدار لەگەڵ ژمارەیەک لە یاوەرانی جەنابی بارزانیی نەمر، ئەوانەی کە هێشتا لە ژیاندا ماون کۆبۆوە.
لەم کۆبوونەوەیەدا سەرۆک بارزانی لە ئەحوال و بار و گوزەرانی ژیان و تەندروستیانی پرسی و دیداری لەگەڵیان بە مایەی شانازی و خۆشحاڵیی خۆی زانی.
سەرۆک بارزانی پێزانینی بۆ ماندووبوون و قارەمانێتیی یاوەرانی بارزانیی نەمر لە سۆڤیەتی پێشوو هەبوو چ ئەوانەی لە ژیاندا ماون یانیش شەهید بوونە و کۆچی دواییان کردووە و جەختی کردەوە کە ڕەنج و ماندووبوونیان هەرگیز لەبیر ناچێت و بە خەباتی بێ وێنەی خۆیان میژوویەکی پڕ لە شانازییان بۆ گەلەکەیان دروست کردووە.

بەئامادەبوونی نوێنەری سەرۆک بارزانی تەرمی وەکیل موستەفا لەسەر وەسیەتی خۆی لە شاری هەولێر بەخاک سپێردرا



ڕۆژی هەینی 2019/5/10 بەئامادەبوونی عەلی حسێن بەرپرسی پەیوەندییەکانی کوردستانی عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بەنوێنەرایەتی سەرۆک بارزانی. ئامادەبوونی نوێنەری نووسینگەی جێگری سەرۆکی پارتی و ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی و پارێزگاری هەولێر و سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمان و لایەنە سیاسییەکان و بنەماڵەو هاوڕێ و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو، لەڕێورسمێکی شایستەدا تەرمی وەکیل موستەفا سەرۆکی کوردستانی سۆر دوای کۆچی دوایی لەسەر وەسیەتی خۆی گەیەنرایە هەرێمی کوردستان و لەشاری هەولێر بە خاک دەسپێردرا.

نێچیرڤان بارزانی سالڤەگەرا دامەزراندنا بنگەهێ لالش پیرۆز دکەت

ریزدارا ل دستپێکا بلندا بنگەهێ لالش - دهۆک

(26) ەمین سالڤەگەرا دامەزراندنا بنگەهێ لالش ل وە و هەمی ئەندام و کادر ول تەڤایا بنگەو نڤیسینگەهێن وە و کوردێن ئیزدی بگشتی پیرۆز دکەین.

بنگەهێ لالش کو کانیەکا زەلالە دهورتە د رووبارێ ڕەوشەنبیریا کوردیدا، (26) سالێن بووری دگەل هەمی ئالۆزی و ئاستەنگیان، ب هەول و ماندیبوونا کادر و ڕەوشەنبیر و ئەکادیمی و خەمخۆرێن کولتوور و جڤاکا ئێزدی، بەردەوام پێشکەتیە و جو بنگەهەکێ دیار د سازی بێن هەرێما کوردستانێدا گرتیە.


ژبۆ خزمەتا ئێزدیبان و جڤاک و سازیێن وان، حکوومەتا هەرێما کوردستانێ دێ لسەر پشتەڤانیکرنا بنگەهێ لالش و سازی بێن دی بێن ئێزدیبان بەردەوام بیت داکو سەرفراز و ب ئارامی ل سەر ئاخا خوە، نێزیکی پەرستگەھ و پیرۆزی بێن خوە ل کوردستانێ، لسەر ژیان و کار و خەباتێن خوە بەردەوام بن و پێشڤە بچن.

ئەم جارەکا دی وە پشترِاست دکەین هندی خوشک و برایەکێ ئێزدی یێ ڕەڤاندی ل هەر جهەکێ مابیت، دێ هەمی هەولا ژبۆ رزگارکرنا وان دەین، هەروەسا دێ لسەر کەیسا بجینۆسایدناساندنا کارەساتا شنگالێ لسەر ئاستا نێڤدەولەتی بەردەوام بین و دێ هەمی هەولا دەین کو شنگال و دەڤەرێن دی بێن ئێزدیبیان بێنە ئاڤەدانکرن و تەناهی و ئارامی بۆ وان ڤەگەریت.

دوبارە سالڤەگەرا دامەزراندنا بنگەهێ لالش پیرۆز بیت، هیڤیا بەردەوامی، پیشڤەچوون و سەرکەفتنێ ژبۆ وە دخوازین.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆک وەزیرێ هەرێما کوردستانێ
12/5/2019

مەسرور بارزانی و شاندێکی باڵای ئەمەریکا کۆبوونەوە



ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان دەرگای خۆ پالاوتن بۆ سەرۆکی هەرێم دەکاتەوە



وابڕیارە ئەمڕۆ یەکشەممە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان "سەرۆک، جێگری یەکەم، جێگری دووەم"، بۆ کردنەوەی دەرگای خۆ پالاوتن بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم کۆببنەوە، دوای ئەوەی لە کۆبوونەوەی ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو 8ی ئایار یاسای "کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک تا پەسەندکردنی دەستوور"ی پەسەندکرد.



بەهای تومەنی ئێرانی لە بەرانبەر دۆلاری ئەمەریکی بەردەوامە لە دابەزین



باکووری کوردستان گژوگیای بەهارە سەرچاوەی بژێویی هەندێک هاووڵاتییە



کۆمپانیای دیکەی بواری بەرهەمهێنانی نەوت روو لە هەرێمی کوردستان دەکەن

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە شاندێکی باڵای وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا دەکات



ڕۆژی پێنجشەممە 9ی5ی 2019لە سەلاحەددین سەرۆک بارزانی پێشوازی لە شاندێکی باڵای وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا کرد کە پێکهاتبوو لە دیڤید ساترفیلد جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە وەکالەت و جۆی هود جێگری باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق و ستیڤ ڤیگن کونسوڵی ئەمەریکا لە هەولێر و جەنەراڵ پاول لاکامێرا بەرپرسی ئۆپەڕاسیۆنە سەربازییەکانی دژی داعش.

لەو دیدارەدا شاندی میوان سلاوی تایبەتی مایک پۆمپیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکای بە سەرۆک بارزانی گەیاند. هەروەها باروودۆخی سیاسیی عێراق و ناوچەکە تاوتوێ کرا و شاندی میوان ئەوەی دووپاتکردەوە کە باشتربوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا لە بەرژەوەندیی عێراق و هەرێمی کوردستان دایە.

دواییین گۆڕانکارییە مەیدانییەکانی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش تەوەریکی دیکەی ئەو دانیشتنە بوو و هەردوو لا جەختیان لەوە کردەوە کە هەڕەشەی تیرۆریستانی داعش هێشتا هەر ماوە و مەترسییە بۆ ئاساییشی عێراق و سووریا و ناوچەکە.

فوئاد حوسێن و نوێنەری هەرێمی کوردستان ستراتیژی بوودجەی ساڵی داهاتوویان تاوتوێکرد

د. فوئاد حوسێن، جێگری سەرۆکوەزیران بۆ کاروباری ئابووری و وەزیری دارایی لە بەغدا سەرۆکایەتی کۆبوونەوەیەکی فراوانی لیژنەی تایبەتی ستراتیژی بوودجەی گشتی ساڵانی 2020-2022 کرد بە ئامادەبوونی سەرۆکی لیژنەی دارایی پەرلەمانی فیدراڵ هەیسەم جبووری و ژمارەیەک لە ئەندامانی لیژنەی دارایی و ڕاوێژکارانی دەستەی ڕاوێژکاران و بریکاری وەزارەتی دارایی.

لەم دیدارەدا باس لە داهاتەکانی نەوت و نرخی یەک بەرمیلی نەوتی خام و بڕی بەرمهێنانی پلان بۆ داندراو و داهاتەکانی نەوت و داهاتەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان لە تاریخەی گومرگی و باج و داهاتە ناراستەوخۆکان و پێشکەشکردنی پلانی گەشەپێدان و چوارچێوەی یەکەمی بەرنامەی حکومی کرا. ئامادەبووانی کۆبونەوەکە چەندین ڕا و بۆچوونیان پێشکەشکرد لەبارەی پرۆژە یاسای بودجە بۆ ساڵانی داهاتوو و بۆ ئامادەکردنی پرۆژە یاسایەکی ورد و دەستنیشانکردنی ئەو خاڵانەی کە پێویستە جێبەجێ بکرێن و دووپات لەسەر پشتبەستن بە وەبەرهێنانی بیانی و دانانیان لە چوارچێوەی پرۆژەکانی داهاتووی بودجە و پێشنیارکردنی تەرخانکردنی بڕی پارەی پێویست بۆ پێدانی دەرفەتی بەرهەمهێنان بۆ پاریزگاکان، لەم کۆبونەوەیەدا ژمارەیەک لە بەڕێوەبەرانی گشتی وەزارەتی دارایی و نوێنەرانی هەرێمی کوردستان ئامادەبوون.

چەند پرسێک کرایەوە کە دەچێتە چوارچێوەی بوودجە لەوانەش چاکسازی ئابووری و ئیداری مالّی کاروباری دەوڵەت و هاندانی کەرتی تایبەت. هاوکات جەخت لەسەر هاندانی کەرتی تایبەت و وەبەرهێنان و پرۆژەی وەبەرهێنانی نیشتیمانی کرایەوە لە بواری نەوت و کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزار و گواستنەوە و

ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان دەرگای خۆپاڵاوتن بۆ سەرۆکی هەرێم دەکاتەوە



وابپیارە ئەمڕۆ یەکشەممە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان "سەرۆک، جێگری یەکەم، جێگری دووەم"، بۆ کردنەوەی دەرگای خۆ پاڵاوتن بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم کۆببنەوە، دوای ئەوەی لە کۆبوونەوەی ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو 8ی ئایار یاسای "کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق و هەموارێ شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک تا پەسەندکردنی دەستوور"ی پەسەندکرد.

ئەندامی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێبوار بابکەیی لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند، بەپێی یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم کە هەفتەی ڕابردوو بەدەنگی 89 پەرلەمانتار پەسەند کرا ماوەکانی دیاریکردووە و ڕێوشوێنەکانی ڕوونن دەبێت دەستی بە ڕێوشوێنەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم بکرێت. گوتیشی: پێشبینی دەکەم ئەمڕۆ کۆبوونەوەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بەڕێوەبچێت و لەماوەی سێ ڕۆژدا دەرگای خۆ پاڵاوتن بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم بکاتەوە و پاش ئەوە دوو ڕۆژ بۆ تانە لێدان دیاری دەکرێت پاش ڕاگەیاندنی ناوەکان و پاش یەکلاییکردنەوەی تانەکان لەلایەن دادگەی تەمییزەوە ئیدی هەڵبژاردن بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم دەکرێت. بەپێی ماددەی چوارەمی یاساکە لە ماوەی سێ ڕۆژ لە بەرواری کردنەوەی دەرگای خۆ پاڵاوتن داواکاریی سیڤی خۆیان پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەن و سەرۆکایەتی پەرلەمان لەماوەی دوو ڕۆژ لەداخستنی دەرگای خۆ پاڵاوتن ناوی پاڵێوراوەکان ڕادەگەیەنێت ئەوانەی مەرجی یاساییان تێدایە.

هەر کەسێک لەوانەی داواکاریان پێشکەش کردووە ناوەکەی ڕانەگەیەنرا بۆی هەیە لە ماوەی 2 ڕۆژدا تانە لە بڕیارەکە بدات، دادگەی تەمییزیش لەماوەی دوو ڕۆژ تانەکە یەکلایی دەکاتەوە و سەرۆکی هەرێم پاش سێ ڕۆژ لەو یەکلایی کردنەوەیە لەناو پەرلەمان هەڵدەبژێتردرێت و بە دەنگی زۆرینەی ڕەها پاڵێوراو دەبێتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان. بابکەیی لەدرێژەی قسەکانیدا بۆ ئاژانسی ئانادۆلۆ ئەوەشی ڕوونکردەوە بەپێی ڕێوشوێنەکان بێت چاوەڕوان دەکرێت هەفتەی ئاینده پەرلەمانی کوردستان سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێرێت.

کۆمپانیای دیکەی بواری بەرهەمهێنانی نەوت ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن



ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری وزە، دەڵێت: ئێستا لەبەر دوو هۆکار بەشێوەیەکی بەرچاو کۆمپانیای نوێی بواری نەوت ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن. یەکەم، هەرێمی کوردستان دەوڵەمەندە بە نەوت و دووەمیش ئارامییەکی تەواو بۆ کۆمپانیاکان هەیە و نرخی نەوت لە بەرزبوونەوەدایە و حکوومەتیش هاوکارییان دەکات، بۆیە کۆمپانیاکان بۆ کارکردن لە بواری نەوتدا هەرێمی کوردستان دەکەنە ئامانج.

ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری وزە، بێوار خنسی، بە ماڵپەڕی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: ئەگەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەو شێوەیەی ئێستا بەردەوام بێت لە پشتگیریکردنی کۆمپانیاکان، لەو بڕوایەدام بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێم زۆر زیاد دەبێت، ئەویش لە ڕێگەی کارکردن لە بلۆکی نوێ و بیری نوێوە، کە دەبێتە هۆی زیادبوونی بەرهەم جا چەند زیاتر گرنگی بە کۆمپانیاکان بدرێت و هاوکاری بکرێن، هێندە بەرهەم زیاتر دەبێت و زۆر لە 500 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا زیاتر دەبێت.

بێوار خنسی گوتیشی: بەهۆی ئەو هێمنی و ئارامییەی کوردستانەوە، ئێستا کارێکی باش بۆ زیادکردنی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێمی کوردستان دەکرێت و بەردەوام بیری نوێ لە بلۆکی نوێ دەکۆڵن و حکوومەتیش هاوکاریی باشیان دەکات و کۆمپانیای نوێ ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن. خنسی باسی لەوەش کرد: بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوتەوە بە شێوەیەکی بەرچاو کۆمپانیاکان ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن، چونکە دەزانن هەرێمی کوردستان شوێنێکی ئارامە بۆ کارکردن و دەوڵەمەندیشە بە نەوت، دەشزانن قازانجێکی زۆر لە هەرێمی کوردستان دەکەن، بۆیە ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن.

ڕەوشی کەرکووک و ناوچە داگیرکراوەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان خراپتر دەبێت

شاخەوان عەبدوڵڵا: بە حکوومەتی عێراقمان گوتووە بەعسییەکان لە کەرکووک فیتنە دەگێڕن



تا دێت ڕەوشی کەرکووک و ناوچە داگیرکراوەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان خراپتر دەبێت. ئەندامێکی لیژنەی ئاساییکردنەوەی پارێزگای کەرکووک دەڵێت، لە کۆبوونەوەکانیاندا بە حکوومەتی عێراقیان گوتووە، نابێ ئەو ڕەوشە داسەپاوە بەسەر شارەکەدا بەردەوام بێت. لەڕووی ئەمنییەوە ڕەوشەکە بەرەو خەراپی دەڕوات و بەعسییەکان بە داگیرکردنی زەویی کشتوکاڵیی جووتیارانی کورد خەریکی نانەوەی فیتنەیەکی گەورەن.

شاخەوان عەبدوڵڵا، ئەندامی لیژنەی ئاساییکردنەوەی ڕەوشی کەرکووک، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: لە دووای کۆبوونەوەمان لەگەڵ نوێنەرانی حکوومەتی عێراق لەسەر ڕەوشی کەرکووک، داوامان کردووە پەلە بکرێت لە هەنگاوەکانی ئاساییکردنەوەی ڕەوشی ئەو شارە و نابێ ئەو حوکمڕانییە سەربازییەی هەیە، بەردەوام بێت. شاخەوان عەبدوڵڵا گوتیشی: ئەو دۆخەی لە کەرکووک دەگوزەرێت، دۆخێکی ناتەبیعییە و هاوولاتییانی کورد تەحەمووڵیان نەماوە، تەعدا لە هاوولاتییان دەکرێت، ئەو سیستەمەی شارەکە بەڕێوە دەبات، بۆمامەڵەکردن لەگەڵ هاوڵاتییانی کورد هیچ فەرقێکی لەگەڵ ڕژێمی سەردەمی سەددام حوسێن نییە، بۆیە لە دووانکۆبوونەوەدا تەواوی مەترسییەکانمان لەگەڵ بەرپرسانی باڵای عێراق و ئەو کەسانەدا باس کردووە کە نێوەندگیریمان دەکەن.


لە پاش 16ی ئۆکتۆبەری ساڵی 2017ەوە ڕەوشی ئەمنیی شارەکە بەهۆی زیادبوونی جووڵەی تیرۆریستانی داعشەوە هەمیشە لەبەردەم مەترسیدایە، تەواوی نەتەوە و چینوتوێژەکانی کەرکووک داوایان کردووە، پێشمەرگە بگەڕێتەوە بۆ تەواوی ئەو سەنگەرانەی کە لە ڕابردوودا بەدەستیانەوە بووە بۆ پاراستنی سەروماڵیان.

ئەو ئەندامی لیژنەی ئاساییکردنەوەی شاری کەرکووک گوتی: ڕەوشی ئەمنیی کەرکووک لەبەردەم مەترسی دایە، جووڵەی داعش زیادی کردووە، پێویستی بە گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە هەیە، کورد کە زۆرینەی ئەو شارەیە هیچ هێزێکی سەربازیی لە ناوچەکەدا نییە و لە ڕووی تەوازنی هێزیشەوە هیچ تەوازنێک نییە.

شاخەوان عەبدوڵڵا ئاماژەی بەوەش کرد: هەموو هەوڵمان ئەوەیە لە چەند مانگی ئایندەدا ڕەوشی کەرکووک ئاسایی بکەینەوە لە ڕێگەی گفتوگۆ و هەوڵە سیاسی و دیپلۆماسییەکان، بەڵام ئەگەر ئەو هەوڵانە سەری نەگرت، ئەوە ڕێگای دیکە دەگرینەبەر.

مەسرور بارزانی و شاندێکی باڵای ئەمەریکا کۆبوونەوە

شاندی میوان: ئەمەریکا لە یارمەتیدانی عێراق و هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت



ڕۆژی پێنجشەممە 2019/5/9 مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە دافید ساتەرفیلد هەڵسوورێنەری کارەکانی یاریدەدەری وەزیر و بەرپرسی نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک لە وەزارەتی دەرەوە و شاندی یاوەری کرد.

لە دیدارێکدا، کە جۆی هود هەڵسوورێنەری باڵێوزخانەی ئەمەریکا لە عێراق و جەنەراڵ پۆڵ لاکامیرا فەرماندەی گشتی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق و سووریا و ستیڤن فاگن کونسوڵی گشتی ئەمەریکا لە هەولێر و ژمارەیەک ڕاوێژکار و بەرپرس ئامادەبوون، پەرەسەندنە سیاسی و ئابوورییەکانی ناوچەکە و پەرەپێدانی پەیوەندی و هەماهەنگییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق و ئەمەریکا تاوتوێ کرا.

مەسرور بارزانی، ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، وێڕای تیشکخستنە سەر ڕۆڵی کارای هەرێمی کوردستان لە شەڕی تیرۆرستان و سەقامگیری عێراق و ڕاگرتنی پەیوەندی هاوسەنگ لە ناوچەکە، هاوکات ئاماژەی بە هۆکاری کێشە و ناسەقامگیری ناوچەکە بە گشتی دا و جەختی لە بایەخی دیالۆگ و گفتوگۆی جدی بۆ چارەسەرکردنی کێشە بنەڕەتییەکان کردەوە.

هەر لەو دیدارەدا پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر تاوتوێکرا و ڕوون کرایەوە، کە گفتوگۆکان بۆ کۆی کێشەکان لەنێوان هەردوولا بە ئاڕاستەی دۆزینەوەی چارەسەری دروست بەردەوامن و بەردەوپێشچوونی بەخۆیەوە ببینیوە.

لەلای خۆیەوە بەرپرسی نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک لە وەزارەتی دەرەوە جەختی لەوە کردەوە، کە لێکتێگەیشتن و نزیکبوونەوەی نێوان بەغدا و هەولێر بۆ کێشەو پرسەکان یارمەتیدەر دەبێت لە بەدیهاتنی سەقامگیری و ئاشتەوایی لە عێراق و ناوچەکە و ڕایگەیاند، وڵاتەکەی لە یارمەتیدانی عێراق و هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت.

بەئامادەبوونی نوێنەری سەرۆک بارزانی تەرمی وەکیل موستەفا لەسەر وەسیەتی خۆی لە شاری هەولێر بەخاک سپێردرا ..



ڕۆژی هەینی 2019/5/10 بەئامادەبوونی عەلی حسێن بەرپرسی پەیوەندییەکانی کوردستانی عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بەنوێنەرایەتی سەرۆک بارزانی. ئامادەبوونی نوێنەری نووسینگەی جێگری سەرۆکی پارتی و ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی و پارێزگاری هەولێر و سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمان و لایەنە سیاسییەکان و بنەماڵەو هاوڕێ و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو، لەڕێوڕسمێکی شایستەدا تەرمی وەکیل موستەفا سەرۆکی کوردستانی سۆر دوای کۆچی دوایی لەسەر وەسیەتی خۆی گەیەنرایە هەرێمی کوردستان و لەشاری هەولێر بە خاک دەسپێردرا.

لەو ڕێورەسمەشدا چەند وتارێک لەلایەن عەلی حوسێن نوێنەری سەرۆک بارزانی و دیار مزوری نوێنەری نووسینگەی جێگری سەرۆکی پارتی و ئومێد خۆشناو سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان و نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر پێشکەش کران کە گوزارشتیان لە ڕۆل و پێگەو کەسایەتی و نیشتمانپەروەری و دڵسۆزی وەکیلی موستەفایۆف بۆ کورد و کوردستان و ڕێبازی پیرۆزی بارزانیی نەمر دەکرد خستەڕوو ..

ئەوەی جێگای باسە ڕۆژی هەینی 2019/5/10 تەرمی وەکیل موستەفا سەرۆکی کۆماری کوردستانی سۆر لە سەر ڕاسپاردەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان گەیێندرایەوە هەرێمی کوردستان.

ژیانی وەکیلی موستەفا

وەکیلی موستەفا بە سەرۆک و دامەزرینەری کوردستانی سۆر داهەنرێت، لە ساڵی 1938 لە ئۆزباکستان لە دایکبووە، لە تەمەنی 81 ساڵی دا کۆچی دوای کرد، و بە کەسایەتیەکی سەربەخۆخوازی کوردستان و نیشتیمانپەروەر دەناسرا.

خوالێخۆشبوو بڕوانامەی (ماف)ی لە زانکۆی قیرغیزستان بەدەستهێناوە، هەروەها سەرۆکی شارەوانی شاری (ئوش)ی قیرغزستان بووە. لە ساڵی 1991 کوردستانی سۆری دامەزراندووە، و دوای هەڵوەشاندنەوەیان بەرەو ئیتاڵیا کۆچی کردووە و لەوێ نیشتەجێ بووە، هەموو ژیانی خۆی تەرخان کردبوو بۆ کوردستان، بە دەیان نووسینی لەسەر هەمان مەبەست هەیە، و کتێبێکیشی بە ناوی(کوردستانی قەفقاز) نووسیوە.

ناوبراو لە 2019/4/19 کۆچی دوایی کردووە.

کوردستانی سۆر

کوردستانی سۆر ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی بوو لە ساڵی 1923-1929 دامەزرا، زمانی سەرەکی کۆمارەکە کوردی کورمانجی بوو، پایتەختەکەش (لاچین) بوو. بە گوێرەی نەخشەی ئێستا دەکەوێتە نێوان ئازەربێجان و ئەرمەنستان و تا ئەم ساتەش کێشەیەکی زۆر لەسەر ئەو ناوچەیە هەیە، لە ساڵانی 1980 بۆ 1990 شەڕێکی گەورە لە نێوان ئەم ناوچەیەدا دروستبوو و هەردوو ولاتیش خۆیان بە خاوەنی ئەم ناوچەیە دەزانن، بە گوێرەی سەرژمێرییەکان دانیشتوانی کوردستانی سۆر 51200 کەس و ڕێژەی دانیشتوانی کورد زیاتر لە 70% و ئەوانی تریش ئازەری بوون.

لیوا سالار: لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆک بارزانی هێزی پێشمەرگە دەبێتە هێزێکی یەکگرتووی نیشتیمانی

هاوپەیمانان بەردەوام هاوکاریی هێزی پێشمەرگە دەکەن



سەرۆکی دەستەی ڕاوێژکارانی وەزارەتی پێشمەرگە ڕایدەگەیەنێت، کاری بەردەوام بۆ یەکخستنی هێزی پێشمەرگە دەکرێت و سەرۆک بارزانییش یەکەم کەس بووە ئەو داواکاری و پێشنیازەی کردووە، ئێستاش مکوڕە لەسەر ئەوەی هێزی پێشمەرگە هەمووی یەک بگرێتەوە و ببێتە هێزێکی نیشتمانی.

لیوا سالار جەباری، لە لێدوانێکدا بە مالپەڕی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە، هاوپەیمانان بەردەوام هاوکاریی هێزی پێشمەرگە دەکەن لە مەشق و ڕاهێنان و دابینکردنی پێداویستیی سەربازی، هەروەها لە چاکسازییەکانیشدا هەموو هاوکارییەک پێشکەش دەکەن و پڕۆسەی چاکسازییش بەردەوامە و بەشێکی خالەکانیشی جێبەجێکراون. جەباری گوتیشی، بە فەرمانی سەرۆک بارزانی، کارکردن بۆ یەکخستنی هێزی 70 و 80 بەردەوامی هەیە و سەرۆک بارزانی مکوڕە لەسەر ئەوەی ئەو هێزانە یەک بگرنەوە، چونکە بیرۆکەی یەکگرتنەوەی ئەو هێزانە هی سەرۆک بارزانی بووە و یەکەم کەسیش بووە ئەو داوایەی کردووە. سەرۆکی دەستەی ڕاوێژکارانی وەزارەتی پێشمەرگە، هەروەها باسی لەوەشکرد، کاری بەردەوام بۆ یەکخستنی هێزی پێشمەرگە دەکرێت و لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆک بارزانی هێزی پێشمەرگە دەبێتە هێزێکی یەکگرتووی نیشتیمانی.

گەڕەکێکی وێرانبوونی کۆبانێ دەکرێتە مۆزەخانە



K24/گەڕەکێکی شاری کۆبانێ لە ڕۆژئاوای کوردستان کە بەهۆی شەڕی داعشەوە بە تەواوی وێران بووە، دوای تەواوبوونی شەڕەکە بڕیاردراوە ئەو گەڕەکە بکرێتە موزەخانە. بەشێک لە دانیشتوانی گەڕەکەکەی باس لە چەندین یادگاری تاڵ و شیرین دەکەن کە لە گەڕەکەکە هەیانە و شەڕڤانانیش باسی ڕۆژە سەختەکانی شەڕ و بەرگری دەکەن، ئەوەش دەخەنەڕوو کە ژمارەیەک لە هەڤاڵانیان لە شەڕی داعش لەو گەڕەکە شەهید بوونە.

مۆردەم کۆبانێ، شەڕڤانی یەپەگەیە ڕایگەیاندووە: ئەو گەڕەکەی کۆبانێ دەکرێتە مۆزەخانە، بۆ ئەوەی هەموو جیهان ببینێ کە لێرە چۆن شەڕی تیرۆر کراوە، چەندین ڕۆڵەی کورد گیانی خۆیان کردە قوربانی و هەر چوار پارچەی کوردستانیش بەشداری لە شەڕی کۆبانێ کردووە. گەڕەکی مۆزەخانە یان گەڕەکی "شەهید سەرحەد" لە کۆبانێ، پێش شەڕی داعش بە گەڕەکی کۆرتێ ناسرابوو، ئێستا هەر کۆڵانێکی گەڕەکەکە ناوی شەهیدێکی لێنراوە.

جێی باسە لە ساڵی 2014 زۆربەی شاری کۆبانێ لەلایەن چەکدارانی داعشەوە داگیرکرا و لە 26ی کانوونی دووەمی ساڵی 2015 هێزەکانی یەپەگە و پیشمەرگەی کوردستان، بە هاوکاری هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی شارەکەیان لەدەست ئەو ڕێکخراوە ڕزگارکرد.

سوپای عێراق 50 گوندی گوندەوارەکانی مووسڵ پڕچەک دەکات

سوپای عێراق لە ئەگەری هەرچەشنە هێرشێکی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعشدا، 50 گوندی گوندەوارەکانی مووسڵ پڕچەک دەکات. لە ڕاگەیەنراوێکدا کە لەلایەن فەرماندەی ئۆپەڕاسیۆنە هاوبەشەکانی مووسڵ، لیوا ڕوکن نەجم جبووریەوە بڵاوکراوەتەوە، هاتووە: لەدوای کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی خێڵەکانی ناوچەکە، بڕیاردرا بە چەکدارکردنی دانیشتوانی 50 گوندی دەوروبەری مووسڵ. نەجم جبووری باسی لەوەش کردووە بڕیارەکە لەپێناو ئەوەدا دراوە تاوەکو دانیشتوانی گوندەکان بتوانن لەبەرامبەر هێرشە تیرۆریستییەکاندا پارێزگاریی لە خۆیان بکەن. هێزە عێراقییەکان لە مانگی تەموزی 2017دا شاری مووسڵیان لەژێر دەستی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش دەرهێنا کە ماوەی سێ ساڵ بوو بەدەست ڕێکخراوەکەوە بوو. سەرەڕای ئەوەی کە مووسڵ کۆنترۆڵکراوەتەوە بەڵام تیرۆریستان بەتایبەت لە گوندەوارەکانی مووسڵ، پەلاماری هاوولاتییانی سڤیل و هێزە ئەمنییەکان دەدەن.

بە بڕیاری پارێزگاری سەپێنراوی کەرکووک دوو بەرپرسی دیکەی کورد دوورخرانەوە

بە بڕیارێکی پارێزگاری سەپێنراوی کەرکووک، دوو بەرپرسی دیکەی کورد لە پۆستەکانیان دوور خرانەوە و عەرەب لە شوێنەکانیان دانرا، بڕیارێشە 20ئەفسەری پۆلیسی کورد بگوازرێنەوە بۆ دەرەوەی پارێزگای کەرکووک. بەگوێرەی باسنیوز، ڕاکان جبووری، پارێزگاری سەپێندراوی کەرکووک، نووسراوێکی کردووەو تێیدا هاتووە: بۆ بەرژەوەندیی گشتی و لەسەر یاداشتنامەی کوتلەی عەرەبی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک، بڕیاردرا کە کاوە قەمبەر عەزیز "کورد"ە بەڕێوەبەری بەشی "موارد البشریە" یە لەنێو پارێزگای کەرکووک، لە پۆستەکەی دووربخرێتەوە و لە شوێنی ئەودا سامی حوسێن، کە "عەرەب"ە دابنرێت. هەروەها لە هەمان نووسراودا هاتووە، عومەر مستەفا، بەڕێوەبەری کاروباری هاوولاتییان لە پارێزگای کەرکووک کە "کورد"ە لابرێت و لە شوێنیدا قەیس حەمموود دابنرێت. بەپێی زانیارییەکانی باسیش، لە 16ی ئۆکتۆبەرەوە تاوەکوو ئێستا زیاتر لە 200 بەڕێوەبەری گشتی و بەڕێوەبەری بەش و بەرپرسانی سەربازیی کورد لە پۆستەکانیان لە سنووری پارێزگای کەرکووک لابراون و عەرەب بەشێکی تورکمانی شیعەش لە شوێنەکانیان دانراون. هاوکات، بەپێی هەواڵێکی پێگەی (کەرکووک دەیلی نیوز) هاتووە کە بڕیارێکی وەزارەتی ناوخۆی عێراق، زیاتر لە 20 ئەفسەری پۆلیسی کوردی شاری کەرکووک، فەرمانی کارگێڕیی گواستنەوەیان لە بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی کەرکووک بۆ هەواڵگریی گشتی بۆ دەرچووە، بێ ئەوەی ئاماژە بە چ بەڕێوەبەرایەتییەک بکەن و ڕاستەوخۆ ئەو بڕیارە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە دەرکراوە بە گواستنەوەی ئەو ئەفسەرە کوردانە بۆ دەرەوەی شاری کەرکووک، بەمەش ڕێژەی ئەفسەرانی کورد لەناو پۆلیسی کەرکووک کەم دەکاتەوە و بەشێکی زۆری ئەو ئەفسەرانە بەڕێوەبەری بەشن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پۆلیسی کەرکووک.

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن
26 ساڵەی دامەزراندنی بنکەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لالش پیرۆز دەکات

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بڕووسکەیەکی پیرۆزبایی بەبۆنەی (26) ساڵیادی دامەزراندنی بنکەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لالش ڕاگەیاند کە تێمە دەقەکەیەتی:

بۆ بەڕێز شێخ شامۆ سەرۆکی بنکەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لالش

بەبۆنەی 26ـەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی بنکەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لالش، پیرۆزباییەکی گەرم و برایانە لە ئێوەو دەستەی باڵا و سەرجەم ئەندامانتان دەکەین و، بەهیوای بەردەوام بوون لە کار و چالاکییەکانتان و دەخوازین بۆ ساڵی داهاتوو زیاتر بڕەو بە کار و بەرنامەتان بدەن بۆ خزمەتکردنی کولتووری و ڕۆشنبیری ڕەسەن، هەروەها هەنگاوی زیاتر بنێن بۆ پتەوکردن و بڵاوکردنەوەی گیانی برایەتی و لێبووردەیی و ئاشتەوایی لە نێوان پێکهاتە جیاجیاکانی کۆمەڵگەی کوردستانیی.

بنکەی لالش کە بەر لە 26ساڵ لەسەر دەستی دەستەبژێر و ڕۆشنبیرانی ئێزدی دامەزرا، دەسکەوتێکی دیکەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمانە، ئەو هەنگاوەش دەرفەتێکی مێژوویی ڕەخساند بۆ گەشانەوە و ناساندن و بەرزڕاگرتنی شوناسی ئێزدیاتی لەو دەڤەرەدا.

بەو بۆنەیەوە جارێکی دیکە پاڵپشتی تەواو و بەردەوامی پارتیمان، پارتی دیموکراتی کوردستان دووپات دەکەینەوە بۆ پاراستنی کولتووری ڕەسەنی ئێزدیاتی و پێکەوەژیان و ساڕێژکردنی ئێش و ئازار و برینەکان و بنبڕکردنی پاشماوەی نەهامەتی و دەردەسەرییەکان، هەروەها دابینکردنی ئارامیی و سەقامگیریی و بەردەوان بە پێشکەوتنی واقیعی ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی و پەرەپێدان و ئاوەدانکردنەوەی زێدی ئێزیدیان.

جارێکی دیکە پیرۆز بێت ساڵیادی دامەزراندنی بنکەی ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی لالش و هەر سەرکەووتوبن..

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان
12/5/2019

بەڕێوەبەری نیویۆرک تایمز لە بەغدا: حەشدی شەعبی بەسەر 30 گرووپدا دابەش بوون و ژمارەیان نزیکەی 125 هەزار چەکدار دەبێت

بەشێک لە حەشدی شەعبی بەبێ ڕەزامەندی حکوومەتی عێراق چوونەتە سەر سنووری سووریا

خەبات- مەریوان نەقشبەندی

خاتوو ئەلیسا روبین بەڕێوەبەری نووسینگەی بەغدای ڕۆژنامەی بەناوبانگی ئەمەریکا (نیویۆرک تایمز) لەبابەتێکدا کە لە ڕۆژنامەکەی بڵاوی کردووەتەوە، دەڵێت: حەشدی شەعبی بەسەر 30 گرووپدا دابەش بوونە و ژمارەیان نزیکەی 125 هەزار چەکدار دەبێت، لەسەر زاری حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراقیشەوە نووسیوێتی: حەشدی شەعبی لە تێکەڵەیەک میلیشیا و چەکداری مافیا پێکهاتووە و لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە مۆرکی یاسایی پێدراوە و ژمارەیەکی باش پەرلەمانتاریشیان لەناو ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا هەیە و زۆر زەحمەتە کۆنترۆڵکردنیان.

بەڕێوەبەری نووسینگەی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز لە بەغدا هەروەها دەڵێت: گرووپەکانی حەشدی شەعبی هەندێکیان ڕۆڵی پۆلیس و ئاسایش دەبینن لە چەند ناوچەیەکی عێراقدا کە پۆلیس و سوپای عێراق توانای پاراستنی نەبووە، بەڵام بەشێکی زۆری ئەم چەکدار و گرووپانەی حەشدی شەعبی ئامادە نین لە چوارچێوەی یاسا کار بکەن و بەشی هەرەزۆریان لە دەرەوەی دەسەڵاتی وەزارەتەکانی بەرگری و ناوخۆ دەجوڵێنەوە و گەورە بەرپرسانی سەربازی و ئەمنی عێراقیش نایانەوێت بەڕاشکاوی ئەم ڕاستییە بڵێن، بۆ نموونە بەشێک لە گرووپەکانی حەشدی شەعبی بەبێ ڕەزامەندی حکوومەتی عێراق چوونەتە سەر سنووری سووریا و تەنانەت بەشێکیشیان داخلی سووریا بوون، ئەمەش بەرپرسانی سەربازی و حکومی عێراقی تووڕە کرد، بەڵام ئامادەنەبوون یان نەیانتوانی هیچ کاردانەوەیەکیان بەرانبەر ئەم جۆلە سەربازییە هەبێت.



ئەلیسا روبین لەبارەی هەڵوێستی موقتەدا سەدر نووسیوێتی: ئەگەرچی لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقدا موقتەدا سەدر وا پیشان دەدات کە لەگەڵ ئێران نییە و نایەوێت ئێران دەست لە کاروباری عێراق وەربدات، بەڵام لە ڕاستیدا ئەگەر شەڕێک لە نێوان ئەمەریکا و ئێران دروست بێت، موقتەدا سەدر لایەنگری ئێران دەبێت.

لەلایەکی تریشەوە ئەنتۆنی کوردسمان شرۆڤەکاری ئاسایشی نەتەوەیی لە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی نێودەوڵەتی لەسەر ڕۆڵی حەشدی شەعبی دەڵێت: گرووپەکانی حەشدی شەعبی کە ژمارەیان نزیکەی 125 هەزار چەکداری فیعلین و لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە پەیوەندی پێوە بکەن بۆ گەیشتن بە هەر جۆرە ڕێککەوتنێک و دەشڵێت دەکرێ ئەمەش وەک بەڵگەیەک لێی بڕواندرێت کە ئەمەریکا ناخوازێت بچێتە شەڕێکی سەرتاسەری لەگەڵ ئێراندا. دکتۆر عەمار دەشڵێت: پێویستە ئێرانییەکان باشترین بژاردە بۆ خۆیان هەڵبژێرن و ئەویش گەڕانەوەیە بۆ سەر مێزی دانوستاندن و دەشڵێت ئێرانییەکان لەم چەند ساڵەی ڕابردووەوە چەندە درێت ئێستا وەک دەوڵەتێک لەناو دەوڵەتێکدا مامەڵە دەکەن و لە کۆنترۆڵدا نین و لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکرێن و مەشق وەردەگرن و ڕاستەوخۆش سەر بە فەیلەقی قودس و سوپای پاسدارانی ئێرانن.

نووسەری بابەتەکەی نیویۆرک تایمز هەروەها دەڵێت: لانیکەم دوو گرووپی ناو حەشدی شەعبی ڕاستەوخۆ شەڕیان کردووە لەگەڵ هێزەکانی ئەمەریکا بەهاندانی ئێران و ئێستا زۆربەی بەرپرسانی عێراقی کە نایانەوێت وڵاتەکەیان لەژێر هەژموونی ئێران بێت، مەترسی دەستوەردان و کاریگەریی ئێران لەسەر حەشدی شەعبی هەیە.

د. عەممار عەلی: پێویستە ئێرانییەکان بژاردەی گەڕانەوە بۆ سەر مێزی دانوستاندن هەڵبژێرن

جموجۆڵە سەربازییەکانی ئەمەریکا ڕەنگە سەرەتای شەڕێکی ڕاستەقینە بێت

دکتۆر عەمار عەلی حەسەن، نووسەری ناوداری سیاسی لە قاهیرە سەبارەت بە گوشارەکانی ئەمەریکا و هێنانی کەشتی گەلە سەربازییەکەی ئەمەریکا، دەڵێت: پێدەچێت ئەو جموجۆڵە سەربازییە سەرەتایەک بێت بۆ شەڕێکی ڕاستەقینە و لە هەمان کاتیشدا دەشێت وەک گوشارێکی تری گەورەش بێت بۆ سەر ڕژێمی ئێران تا ناچار بکرێت لەبەردانەواندن بکات و ئەوجا دوور بکەوینەوە لە سیناریۆکانی شەڕ. سەبارەت بەو جموجۆڵە سەربازییە، بەگوێرەی دەنگی ئەمەریکا، دکتۆر عەمار دەڵێت: لەوانەیە ڕەوشەکە بگەیەننە لێوارەکانی شەڕ، ئەوجا دەست دەکرێت بە هەوڵەکان بۆ دۆزینەوەی چارەسەر، بەو بەڵگەیەی کە سەرۆک تەرەمپ داوا لە سەرکردەکانی ئێران دەکات تا پەیوەندی پێوە بکەن بۆ گەیشتن بە هەر جۆرە ڕێککەوتنێک و دەشڵێت دەکرێ ئەمەش وەک بەڵگەیەک لێی بڕواندرێت کە ئەمەریکا ناخوازێت بچێتە شەڕێکی سەرتاسەری لەگەڵ ئێراندا. دکتۆر عەمار دەشڵێت: پێویستە ئێرانییەکان باشترین بژاردە بۆ خۆیان هەڵبژێرن و ئەویش گەڕانەوەیە بۆ سەر مێزی دانوستاندن و دەشڵێت ئێرانییەکان لەم چەند ساڵەی ڕابردووەوە چەندە درێت ئێستا وەک دەوڵەتێک لەناو دەوڵەتێکدا مامەڵە دەکەن و لە کۆنترۆڵدا نین و لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکرێن و مەشق وەردەگرن و ڕاستەوخۆش سەر بە فەیلەقی قودس و سوپای پاسدارانی ئێرانن.

نووسەری بابەتەکەی نیویۆرک تایمز هەروەها دەڵێت: لانیکەم دوو گرووپی ناو حەشدی شەعبی ڕاستەوخۆ شەڕیان کردووە لەگەڵ هێزەکانی ئەمەریکا بەهاندانی ئێران و ئێستا زۆربەی بەرپرسانی عێراقی کە نایانەوێت وڵاتەکەیان لەژێر هەژموونی ئێران بێت، مەترسی دەستوەردان و کاریگەریی ئێران لەسەر حەشدی شەعبی هەیە.



ئەمەریکا چەکی زیاتر ڕەوانەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەکات

وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا (پێنتاگۆن) ئاشکرایکرد لەدوای هەڵکشانی ئاستی گرژییەکان لەگەڵ ئێران، کەشتیی جەنگیی خشۆک و مووشەکهەڵگرێکی بەرگریی ئاسمانیی پاتریۆتی ڕەوانەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کردووە. لە ڕاگەیەندراوێکدا کە لەلایەن پێنتاگۆنەوە بڵاوکراوەتەوە، هاتووە "بریکاری وەزیری بەرگریی (پاتریک شاناهان) وەک بەشێک لەو هێزە سەربازییە زیادەیەی کە فەرماندەیی هێزە ناوەندییەکان ئەمەریکا لە ناوەڕاستی ئەم هەفتەیەدا داوایکردبوو، ڕەوانەکردنی کەشتی "USS Arlington" و 24LPD و مووشەکهەڵگرێکی بەرگریی ئاسمانیی پاتریۆتی بۆ ناوچەی ئەرکی فەرماندەییەکە، پەسەندکردووە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوە دراوە کە بەهۆی دەنگۆی ئەوەی ئێران پلان بۆ ئەوە دادەنێ هێرش بکاتە سەر ژمارەیەک لە ئامانجەکانی ئەمەریکا، سەرەتای هەفتە ئەم گرووپەیان بۆ ناوچەکە ڕەوانەکردووە، گرووپی هێرشبەری کەشتی جەنگی ئەبراهام لینکۆڵن بەشداری لە هێزی ئەرکی بۆردومان دەکات و تیایدا هاتووە: وەزارەتی بەرگری لە نزیکەوە چالاکییەکانی سوپا و پشتیوانانی و ڕژێمی ئێران دەکات. جێی باسە ئەمەریکا سەرەتای هەفتە بۆ بەڕێەڕچدانەوەی هەڕچەشنە هەڕەشەیەکی ئێران، کەشتی جەنگی USS" ئەبراهام لینکۆڵن کە لە چوار فڕۆکەی بۆردومانی جۆری kapasiteli B-52 پێکهاتبوو کە توانای هەڵگرتنی کلاوەکی ئەتۆمیان هەیە ڕەوانەی کەنداو کرد.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان...

کۆڵبەرێکی خەڵکی پیرانشار بە تەقەی هێزەکانی ئێران گیانی لەدەست دا



لە سنوورەکانی پیرانشاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆڵبەرێکی کورد لەلایەن هێزە چەکدارەکانی ئێران درایە بەر دەستڕێژی گوللە و گیانی لەدەست دا. بەپێی هەواڵێکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، ڕۆژی هەینی هێزە چەکدارەکانی ئێران لە سنوورەکانی پیرانشار تەقەیان لە کۆڵبەرێک کردووە و کوشتوویانە. کۆڵبەرەکە دوای ئەوەی کە تەقەی لێکراوە ،بە مەبەستی چارەسەری گواستراوەتەوە بۆ نەخۆشخانەی ناوەندیی پیرانشار، بەڵام بە هۆی سەختی برینەکانی گیانی لە دەست داوە.

بەهای تومەنی ئێرانی لە بەرانبەر دۆلاری ئەمەریکی بەردەوامە لە دابەزین

لە ماوەی یەک هەفتەدا نرخی یەک دۆلاری ئەمەریکی 750 تومەنی هاتووە سەر

ڕۆژ دوای ڕۆژ دراوی ئێرانی بەهاکەی خۆی لەدەستدەدات بەهۆی توندکردنی سزاکانی ئەمەریکا بەسەر ئەو وڵاتەدا لە پاش کشانەوەی واشنتۆن لە ڕێککەوتنە ناوکییەکەی ساڵی 2015 بەگوێرەی دەنگی ئەمەریکا ، ڕۆژی هەینی لە بازاڕەکانی دراو لە ئێران، نرخی یەک دۆلاری ئەمەریکی 15 هەزار و 350 تومەن بووە، بە 14 هەزار و 600 تومەن بووە، واتە لە ماوەی یەک هەفتەدا نرخی یەک دۆلاری ئەمەریکی 750 تومەنی دیکەی هاتووە سەر و ئەمەش مانای لە دەستدانی بەهای تومەنە لە بەرانبەر دۆلاری ئەمەریکی.

لەمبارەیەوە شارەزایان پێیانوایە بەهای دراوی ئێرانی لە دوای ئەوەی تاران ڕایگەیاند کە ئامادە نییە چیتر پابەندی هەندێک لە خاڵەکانی ڕێککەوتنە ناوکییەکە بێت بەهاکەی بەرەو دابەزین دەچێت. جگە لەوەش ئەمەریکا سزای نوێی سەپاندووەتە سەر کەرتی پیشەسازی کانزایی ئێران.

مانگی ڕابردووش بەڕێوەبەرایەتی سەرۆک تەرەمپ ڕایگەیاند: لە سەرەتای مانگی پێنجەوە چیتر لەو ولاتانە خۆش نابێت کە نەوتی ئێران هاوردە دەکەن، ئەمەش بە ئامانجی ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی ئێران دێت کە سەرچاوەی سەرەکی داهاتی وڵاتەکەیە. لەلایەکی دیکەوە ئەمەریکا هێزی سەربازی زیاتری بۆ ناوچەکە ڕەوانەکردووە لە پاش ئەو ڕاپۆرتانەی باس لە بوونی هەڕەشەی ئێرانی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکە دەکەن، کاربەدەستانی واشنتۆن و تاران بە توندی قسە لە دژی یەکتری دەکەن.



عادل عەبدولمەهدی خەڵات و دیارییەکانی دەبەخشێتە وەزارەتی ڕۆشنبیری



سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق عادل عەبدولمەهدی ئەو خەڵات و دیارییانەی لە بەرپرسانی بیانییەوە وەریاندەگرێت دەیاندات بە وەزارەتی ڕۆشنبیری و ئەوەشی بە"مووڵکی دەوڵەتی عێراق" داناوە کە چۆن دەوڵەت بیەوێت مامەڵەیان پێوەدەکات. عادل عەبدولمەهدی 100 دیاری کە لە بەرپرسانی بیانییەوە وەریگرتوون دەداتە وەزارەتی ڕۆشنبیری عێراق. سەرۆکوەزیرانی عێراق عادل عەبدولمەهدی بڕیاری دا سەرجەم ئەو دیارییانەی لە بەرپرسانی بیانی وەریاندەگرێت بیانبەخشێت بە وەزارەتی ڕۆشنبیری و وەکو مووڵکی گشتی مامەڵەیان پێوەبکرێت، وەزیری ڕۆشنبیری عێراقیش دکتۆر عەبدولئەمیر حەمدانی بە فەرمی لەم بڕیارەی عەبدولمەهدی ئاگادارکراوەتەوە و بەدیاریکراویش لە دانیشتنی ئەنجوومەنی وەزیران لە 7ی ئایاری ئەمساڵ.

هۆکارەکەی بۆ ئارامیی و سەقامگیریی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ پەرلەمانی ئەوروپا رەوەندی پۆڵەندی لە کوردستان دەنگ دەدەن نەوەک لە بەغدا

پۆڵەندییەکانی نیشتەجێی کوردستان و عێراق لە هەولێر یادی دوو بۆنەی وڵاتەکەیان کردەوە





ئێوارەی ڕۆژی 2019/5/9 بالْیۆزخانەی پۆڵەندا لە عێراق و بەهەماهەنگی لەگەڵ کونسوڵخانەی پۆڵەندا لە هەرێمی کوردستان یادی دوو بۆنەی نیشتمانی وڵاتەکەیان لە هەولێری پایتەخت کردەوە، کە بریتی بوو لە ڕۆژی نەتەوەیی ئاڵا و ڕۆژی ئەو پۆڵەندییانەی لەدەرەوەی وڵاتەکەیان دەژین. لەسەر بانگهێشتی خاتوو بیاتا پیکسا بالْیۆزی کۆماری پۆڵۆنیا لە عێراق و دۆمنیک مۆشیال کونسوڵی کۆماری پۆڵۆنیا لە هەرێمی کوردستان، مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕەوەندی پۆڵەندی لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەو ئەکادیمیە کوردانەی لەرابردوودا خوێندنی باڵایان لە پۆڵەندا تەواو کردبوو ئامادەی ئەو ڕێورسمە کرابوو.

بەدواداچوون: هاوار مورتکەیی

ڕۆژی نەتەوەیی ئاڵای پۆڵەندا

هۆشیار سیوەیلی بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەمیر جرجیس بەرپرسی دیسکی ئەوروپای مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە ئامادەی ڕێورەسمی تایبەتی کۆنسوڵخانەی کۆماری پۆڵۆنیا بوون، کە لە نێو بالْەخانەی کۆنسوڵخانەکەیان لە شاری هەولێر بە بۆنەی ڕۆژی نەتەوەیی ئاڵای پۆڵۆنیا و ڕۆژی پۆڵۆنییەکانی دیاسپۆرا ڕێک خرابوو.

لە ڕێورەسمەکەدا هەریەک لە بالْیۆز و کونسوڵی کۆماری پۆڵۆنیا وتەیەکیان لەبەردەم میوانانی ئامادەبوو وتەیەکیان پێشکەش کرد و خۆشحالّی خۆیان بە ئامادەبوونی پۆڵۆنییەکان و دۆستانی کوردی دەربڕی لەم بۆنە نەتەوەییەیاندا، لە وتەکانیاندا گوتیان: شادمانن کە پەیوەندییەکانی نێوان کۆماری پۆڵۆنیا و هەرێمی کوردستان و هەردوو گەلی پۆڵۆنی و کورد بەردەو پێشەوەچوونێکی باشی بەخۆیەوە بینیوە و هیوای گەشەسەندن و بەردەوامییان بۆ پەیوەندییەکانی نێوانیان خواست.

ئالوگۆڕی کلتور و ڕەسەنایەتی

هەریەک لە بالْیۆز خاتوو بیاتا پیکسا و کونسوڵ تایبەتی کاتێک گەل و کۆماری پۆڵۆنیا بە دڕێژایی ١٢٣ سالْ ژێردەستە و داگیر کرابوو و بە بۆنەی کۆتایی هاتنی جەنگی مالْوێرانکەری جیهانی یەکەم و دووەم، بۆیە هەروەک لە پۆڵەندا هەروا پۆڵۆنییەکانی سەرتاسەری جیهان لە دیاسپۆرا و لە دۆمینیک موشیاو لە دڕێژەی وتەکانیاندا ڕایانگەیاند، کە گەل و کۆماری پۆڵۆنیا لە میژووی کۆن و هاوچەرخی خۆیان خاوەنی دیان ڕووداو و بۆنەی خۆش و ناخۆشن، بۆیە لە کات و ساتی خۆیدا هەندێک لەو یادەوەرییە میژوویانە زیندوو دەکەینەوە کە گەلەکەمان شانازییان پێوە دەکات، گەلی پۆڵۆنیا ساتە وەختی زۆر میژوویی و یادەوەری ناخۆشیان بینیوە بە نێویانیش لە هەرێمی کوردستان یادی (١٠٠)ەمین سالْی سەربەخۆیی کۆماری پۆڵۆنیامان لە هەولێری پایتەخت زیندوو کردەوە، هەروا ئێمە بە گرنگییەوە دەڕوانینە یادی (٢٠)ەمین سالْی بوونی ئەندام لە ناتۆ و (١٥) سالْەی پەیوەستبوونی بە یەکێتی ئەورووپا و لە دوو سالْی ڕابردووشدا بوونی کۆماری پۆڵۆنیا بە ئەندامی ناهەمیشەیی لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ماوەی دوو ساڵ و چەندین بۆنە و ڕووداوی میژوویترن، کە بە شێوازی جیاجیا گەل و کۆماری پۆڵۆنیا ئەم یادانە زیندوو دەکاتەوە.



بالْیۆزی پۆڵەندا لە عێراق:
خۆشحالّین کە لە هەرێمی کوردستان سالْانە بەشێک لەم ڕێورەسمانە بە ئامادەبوونی ڕەوەندی پۆڵۆنی و دۆستانمان لە کوردستان زیندوو دەکەینەوە



هەروەها بیاتا پیکسا و کونسوڵ دۆمینیک موشیا گوتیان: پێخۆشحالّین کە لە هەرێمی کوردستان سالْانە بەشێک لەو ڕێورەسمانە بە ئامادەبوونی ڕەوەندی پۆڵۆنی و دۆستانمان لە کوردستان زیندوو دەکەینەوە، هیوادارین لە دەرفەتیتر بتوانین زیاتر گەل و کۆمەڵگا و میژوو و کلتوور و ڕەسەنایەتی پۆڵۆنیا بە کوردستان و گەلی کورد بناسێنین.

پەیوەندییەکانی کورد و پۆڵەندا

لەسەر ئاستی میدیاکانی کوردستان ڕۆژنامەی خەبات وەک تاکە میدیای کوردستان داوەت کرابوو، هەروەها وەک دامەزراوەکانی حزبی و حکومی تەنیا مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیمۆکراتی کوردستان بانگهێشت کرابوو کە ئامادەبوونی ڕەوەندی پۆڵۆنی و دۆستانمان لە کوردستان زیندوو دەکەینەوە، هیوادارین لە دەرفەتیتر بتوانین زیاتر گەل و کۆمەڵگا و میژوو و کلتوور و ڕەسەنایەتی پۆڵۆنیا بە کوردستان و گەلی کورد بناسێنین.

پەیوەندییەکانی کورد و پۆڵەندا

لەسەر ئاستی میدیاکانی کوردستان ڕۆژنامەی خەبات وەک تاکە میدیای کوردستان داوەت کرابوو، هەروەها وەک دامەزراوەکانی حزبی و حکومی تەنیا مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیمۆکراتی کوردستان سالْانە بەشێک لەو ڕێورەسمانە بە نوێنەرایەتی پارتی لە فەرمی بانگهێشتی کۆماری پۆڵۆنیا کراوە، بەم بۆنەیەشەوە بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان پیرۆزبایی پارتی دیموکراتی کوردستانمان گەیاندە بالْیۆز و کونسوڵ و جێگرانی کونسوڵ و ستافی کونسوڵخانەی کۆماری پۆڵۆنیا و هیوای پێشکەوتن و بەختەوەریان بۆ گەڵ و کۆماری پۆڵۆنیا و بۆ گەشەپێدانی زیاتری پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری پۆڵۆنیا و هەردوو گەڵی کورد و پۆڵۆنیای دۆست و و بە جیاش لەسەر چەندین بابەتی جێی بایەخی نێوان پۆڵۆنیاو کوردستان گفتوگۆ و ئالوگۆڕی بیرۆڕا کرا.

لە کوردستان دەنگ دەدەن

ئەوەی جێی باسە لە ٢٦ی گوڵانی ٢٠١٩ وڵاتانی ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا دەنگ بۆ پەرلەمانی ئەورووپا دەدەن، هەر بۆیە زۆرێک لە وڵاتانی ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا بڕیاریان داوە لە کۆنسوڵخانەی گشتی و ئۆفیسی دیپلۆماسی وڵاتانیان لە هەرێمی کوردستان، هاوڵاتیانی کە هەڵگری ڕەگەزنامەی وڵاتەکانیانن بتوانن دەنگ بدەن بە کاندیدەکانیان بۆ پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا، بۆ ئەم مەبەستەش بالْیۆزی کۆماری پۆڵەندا ڕایگەیاند، کە ئەوان لە هەرێمی کوردستان دەنگ دەدەن نەوەک لە بەغدا، کە ئەمەش بۆ ئارامیی و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە.

هەموویان چاوەڕوانی دامەزراندن دەکەن

2526 دەرچوو کە سێ یەکەمەکانی زانکۆ و پەیمانگاکانن نیگەرانن لە دواکەوتنی کاتی دامەزراندنیان

بەدواداچوون: عەلی بانیشاری-هەولێر

بەپێی ئامارێک بۆ ساڵی 2015-2016 سێ یەکەمەکانی زانکۆ و پەیمانگا حکوومیەکانی هەرێمی کوردستان کە ژمارەیان 1369 دەرچوە تا ئێستا دانەمەزراون. هەروەها بۆ ساڵی 2016-2017 یش 1157 دەرچوو کە بەهەمان شێوە سێ یەکەمن دانەمەزراون. ئەو دەرچوانەی لەم ڕاپۆرتەدا قسەیان بۆ (خەبات) کردووە باس لەوە دەکەن بەهۆی دانەمەزراندنیانەوە لە ڕووی دەروونیەوە لە دۆخێکی خراپدان و بێکار ماونەتەوە. وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیش دەڵێت" بەنوسراوی فەرمی داوای دامەزراندنی سێ یەمەکەکانی زانکۆ و پەیمانگاکانمان لە ئەنجوومەنی وەزیران کردووە".



بۆکان بەکر، دەرچووی ساڵی 2016-2017ی بەشی بەڕووبوومی کێڵگەییە لە کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سەلاحەدین، ئەو لەسەر ئاستی بەشەکەی یەکەم بووە و دەڵێت" ماوەی دوو ساڵە لە ماڵەوە دانیشتووم و چاوەڕوانم حکوومەت بڕیاری دامەزراندنمان بدات". دەشڵێت" هەوڵێکی زۆرمدا تا پلەی یەکەمم بەدەستهێنا، چاوم لەوە بوو لەکاتی خۆیدا دابەزرێم، چوونکە مافی ڕەوایی خۆمانە، بەڵام بەداخەوە تائێستاش دیارنییە کەی بڕیاری دامەزراندنمان بۆ دەردەچێت". ئەوەشی گوت" بەمەبەستی دامەزراندنی یەکەم و دووەم و سێیەمی زانکۆ و پەیمانگاکان چەند جارێک لە بەردەم وەزارەتی خوێندنی باڵا و ئەنجوومەنی وەزیران خۆپیشاندانمان ئەنجامداوە، بەڵام بێ سوود بووە و ڕێگریمان لێکراوە داواکارییەکانمان بگەیەنینە شوێنی مەبەست ".

بۆکان بەکر ئاماژە بۆ ئەوەشدەکات دواکەوتنی کاتی دامەزراندنیان وایکردووە نەتوانن ماستەر بخوێنن، ئەمە بێ لەوەی بەشێک لەو زانستەی لە زانکۆ خوێندوویانە بیریان چووتەوە. ئەو دەرچووە یەکەمەی کۆلێژی کشتوکاڵ لەبارەی ئەو بەڵێنانەی کە بۆ دامەزراندنیان پێیان دراوە؟ گوتی" لە کۆتایدا خۆپیشاندانداکە 15ی4ی 2019 ئەنجامماندا بەڵێنی ئەوەمان پێدراوە کە یەکەمەکانی 2016 - 2015 و 2017 - 2016 پاش پێکهێنانی کابینەی نوێ دابەزرێن".

بەکر قاسم، دەرچووی ساڵی 2016 - 2015ی بەشی شوێنەواری کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدینە، ئەو لەسەر ئاستی بەشەکەی یەکەم بووە و دەڵێ" دانەمەزراندمان تووشی دۆخێکی خراپی دەروونی کردووین، چونکە لە ماوەی چوار ساڵی زانکۆدا ڕەنج و ماندووبوونێکی زۆرمان داوە و چاوەڕێی ئەوەمان دەکرد هەر هەمان ساڵ دابەزرێین". گوتیشی" چاوەڕوان بووین بەدامەزراندنمان هاوکاری خێزانەکەمان بکەین کە چەندین ساڵ شەو و ڕۆژیان خستووەتە سەر یەک تا ئێمەیان پێگەیاندووە، بەڵام بەداخەوە ئەوە سێ ساڵە بێکار ماوینەتەوە".

بەکر قاسم دەشڵێت" تائێستا چەندین جار بەڵێنی ئەوەمان پێدراوە کە دامان بمەزرێنن، بەڵام هیچکام لەو بەڵێنانە نەبراونەتە سەر". ئەو داواشدەکات لە کابینەی نوێدا یەکەم کار بکە بکرێت دامەزراندنی یەکەم و دووەم و سێیەمەکانی زانکۆ و پەیمانگاکان بێت و دەڵێ" ئومێدی زۆرمان بە کابینەی نوێ هەیە و هیوادارین نا ئومێدمان نەکەن". ناوبراو ئەوەشی گوت" قوتابییە یەکەمەکان دەیانەوێت بە قەڵەمەکانیان خزمەتی گەل و نیشتیمان بکەن و بۆ داهاتوویش نەوەیەکی ڕۆشنبیر پێ بگەیەنن و زانکۆکانی کوردستان بەڕەو پێش ببەن".

سەبارەت بە دامەزراندنی یەکەم و دووەم و سێیەمەکانی زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان؟ د.یوسف گۆران، وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە لێدوانێکی تایبەتدا بە (خەبات)ی گوت" وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بەنووسراوی فەرمی داوای لە ئەنجوومەنی وەزیران کردووە ڕەزامەندی لەسەر دامەزراندنی یەکەم و دووەم و سێیەمەکانی زانکۆ و پەیمانگاکان بدات، بەڵام تائێستا بڕیارێکی لەو شێوەیە نەدراوە".

ئەحمەد کانی خانەوادەی جەبار حاجی و بازاڕی ئیسکان بەسەردەکاتەوە



ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە یاوەری ئاری نانەکەلی کارگێڕی لقی دوو و بەرپرسی لیژنەی ناوچەی هێزی ناوخۆ - نیشتیمان، سەردانی خانەوادەی پێشمەرگەی شۆڕشی گوڵانی پێشکەوتنخواز جەبار حاجی کرد و لەلایەن خێزانی و کوڕەکانی جەبار حاجییەوە پێشوازییان لێکرا.

لەو سەردانەدا بەرپرسی لقی دوو ئاماژەی بە خەبات و تێکۆشانی جەبار حاجی کرد هەر لە شۆڕشی گوڵانەوە تا خزمەتکردن لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بۆ پاراستنی هێمنی و ئارامی وڵات،پێشی وابوو هەموو ئەوانەی ڕۆژانێک خزمەتیان بە گەل و وڵاتەکەی خۆیان کردبێ، هەمیشە بە گەورەیی یادیان دەکرێتەوە.

بۆ ڕێز گرتن لە خەبات و تێکۆشانی جەبار حاجیش،بەرپرسی لقی دوو لۆگۆیەکی ڕێزلێنانی بە خانەوادەکەی بەخشی و ئامادەیی هەموو هاوکاری و پشتیوانیەکی بۆ دووپات کردنەوە.

هەروەها ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە یاوەری کارگێڕانی لق و بەرپرسی لیژنەی ناوچەی قەڵات، سەردانی بازاڕی ئیسکانی کرد و لەگەڵ کاسبکار و دوکاندارانی بازاڕەکە ، دووپاتی کردەوە کە ئیتر شەوانی پایتەخت وەکو ڕۆژانی دیکە هەمیشە پڕ لە جموجۆڵ و قەرەباڵغی دەبێت بەهۆی ئەو ئارامی و سەقامگیریەی کە هەیە.

بەرپرسی لقی دوو، لەگەڵ کاسبکار و دوکاندارانی بازاڕەکە لە ڕەوشی کار و کاسبیانی پرسیەوە و جەختی کردەوە لەوەی دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو ئاسانکارییەک بۆ ئەوانە دەکات کە بژێوی ژیانیان لە بازاڕەکان پەیدا دەکەن،نۆژەنکردنەوەی شەقامی ئیسکانیش بەشێوەیەکی جوانتر و ڕێکخستنی بەشێوەیەکی باشتر،یەکێکە لەو خزمەتگوزاریانەی لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت پێشکەشی کاسبکاران و ئەو هاوواڵتیانەشی کردووە کە دێنە نێو بازاڕەکە.

لە کۆتایی سەردانەکەشی،ئەحمەد کانی ستایشی هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسی کرد کە توانیویانە هێمنی و ئارامی ئەو شەقامە بپارێزن و هەموو ئەوانەی شەوانی خۆیان لێی بەسەر دەبەن، هەست بە دڵنیایی و تەناهی بکەن.

هەولێر... خولێکی فێربوون و لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز کۆتایی هات



د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئایینی بەوەکالەت و ئامادەبوونی هەریەک لە د. بەشیر خەلیل حەداد جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر، و بەرپرسانی حیزبی و حکومی، لە ئاهەنگێکدا دەزگای خێرخوازی حاجی یەحیا ، کۆتایی هێنا بەخولێکی تایبەت بەفێرکردن و لەبەرکرنی قورئانی پیرۆز کە بۆ کۆمەلێک لە کوڕان و کچانی شاری هەولێر ڕێکخرابوو.

تیایدا بە شێوەیەکی زانستی فێری چۆنیەتی لەبەرکردن و فێربوونی قورئانی پیرۆز لەلایەن مامۆستا و پسپۆرانی شارەزا دەکران، سەرەتای مەراسیمەکە بە خوێندنەوەی چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆز دەستی پێکرد، دواتر خوێندنەوە ی وتاری بەخێر هێنان و وتاری مامۆستایان لەلایەن د. بەشیر خەلیل حەداد پێشکەش کرا. لەکۆتایدا وەزیری ئەوقاف وڕای پیرۆزبایی بەبۆنەی دەرچوونیان خەڵات و دیاری بەخشییە بەشدارابووان و فێرخوازاران مامۆستایانی خول ئەوانەی بەشداری خولەکەیان کردوە دەستخۆشی خۆی ئاراستەی مامۆستایانی خولەکە و دەزگای خێرخوازی حاجی یەحیا کرد کە هەموو سالێک خولی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز دەکاتەوە و پشتیوانی وەزارەتی ئەوقافی نیشاندا بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەی لەم جۆرە کە تواناکانی گەنجان زیاتر بەدەر دەخات، ئەمە سەرەڕای خزمەتێکی گەورە بە پەیامی پیرۆزی ئایینی ئیسلام دەکات.

هەولێر... ئەمڕۆ شەقامی 100 مەتری بەڕووی هاووڵاتییان دەکرێتەوە



خەبات - سەید فاتیح

بەرزنجی: بەمەبەستی بەسەرکردنەوەی قۆناغەکانی قیرتاوکردنی شەقامی100 مەتریی هەولێر نەورۆز مەولود وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار بە یاوەری ئەندازیار سامان محەمەد سەرۆکی شارەوانی هەولێر و شێخ بەشدار بەرزنجی بەڕێوەبەری شارەوانی پێنج قۆناغی چوارەمی شەقامی 100مەتری هەولێر بەسەرکرایەوە کە لەسەر داهاتی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر بەبڕی 620 ملیۆن دینار قیرتاو دەکرێت و لەچوارڕیانی زوبێر بیلال و کۆمپانیای جیهان دەست پێدەکات تا بەنزینخانەی ئاکار، کە بریتیە لە قیرتاو کردنی 26 هەزار مەتر دووجا بە چینی بایندەر لەگەڵ چاککردنەوەی قیری کۆن و ڕاستکردنەوەی ڕووی شەقامەکە و دانانی سەرە مەنهۆڵی تازە بۆ ئەو شەقامە و بڕیار وایە ئەمڕۆ یەکشەمە بەڕووی هاووڵاتیاندا بکرێتەوە لەلایەکی دیکەوە هەرلەچوارچێوەی بەسەرکردنەوەی پڕۆژەخزمەتگوزاریەکان تاهیر عەبدوڵڵا بەیاوەری ئەندازیار سامان محەمەد بڵباس سەرۆکی شارەوانی هەولێر و شێخ بەشدار بەرزنجی بەڕێوەبەری شارەوانی پێنج پڕۆژەی تەواوکردنی شەقام و ئاو و ئاوەڕۆی گەڕەکی مامۆستایانی دێی زانکۆی نوێ بەسەرکرایەوە کە لە سەر بودجەی تایبەتی وەزارەتی شارەوانی و ئەنجومەنی وەزیران جێبەجێ کراوە و بۆ ئەمسااڵیش توانرا بڕی 560 ملیۆن دیناری دابین بکرێت بۆ تەواوکردنی قیرتاوکردنی 82 کۆاڵنی ناو گەڕەکەکە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران بە هەماهەنگی وەزارەتی دارایی و وەزارەتی شارەوانی و سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێرو پارێزگای هەولێرکاری بۆکراوبووە مایەی خۆشحاڵی هاووڵاتیانی ئەو گەڕەکانەشایانی باسە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر لە هەگبەی دایە چەندین کارو پڕۆژەی دیکە بۆ گەڕەکەکانی ناو شاری هەولێر ئەنجام بدات.

کەرکووک.. پانتۆڵی کورت قەدەغە دەکرێت

هێزە ئەمنییەکانی عێراق لە کەرکووک بڕیاریانداوە، هەر کەسێک پانتۆڵی کورت لەپێ بکات دەستگیری دەکەن. عەقید ئەفراسیاو کامیل، وتەبێژی پۆلیسی کەرکووک، زانیارییەکانی پشتڕاستکردەوە و گوتی: لەژووری ئۆپەراسیۆنی کەرکووکەوە بڕیاریان داوە لە پێ کات ئازاد بکرێت، پاش زیندانی کردنی بۆ ماوەی 24 کاتژمێر.

بەپێی زانیارییەکانی لە کەرکووک، تاکو ئێستا 20 گەنجی دانیشتووی کەرکووک، لەسەر لەپێکردنی بانتۆڵی کورت دەستگیرکراون، پاش ئەوەی بەڵێنامەیان لێی وەرگیراوە کە جارێکی دیکە ئەو جلوبەرگە لەبەرنەکەنەوە ئازادیان کردون.

کەرکووک ڕایگەیاند: بڕیاری قەدەغە کردنی بانتۆڵی کورت لە ژووری ئۆپەراسیۆنی کەرکووکەوە بۆ سەرجەم بنکەکانی پۆلیس هاتووەو لە نوسراوەکەدا هاتووە، هەر کەسێک پانتۆڵی درِاو و شۆرت و سێ چارەک لە پێی بکات دەستگیر بکرێت و پاش ئەوەی کە بەڵێننامەی لێی وەربگیرێت کە جارێکی دیکە لە پێی نەکاتەوەو ئەو

هەولێر کرێکارێک لەسەر باڵەخانەیەک خۆی فڕێ دایە خوارەوە

لە شەقامی 30 مەتریی هەولێر، کرێکارێک لەسەر باڵەخانەیەک خۆی فڕێ دایە خوارەوە و دەستبەجێ گیانی لەدەست دا. لەمبارەیەوە ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی فەرمیی پۆلیسی هەولێر ڕاگەیاندوە: ئەم ڕووداوە کاتژمێر 7 و 30 خولەکی بەیانیی شەمە 11/ 5/ 2019کرێکارێک، کە خەڵکی شنگال بوو و ناوی ئەیاد حەیدەر قاسمە و تەمەنی 20 ساڵ بوو، لەسەر باڵەخانەیەکی شەقامی 30 مەتری خۆی فڕێ داوەتە خوارەوە. ڕائید هۆگر گوتیشی: ئەو گەنجە بۆ کارکردن هاتۆتە هەولێر و لە شەقامی سولتان مزەفەر کرێکار بووە. بەپێی زانیارییەکان، تەرمی کرێکارەکە لە پزشکی دادوەرییە و دوای ڕێکارە یاساییەکان، ڕادەستی کەسوکاری دەکرێتەوە.

بۆ یەکەمین جار بۆرسەی کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل بەشێوەی ئۆنلاین دەکرێتەوە



بەدواداچوون: بەرهەم شێخ عزەدین

کۆمپانیایەکی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل لە هەولێر یەکەم بۆرسەی کڕینی ئۆتۆمبێل بەشێوەی ڕاستەوخۆ (ئۆنلاین) کردەوە، لەو ڕێگەیەوە هاوڵاتی دەتوانێت ئوتۆمبێل بەشێوەی (ئۆنلاین) لە وڵاتانی جیهان بکڕێت . دەربارەی ئەم بۆرسەیەو قەدەغەکردنی هاوردەی ئۆتۆمبیلی ئەمریکی، ڕۆژنامەی خەبات ئەم بەدواداچوونە مەیدانیەی ئەنجامداوە.



کڕینی ئوتومبێیل بەئۆنلاین لەجیهان

حاجی حسێن عوسمان عارف، خاوەنی کۆمپانیای حاجی حسێن گوتی: بۆیەکەمجارە بۆرسەی کڕینی ئۆتۆمبێیل بەشێوەی ڕاستەوخۆ (ئۆنلاین)لەهەولێر بکرێتیتەوە لەم ڕێگەیەوە داواکار لە پێشانگاکەمان داوای هەر ئۆتۆمبێلێک بکات دەتوانێت بەشێوەی (ئۆنلاین) لە وڵاتانی جیهان بیکڕێت،لەڕێگەی سێ شاشەی گەورەوە ئوتۆمبێلێکە پێشانی داواکار دەدرێت و لە تەواوی زانیارییەکان ئاگادار دەکرێتەوە، دواتر ئۆتۆمبێلەکە دەخرێتەوە مەزادەوە و ئەگەر داواکار ئۆتۆمبێلەکەی کڕی ئەوا بەشێوە یاسایی و ڕێگەپێدراو بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکوومەت دەهێندرێتەوە کوردستان.

لە بەرژەوەندیخەڵکی هەژارە

حاجی حوسێن گوتی: ئەم کارە بەرژەوەندی چەند کۆمپانیایەکی دیاریکراو و ناسراوی لە پشتەوەیە کە مەبەستیانە بازاری ئۆتۆمبیل بۆ خۆیان قۆرغ بکەن. حاجی حوسێن جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ڕێگە چارەی گونجاو بۆ ئەم کێشەیە ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان وەک وڵاتانی دیکە یاسایەکی ستراتیژی هەبێت و ئەولەویەت بدات بە قازانجی هاوڵاتیانی ئاسایی کوردستان.

بڕیاری قەدەغەکردنی هێنانی ئۆتۆمبیلی لێدراو زەرووە، بەو مەرجەی بە میزاج نەبێت

وەستای تایبەتمەندی ئۆتۆمبیلی ئەمریکی زۆرن و کەردەسەو مەوادی ئۆتۆمبیلی ئەمریکی لەچاو ئۆتۆمبیلی دیکە نرخەکەی هەرزانترە، وێرای ئەوەی ئۆتۆمبیلی ئەمریکی کوالێتی باش و گونجاوە. کەواتە دەبێت حکومەتی هەرێم ئەگەر بە جیدی بە دوای چارەسەرلایدا دەگەڕێ و سەلامەتی هاووڵاتیانی لا مەبەستە پێویستە ریگاو بانەکان نۆژەن بکاتەوە کە لە 50% ڕووداوەکان لە ئەستۆی خەراپی ڕێگاو بانەکانە. پرسیارە جیدیەکە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ وەک حاجی حوسێن دووپاتی دەکاتەوە کە ئایا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو ئۆتۆمبیلانە دەکرێ کە لە کوردستان وەردەگەڕێن، ئەگەر پێوەر بۆ چاکی و باشی ئۆتۆمبیل ئەوەیە کە وەرنەگەڕا بێت، ئەی چارەنووسی ئەوان چی بەسەردێ، بۆیە زۆر زەرووە کە بڕیارەکان بە لۆژیکی و زانستی بێت نەوەک بە میزاج و بەرژەوەندی، چونکە دواتر بڕیاری لەو شێوەیە پەشیمان بوونەوەی لە دوایە، بەتایبەتی ئێستا کە لەناو پیشانگاکانی ئۆتۆمبیل ئەو مۆدێلانە هەیە، گوایە دەرکردنی ئەو بڕیارە بۆ قەدەغەکردنی هاوردەی ئۆتۆمبیلی ئەمەریکی، بەرژەوەندی چەند کۆمپانیایەکی دیاریکراو و ناسراوی لە پشتەوەیە کە مەبەستیانە بازاری ئۆتۆمبیل بۆ خۆیان قۆرغ بکەن. حاجی حوسێن جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ڕێگە چارەی گونجاو بۆ ئەم کێشەیە ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان وەک وڵاتانی دیکە یاسایەکی ستراتیژی هەبێت و ئەولەویەت بدات بە قازانجی هاوڵاتیانی ئاسایی کوردستان.

بەڕێرسی لقی 16: لەئایندەیەکی نزیکدا کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێکدەهێندرێت



دوایین رووداو و پێشهاتەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و عێراق و ناوچەکەو گفتوگۆی شاندی پارتی لەگەڵ هێزو لایەنە سیاسیەکانی دیکە بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لێژنە ناوچەی خانزاد سیمنارێکی بۆ بڵند ئیسماعیل بەڕەسی لقی 16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان سازکرد کە تیایدا بەشێک لەڕێکخستنەکان و نوێنەرانی چین و توێژە جیاجیاکانی دەقەرەکە ئامادەبوون. لەدەسپێکی سیمنارەکەیدا بڵند ئیسماعیل ئاماژەی بەدوایین رووداو گۆڕانکارییە هەنووکەییەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و عێراق و ناوچەکەکرد بەتایبەتی کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی کە لەدوای سەردانە سەرکەوتووەکەی ڕێزدار جەنابی سەرۆک بارزانی بۆ بەغدا خەریکە ئاسۆی چارەسەرکردنی کێشەکان بەرووبی دەردەکەوێت و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ئامادەیی خۆی نیشانداوە کەبەپێی ماددەکانی دەستوور تەواوی کێشەکان چارەسەر بکرێن. دواتر بەڕەسی لقی16 ڕۆشنایی خستەسەر دوایین کۆبوونەوەکانی تایبەت بە پرسی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکەوتنی شاندی دانووسانکاری پارتیمان لەگەڵ هەر یەکە لە بزوتنەوەی گۆڕان و یەکێتی نیشتمانی و پرسی کاراکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کە لەپەرلەماندا بەزۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان تێپەڕێندرا، ئەمەش هەنگاوەکانی پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان خێراتر دەکات.

بانکی نێودەوڵەتی و یەکێتی ئەورووپا کار بۆ پێشخستنی تواناکانی چاودێری دارایی دەکەن



لە کۆبوونەوەکی نێوان بانکی نێودەوڵەتی و یەکێتی ئەورووپا لەگەڵ سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی، باس لە پرۆژەیەکی گشتگیر کرا کە شاندی میوان ئامادەیان کردبوو بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی توانستی کارمەندانی دیوان و لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ لەبارەی دیاریکردنی ماوەیەک بۆ وەلامدانەوە و هەمواركردنی پرۆژەکە و دواتر جێبەجێکردنی پرۆژەکە کرا. هەر لە بەشیکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا بابەتی وربینیکردنی گرێبەستییە نەوتییەکان هەر لە گەڕان و دەرهێنان و بەبازارکردنی و بە هەمور قۆناغەکانییەوە خرایە بەر باس و گفتوگۆ.

پرۆژەی وردبینیکردنی بانکی E-Banking تەوڕێکی تر گفتوگۆکان بوو.

هەروەها بڕیار وایە بۆ ئەم مەبەستەی ئاماژەیان پێکرا، لە داهاتوویەکی نزیکدا بانکی نێودەوڵەتی زنجیرە سیمنار و وۆرکشۆپێک بۆ کارمەندانی دیوانی چاودێری دارایی لە بوارەکانی وردبینی بانکی و گرێبەستە گشتییەکان و وردبینیکردنی بواری نەوتی ئەنجام بدات.

ئەمە لە کۆبوونەوەیەوەکی نێوان تیمێکی بانکی نێودەوڵەتی و یەکێتی ئەوروپا لەگەڵ سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی و بەڕەسانی تایبەت بە بوارەکەهات و شاندی میوان پێکهاتبوون لە ڕاوێژکارانی بانکی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتی ئیمانوێل گەورە ڕاوێژکاری بانکی نێودەوڵەتی و لێپەرسراوی تیمی بانکی نێودەوڵەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و خاتوو باربارا نوێنەری یەکێتی ئەورووپا لە عێراق بەیاوەری ڕاوێژکارانی پەیوەندار بە بابەتی کارگێڕی دارایی و گرێبەستە گشتییەکان.

پرسە و سەرەخۆشی

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

بەڕێز عەمید عەباس مامند ئاغا

بەدڵگرانییەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کۆڕی بەڕێزتانمان پێگەیشت. هاوبەشی خەمی بەڕێزتان و خانەوادە و خزم و کەسوکارتانین و سەرەخۆشی ئاراستەی ئێوە و دۆستان و ئاشنایانتان دەکەین. لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبووی کورتان بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انالله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

***

بۆ هاوکارانمان جەوهەر شێخانی و عەلی شێخانی و لوقمان کەریم

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی مامی هەردوو بەڕێزان جەوهەر شێخانی و عەلی شێخانی و خاڵی بەڕێز لوقمان کەریمان پێگەیشت، بەناوی سەرنووسەرو ستافی ڕۆژنامەی خەبات سەرەخۆشی لە ئێوەو کەسوکاری خوالێخۆشبوو دەکەین. لەخوای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شادبکات و سەبووری بە ئێوەو کەسوکاری ببەخشێت.

انالله وانا الیه راجعون

تێبینی: ئەمڕۆ دووەم ڕۆژی پرسەکەیە لەمزگەوتی جەلیل خەیات/ هەولێر

دەربارەی ئەو کرمانەی کە لەچەند گەڕەکێکدا بینراوە ڕوونکردنەوە دەدرێت



وەزیرێ وەرزش و لاوێن ئیراقێ دێ پشتەڤانیا پروژێن مەزن ییّن وەرزشی ل هەرێمێ کەین



خەبات – دهوک: دوهی سپێدێ 2019/5/11 ل کوچکا مێهڤانداریا فەرهاد ئەمین ئەترۆشی پارێزگەرێ دهوکێ پێشوازیا د. ئەحمەد تالب وەزیرێ وەرزش و لاوێن ئیراقێ و شاندێ دگەلدا کر.

دهڤدیتنەکێدا ب ئاماەبونا د. شاکر ئەحمەد سمو ڕێڤەبەرێ گشتی یێ وەرزش ولاوان ل هەرێما کوردستانێ بەحسێ ڕەوشا داموەزگەهێن وەرزشی ل ئیراقا فیدرال و ل هەرێما کوردستانێ و چاوانیا خورتکرن و پێشڤێخستنا کار و چالاکییێ وەرزشی دناڤبەرا هەردوو ئالیان دا هاتە کرن.

پارێزگەرێ دهوکێ خوشحالیا خو ب سەرەدانا شاندی دیارکر وتەکەزی ل سەر هەڤکاری وهاریکاریێ کر بو پێشڤێخستنا کار وچالاکییێن وەرزشی دناڤبەرا هەردوو لایەنان دا وچەند پێشنیار بەرچاڤکرن وەکو دورئێخستنا کارو چالاکییێن وەرزشی ژململانێن سیاسی وپشتەڤانیکرنا هەموو سازی وبوارێن وەرزشی ب یەکسانی دچارچوڤێ ئیراقا فیدرال دا هەروەسا پشتەڤانیکرنا بوارێن وەرزشی پێن بچوک کو گەلەک جاران هندەک کەسا شیانێن باش هەنە ئەنجامێن مەزن ل سەر ئاستێن وەرزشا جیهانی ب دەستڤە بینین و گەلەک جارا ململانا سیاسی کارتێکرنەکا مەزن یا ل سەر بوارێن وەرزشی کری وبوینە هوکار بو پاشئێخستنا بزاڤا وەرزشی ونوکە پێدڤی یە هاریکاریا مادی ومەعنەوی بو سازی وکەسانێن وەرزشی پێن خودان شیان بهێتە کرن دا وەکو جاران بزاڤا وەرزشی پێشکەفتنێ بخوڤە ببینیت.

ژلایێ خوڤە وەزیرێ وەرزش ولاوێن ئیراقا فیدرال تەکەزکر کو دێ هەموو هەولدانا کەن کو بزاڤا وەرزشی دناڤبەرا ئیراقا فیدرال وهەرێمێ دا بهێتە پێشئێخستن چونکو بەری نوکە هەرێما کوردستانێ جهەکێ گرنگ بو، بو ئەنجامدانا چالاکییێن وەرزشی وگەلەک جاران وەرزش و وەرزشڤانێن هەرێما کوردستانێ سەرکەفتنێن مەزن بناڤێ ئیراقا فیدرال بدەستڤە ئینانینە وبەردەوامی دایە وان سەرکەفتنێن وەرزشی.

پاش کونگرەکێ ڕۆژنامەنیا بو پارێزگەرێ دهوکێ و وەزیرێ وەرزش ولاوان هاتە سازکرن وهەردوو لا تەکەزی ل سەر هەڤکاری وهاریکاریێ کر بو پێشئێخستنا بزاڤا وەرزشی ل هەرێما کوردستانێ ول ئیراقێ.

خەبات –سەید فاتیح بەرزنجی: دەربارەی بلاوبونەوەی جۆرە کرمێک لە دەروبەری هەولێر، تەندروستی هەولێر لە ڕوونکردنەوەیەکدا بۆ هاوڵاتیان ڕایگەیاند: ماوەی چەند ڕۆژێکە، جۆرە کرمێک لە چەند گەڕەکێکی دەروبەری شاری هەولێر بلاوبۆتەوە و نیگەرانی دروستکردووە و بە هاوڵاتیانی ڕادەگەیەنین کە ئەو جۆرە کرمانە وەرزین وبەهۆی زۆربوونی گژو گیا دەردەکەون، بەڵام ئەمساڵ بەهۆی دواکەوتنی وەرزی گەرما و فێنکی ئاووهەوا ژمارەیان زیادی کردووە بەتایبەتی لەو شوێنانەی کە گژو گیای زۆرەو تیمەکانی پاراستنی تەندروستی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی هەولێر بۆ ڕەواندنەوەی ئەو نیگەرانییە سەردانی گەڕەکەکانی نزیک دەشتایی دەروبەری شاری هەولێر دەکەن و ڕێوشوێنی پێویست گیراوەتە بەر بە وەرگرتنی نموونەی ئەو کرمانە و تێست کردنیان بۆ لەناوبردنیان. هەروەها هەڵمەتی ڕشاندنی دەرمانی قڕکەر بۆئەو شوێنانە دەستی پێکردووەو بەردەوام دەبێت و هاوڵاتیان دڵنیا دەکەینەوە کە ئەو جۆرە کرمانە بەشێکن لە خێزانی مێروولەکان و مەترسی و زەرەرمەند نین بۆ تەندروستی مرۆڤ بە پێی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما و بەسەرچوونی بەهارەوە ئەو جۆرە مێروانە نامێنن و لەناو دەچن و هیچ بەنیگەرانی ناکات.

جووڵەی بازاڕ و بازرگانیی لە هەرێمی کوردستان بووژاوەتەوە

نەوزاد ئەدهەم: جموجۆڵی بازرگانی و ئابووری بەبەراورد لەگەڵ دوو ساڵی ڕابردوو 30- 40% زیادی کردووە

دوای شەڕی داعش و نەمانی قەیرانی دارایی و باشتربوونی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان و نەمانی پاشەکەوتی مووچە دووبارە بازاڕەکانی کوردستان بەرەو بووژاندنەوەیەکی خێرا هەنگاوی نا، ساڵی ڕابردووش جموجۆڵی بارزگانی و ئابووری و ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان تورکیاو ئێران لەگەڵ کوردستان 10ملیار دۆلاری تێپەڕاندووە.



ڕاپۆرت/ سەید فاتیح

بەرزنجی: دارا جەلیل خەیات سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی کوردستان بۆ خەبات دەڵێت: باشبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێرو بەغدا، هەڵگرتنی پاشەکەوتی مووچەو لابردنی خاڵە گومرگییەکانی حکومەتی عێراق، بووە هۆکار بۆ بووژاندنەوەو گەشەپێدانی ئابووری و بازرگانی لەکوردستان، خەریکە کۆمپانیا بیانییەکان ڕوو لەکوردستان دەکەنەوەو ئێمەش لەزۆربەی کۆڕو دیدارە ئابووریییەکانی دەرەوە، لە وڵاتان ئامادە دەبین و بەشداریی کۆڕە ئابووریییەکان دەکەین و لە نزیکەوە لەگەڵ بزنسمانانی بیانی کۆدەبینەوەو باسی باشتربوونی ڕەوشی ئابووری و بازرگانی کوردستان دەکەین، کە هەرێمی کوردستان زۆر سەقامگیرو ئارامە، بۆیە بازرگانان و خاوەنکارانی بیانی ڕوولە کوردستان دەکەن، ئەوەتا لەساڵی ڕابردوو ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان تورکیاو ئێران لەگەڵ کوردستان 10ملیار دۆلاری تێپەڕاندووە. نەوزاد ئەدهەم بەڕێوبەری گشتی بازرگانی لە وەزارەتی بازرگانی دەڵێت: دوای نەمانی شەڕی داعش و قەیرانی دارایی بووژاندنەوەو گەشەپێدانی ئابووری و بازرگانی لەکوردستان، خەریکە کۆمپانیا بیانییەکان ڕوو لەکوردستان دەکەنەوەو ئێمەش لەزۆربەی کۆڕو دیدارە ئابووریییەکانی دەرەوە، لە وڵاتان ئامادە دەبین و بەشداریی کۆڕە ئابووریییەکان دەکەین و لە نزیکەوە لەگەڵ بزنسمانانی بیانی کۆدەبینەوەو باسی باشتربوونی ڕەوشی ئابووری و بازرگانی کوردستان دەکەین، کە هەرێمی کوردستان زۆر سەقامگیرو ئارامە، بۆیە بازرگانان و خاوەنکارانی بیانی ڕوولە کوردستان دەکەن، ئەوەتا لەساڵی ڕابردوو ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان تورکیاو ئێران لەگەڵ کوردستان 10ملیار دۆلاری تێپەڕاندووە. نەوزاد ئەدهەم بەڕێوبەری گشتی بازرگانی لە وەزارەتی بازرگانی دەڵێت: دوای نەمانی شەڕی داعش و قەیرانی دارایی بووژاندنەوەو گەشەپێدانی ئابووری و بازرگانی لەکوردستان، خەریکە کۆمپانیا بیانییەکان ڕوو لەکوردستان دەکەنەوەو ئێمەش لەزۆربەی کۆڕو دیدارە ئابووریییەکانی دەرەوە، لە وڵاتان ئامادە دەبین و بەشداریی کۆڕە ئابووریییەکان دەکەین و لە نزیکەوە لەگەڵ بزنسمانانی بیانی کۆدەبینەوەو باسی باشتربوونی ڕەوشی ئابووری و بازرگانی کوردستان دەکەین، کە هەرێمی کوردستان زۆر سەقامگیرو ئارامە، بۆیە بازرگانان و خاوەنکارانی بیانی ڕوولە کوردستان دەکەن، ئەوەتا لەساڵی ڕابردوو ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان تورکیاو ئێران لەگەڵ کوردستان 10ملیار دۆلاری تێپەڕاندووە. نەوزاد ئەدهەم بەڕێوبەری گشتی بازرگانی لە وەزارەتی بازرگانی دەڵێت: دوای نەمانی شەڕی داعش و قەیرانی دارایی بووژاندنەوەو گەشەپێدانی ئابووری و بازرگانی لەکوردستان، خەریکە کۆمپانیا بیانییەکان ڕوو لەکوردستان دەکەنەوەو ئێمەش لەزۆربەی کۆڕو دیدارە ئابووریییەکانی دەرەوە، لە وڵاتان ئامادە دەبین و بەشداریی کۆڕە ئابووریییەکان دەکەین و لە نزیکەوە لەگەڵ بزنسمانانی بیانی کۆدەبینەوەو باسی باشتربوونی ڕەوشی ئابووری و بازرگانی کوردستان دەکەین، کە هەرێمی کوردستان زۆر سەقامگیرو ئارامە، بۆیە بازرگانان و خاوەنکارانی بیانی ڕوولە کوردستان دەکەن، ئەوەتا لەساڵی ڕابردوو ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان تورکیاو ئێران لەگەڵ کوردستان 10ملیار دۆلاری تێپەڕاندووە. نەوزاد ئەدهەم بەڕێوبەری گشتی بازرگانی لە وەزارەتی بازرگانی دەڵێت: دوای نەمانی شەڕی داعش و قەیرانی دارایی



بەشێوەیەکی بەرچاو جموجۆڵی بازرگانی و ئابووری دوو هێندە زیادی کردووە بەبەراورد بە دوو ساڵی ڕابردوو بە ڕێژەی 30%ی بۆ 40%ـەوەیش بەمانای ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان لە هەموو ڕوویەکەوە بەرەو پێشەوە هەنگاوی ناوەو پێشکەوتنی گەورەی بەخۆیەوە بینیوەو لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانیشەوە ئاسانکاری تەواو بۆ بازرگانان کراوەو ڕۆژانە شاندی ولاتان ڕوولە کوردستان دەکەن لەبەر ئەو سەقامگیریەی کە لەکوردستاندا هەیە وایکردووە، کە کۆمپانیای گەورە ڕوولە کوردستان دەکەن و وەبەرهێنان ئەنجام دەدەن جگە لەوەش باشتربوونی پەیوندی نێوان هەولێرو بەغداش کاریگەری زۆری هەیە بۆ باشبوونی ژیان وگوزەرانی هاوڵاتیان و نەمانی پاشەکەوتی مووچەش کاریگەری زۆری هەبوو بۆ جوڵاندنەوەی بازاڕو ئومێد هەیە کە حکومەتی تازەی هەرێمی کوردستان زیاتر گرنگی بە بووژاندنەوەی کەرتی ئابووری و بازرگانی بدات. نەجات حەسەن ئابووریناس گوتی: لەماوەی ساڵانی ڕابردوو شەڕی داعش و قەیرانی دارایی وایان کرد، کە کار لە هەموو بوارو سێکتەرەکان سست بێت بەتایبەتی کەرتی بازرگانی لایەنێکی گرنگ بوو، بەڵام قەیرانی دارایی ئەو کەرتەی لاواز کرد دوای نەمانی ئەو شەڕە نەگریسە دووبارە کەرتی بازرگانی و ئابووری ڕووی لە بووژاندنەوەکردو حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هەوڵی کارایدا بۆ دووبارە بوژاندنەوەی کەرتی بازرگانی و ئابووری و نەمانی پاشەکەوتی مووچە وایکرد کەجوڵەی بازرگانی خێرا بکەوێتە بازاڕوبارو گوزەرانی هاوڵاتیانیش باشتربوو ئومێدەوارین دوای دامەزراندنی حکومەتی تازەی هەرێم جموجۆڵی بازرگانی وئابووری باشتر بێت. دڵزار عەلی دوکاندار گوتی: ڕۆژ لەدوای ڕۆژ هەرێمی کوردستان بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێت وجوڵەیەکی زۆر کەوتۆتە بازاڕ دوای نەمانی پاشەکەوتی مووچە باروگوزەرانی هاوڵاتیان ڕووی لەباش بوون کردووە ئومێدەوارین لەدوای دامەزراندنی کابینەی تازەی حکومەتی هەرێم جموجۆڵی بازرگانی زیاتر بکەوێتە بازاڕو کوردستان زیاتر گەشە بکات و کارو پڕۆژەکانیش زوو دەست پێ بکەنەوە تادەستی کار زیاتر بێت

لە یادی 53 ساڵەی تۆمارکردنی داستانی هندرێن دا

لە (مستەفا بارزانی)یەوە بۆ هێزی باڵەک:
«سوپاسی هەوڵەکانتان دەکەین ئەی قارەمانانی کوردستان لە چیای هەندرێن، پیرۆزبایی ئەو سەرکەوتنە قارەمانانەتان لێدەکەین لە بەرگری کردنی خاکی پاکی کوردستان»

سەرۆک مسعود بارزانی:
«لە 12ی ئایاری ساڵی 1966دا پێشمەرگە سەرکەوتنێکی پڕشکۆی بەرامبەر هێزی پڕچەکی زەمینی و ئاسمانیی دوژمن لە حەوزی رواندز تۆمار کرد. ئەو شەڕە سەختە دە رۆژییە، نموونەیەکی کەمووێنەی هاوکاری و یەکڕیزیی لایەنە شۆڕشگێڕەکانی پێشاندا»



خەبات: سەفەر یوسف میرخان ژاژۆکی

یەکێک لەو داستانانەی کە پێشمەرگەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بە رابەرایەتی بارزانیی نەمر تۆماریان کرد، ئەویش داستانی بەناوبانگی (هەندرێن)ـە لە ساڵی 1966کە پێشمەرگەکانی رێبازی بارزانی تۆماریان کرد. **لە یادوەری داستانی شکۆمەندی چیای (هەندرێن)، جەنابی سەرۆک بارزانی دەفەرموێ:** (لە 12ی ئایاری 1966دا هێزی پێشمەرگە سەرکەوتنێکی پرشنگداری بەسەر هێزی پرچەکی زەمینی و ئاسمانیی دوژمن لە حەوزی ڕواندز تۆمار کرد. ئەو هێزەی کە بۆ لەناوبردنی سەرکردایەتیی شۆڕش پەلاماری ناوچەکەی دابوو. لە شەڕێکی دە ڕۆژەدا لە چیای هەندرێن و زۆزک و کۆڕەک و گەرووی عومەرئاغا، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە بەشداریی پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی بەیەکەوە، داستانێکی قارەمانانەیان تۆمار کرد و هێزی دوژمنیان لەبەرێک هەڵوەشاند). ئێمەش لە ڕۆژنامەی خەبات، ئەمڕۆ یادی ئەم داستانە پیرۆزە دەکەین و هەوڵدەدەین یادەوەریی بەشداربووانی ئەم داستانە بۆ خوێنەرانی ئازیزی ڕۆژنامەی خەبات بخەینەڕوو.



بروسکەی جەنابی مەلامستەفا بارزانی بۆ پێشمەرگەکانی شەڕی هەندرێن

دوای سەرکەوتنی پێشمەرگە لە داستانی هندرێن، ڕۆژی 1966-5-13ڕابەری کورد(مستەفا بارزانیی) بروسکەی پیرۆزبایی ئاراستەی هێزی باڵەک کرد ئەمەش دەقەکەیەتی:

بۆ هێزی باڵەک، بۆ مەکتەبی تەنفیزی، بۆ هەموو بنکەکان

سوپاسی هەوڵەکانتان دەکەین ئەی قارەمانانی کوردستان لە چیای هەندرێن. پیرۆزبایی سەرکەوتنە قارەمانەتان لێدەکەین لە بەرگری لە خاکی پاکی کوردستان. گەلی کورد اعتزاز و شانازیی بە ئێوە دەکات، لەخودا داوا دەکەم یارمەتی بدات بۆ سەرکەوتنی ئێوە بەسەر دوژمنە ستەمکارەکانی گەلی کورد".

هەبوو و بەشداربیان کرد.

پلانی داستانی هەندرێن

بەڕێز (عومەر عوسمان متێرگەسۆری) لە کتێبەکەیدا (ژیانی کوردێک) پلانی داستانی هەندرێن بەم شێوەیە دەخاتەروو: لە 1966-5-11 هەموو بەرپرسەکانی پێشمەرگە لەچیای هەندرێن کۆبوونەوە، لە حزبی شیوعی و بەتالیۆنی 4ی باڵەک و پلانەکە بەوشێوەیە بوو: 60پێشمەرگەی فیداکار هێرش بەرنە سەر سریەی کەپکەمۆ، 180کەس لە تەنیشتەوە هێرش ببەنە سەر دوژمن، قوەتی تر لە حاڵەتی ئامادەباشیدابن بۆهاوکاری پێبوست. 2هاوەنی 82ملم لە کەپکەمۆ بدەن و ڕەئیس کەمال و فاخر ڕەسەدیان بۆبکەن. عەزەڕەش لەگەڵ محەمەد موعتوف لە موزوع بن. مولازم خەزر بە تۆپی 25ڕەتل بارەگای لیوا تۆپباران بکات. لە کاتژمێر 4ی ئێوارەی 1966-5-12پلانەکە جێبەجێ بکرێ و کاک ئیدریس بارزانی لەهەموو شتێک ئاگادار بکرێتەوە. نابی کەس لەگەڵ شەهید و بریندار بروانەوە تەنها ئەوانەی کە دەستنیشان کرا بوون. لەکاتی تۆپەکان سەربازان لە ڕەبیە دەرکەوتنە دەڕەوە پێشمەرگە فیداییەکان خۆیان فڕێدایە ناو ڕەبیەکانیان و سەربازەکانی ڕژێم وردە وردە پاشەکشەیان کرد و لە چیای هەندرێن داکشانە خوارەوە و پێشمەرگە کەپکەمۆیان لە دەست دوژمن دەرهێنا و لەگەڵ ئەوەدا هێزەکانی تەنیشت و ئامادە هێرشیان بردە سەر هەموو ڕەبیەکان و بارەگای لیوا و فەوجەکان هەر ئەوەیان پێ کرا هەرکەسە و ڕابکا و تەنها بریندارەکان بە دوای خۆیاندا ڕابکێشن و سەرەو ژێر بەرەو حامیەی ڕواندز هەڵاتن و لاشەی کوژراوەکانیان و کەلوپەلەکانیان هەموو بەجێ هێشت. خۆشمان لە زۆزکەوە بەچاو ئەمان بینی و لەبەرچاومان بوو. داستانی هەندرێن خۆی خستە لاپەڕە زێرینەکانی میژووی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد بەسەرۆکایەتی بارزانیی نەمر. شایانی باسە ئەگەری سەرکەوتنی داستانی چیای (هەندرێن) بە بەشداری ڕاستەوخۆ و مەیدانی کاک ئیدریسی جوانەمەرگ بوو.

ڕۆژی ئیدریس بارزانی
لە داستانی هەندرێن

لە بارەی ڕۆڵی سەرکردەی نەمر(ئیدریس بارزانی) لە داستانی هەندرێن و زۆزک خوالێخۆشبوو هەڵگری مەدالیای بارزانیی نەمر مام(میرخان میترگەسۆری) بە خەباتی گوت: شەهید ئیدریس بارزانی بە فەرمانی بارزانیی نەمر سەرکردایەتی ڕاستەوخۆی شەڕی چیای هەندرێن و زۆزکی کرد و بە هەموو ئیمکانیاتەوە بەرامبەر دوژمن ڕاوەستان، بەڕاستی ڕۆڵێکی کاک ئیدریس ڕۆڵێکی مەزن بوو، شەهید ئیدریس بارزانی قیادەی هەموو مەنتەقەی دەکرد، کاتێک کاک



عومەر عوسمان میترگەسۆری



میرخان میترگەسۆری



ئەحمەد حەسەن میترگەسۆری

هەندرێن خۆی خستە لاپەڕە زێرینەکانی میژووی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد بەسەرۆکایەتی بارزانیی نەمر. شایانی باسە ئەگەری سەرکەوتنی داستانی چیای (هەندرێن) بە بەشداری ڕاستەوخۆ و مەیدانی کاک ئیدریسی جوانەمەرگ بوو.

ڕۆژی ئیدریس بارزانی
لە داستانی هەندرێن

لە بارەی ڕۆڵی سەرکردەی نەمر(ئیدریس بارزانی) لە داستانی هەندرێن و زۆزک خوالێخۆشبوو هەڵگری مەدالیای بارزانیی نەمر مام(میرخان میترگەسۆری) بە خەباتی گوت: شەهید ئیدریس بارزانی بە فەرمانی بارزانیی نەمر سەرکردایەتی ڕاستەوخۆی شەڕی چیای هەندرێن و زۆزکی کرد و بە هەموو ئیمکانیاتەوە بەرامبەر دوژمن ڕاوەستان، بەڕاستی ڕۆڵێکی کاک ئیدریس ڕۆڵێکی مەزن بوو، شەهید ئیدریس بارزانی قیادەی هەموو مەنتەقەی دەکرد، کاتێک کاک ئیدریس بارزانی هات، بارەگای ئەو نزیکەی 5کیلومەتر لە دوژمن دوور بوو، ئەمەش پاڵپشتی و مەعنەوییاتێکی زۆر بوو بۆ ئێمە، پێشمەرگەی بە چەکی کەم و سەرەتایی بەرگری و بەرخۆدانیان کرد و دروشمی (کوردستان یان نەمان)مان هەڵبژارد. بەچاوی خۆم بینیم کە چەندەها هێرشی ئاسمانی دوژمن کردییە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە چیای هەندرێن، بەڵام خۆڕاگری پێشمەرگە و پاڵپشتی سەرکردایەتی شۆڕش بوونە ئەگەری تۆمارکردنی یادی داستانی هەندرێن دەکاتەوە و دەنووسێ: پەیامەکەیە: لە 12ی ئایاری ساڵی 1966دا پێشمەرگە سەرکەوتنێکی پڕشکۆی بەرامبەر هێزی پرچەکی زەمینی و ئاسمانیی دوژمن لە حەوزی ڕواندوز تۆمار کرد. داستانی هەندرێن بارودۆخی سیاسی و سوپایی سەراوژێر کرد و پیلانێکی مەترسیداری دوژمنی دژ بە کوردستان شکست پێ هێنا. ئەو شەڕە سەختە دە ڕۆژییە، نموونەیەکی کەمووێنەی هاوکاری و یەکڕیزیی لایەنە شۆڕشگێڕەکانی پێشاندا.

ئەحمەد حەسەن میترگەسۆری

میرخان میترگەسۆری

عومەر عوسمان میترگەسۆری

بەڕێز(عومەر عوسمان میترگەسۆری) ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کتێبی (ژیانی کوردێک) دەربارەی داستانی (هەندرێن) بیرەوەرییەکانی نووسیوەتەوە، کە خۆی یەکێک بووە لەو پێشمەرگانەی بەشداربوو لە داستانی (هەندرێن و زۆزک)، عومەر عوسمان میترگە سۆری نووسیویەتی: لەبەر ئەوەی کەبارەگای سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول لە ناوچەی باڵەک بوو پێویستی دەکرد چیای زۆزک بەباشترین پێشمەرگە بپارێزێ و ئەم ئەرکە بە ئێمە سپێردرا کە زۆربەمان خەڵکی میترگەسۆر و گوندی شێخ سیدان و باوە و خۆشکان بووین و لە دواییدا پەلێکی تری خەڵکی در و ئەستونی هاتن و لەدوای یاوەرانی بارزانی نەمر بوون لە یەکێتی سۆڤیەت. لەوانە حەسەن خال هەمزە بەرپرسی لق بوو، کەکشار ئەحمەد و عەلی محەمەد و حەسۆ محەمەد و محەمەد عەزیز، جاروباریش محەمەد عیسا و ماوەیەکیش پەلێکی تر شەهید چاوشین عەبید دۆڵەمەری هاتنە لامان و لە دامێنی چیای زۆزک لە سەرۆکانی دیانا قوەتی نێروەیەکانی لێ بوو هەندێ جاریش قوەتی شەهید حەجی بیرۆخی و ئەو پەلە لە پێشمەرگەکانی تر و سەرپەلەکان و پێشمەرگە ناسراوەکانیان وەک شوان دری، موتو، سیتو، سیدو، شێخۆ شێرۆکی و حالی شیرۆکی و ژمارەیەک پێشمەرگەی تر.

خوالێخۆشبوو، هەڵگری مەدالیای بارزانیی نەمر، مام(میرخان محەمەدئەمین میترگەسۆری)کە وەک جێگری سەرلقی 1ی زۆزک، بەشداربووە لەشەڕی داستانی (هەندرێن) و بەم شێوەیە بیرەوەرییەکانی خۆی تۆمار کردووە و دەڵێ: داستانی هەندرێن و زۆزک ئەو داستانە بە خۆڕاگری پێشمەرگەکان تۆمار کراوە، ڕژێمی عێراق هێرشەکەی پێکردووە و سوپای عێراقی چیای هەندرێنی گرتووە.

مام(ئەحمەد حەسەن میترگەسۆری) بەرپرسی لێژنەی کۆمەڵایەتی شێروان یەک لە ناحیەی گۆرەتووی سەربە دەڤەری بارزان، یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی سەر بە لقی 1ی زۆزک بە فەرماندەیی خەباتکار (حەسەن خال هەمزە)، بەشداربووی داستانی (هەندرێن و زۆزک) بووە، بەم شێوەیە یادەوەرییەکانی لەم داستانەدا دەگێڕێتەوە:

باس کردن لە داستانی (هەندرێن و زۆزک) بەدەیان لاپەڕە تەواو نابێت، ئەو داستانە بە خەبات و تێکۆشان و ماندووبوونی پێشمەرگە بەدەست هات. ئێمە لە دەڤەری باڵەکایەتی بووین، بارزانیی نەمر فەرمانی دەرکرد کە باڵی هێزی باڵەک بەفەرماندەیی حەسەن خال هەمزە بچنە زۆزک بۆ پاراستنی چیای هەندرێن و زۆزک ئەو کات ڕژێمی عێراق هێرشی بەرپا کردبوو بە ناوی (هێرشی بەهاری) بۆ بەسەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لەچیای هەندرێن و زۆزک و دۆڵی ئاکۆیان. سەرەتا دوژمن لەچیای زۆزک دەستیان بەهێرشەکە کرد، بروسکەیەک لە هێزی باڵەک ئاراستە بارزانیی نەمر کرا، دوای ئەوە، بارزانیی نەمر لەو بروسکەیە ئاگادارببوویەوە و فەرمانی بە ئیدریس بارزانی دا هەرچی زووە خۆی بگەیەنێتە شوێنی شەڕەکە و بەخۆی فەرماندەیی ئەو شەڕە بکات و نەهێڵێت دوژمن لەو هێرشەدا پێشڕەوی بکات. ئەوە بووە کە سەرکردەی نەمر شەهید هەمیشە لە یاد ئیدریس بارزانی سەرکردایەتی عەسکەری شەڕی چیای هەندرێن و زۆزکی کرد و بارەگای بۆ شەڕلە (کوسپی سپی) لە (بەرزێوە) کردووە و لە گەڵ لیوای 4ی پێشمەرگە هێرشیان کرد و لە چیای هەندرێن لە ناو بەفر دوژمنی شکاند و دوژمنیان لە مۆڵگەکاندا دەڕەپاند و تەنانەت مۆڵگە کۆنەکانیشیان لەدەست دەرهێنا. شایانی باسە کاک ئیدریس بارزانی سەرپەرشتی شەڕەکەی دەکرد و خودی خۆی ڕاستەوخۆ بەشداری شەڕەکەی دەکرد. هەروەها. حزبی شیوعیش دەوریان لەو شەڕەدا مەلائەمین هۆستانی و جێگری عوسمان حوجرانی لەوێ بوون، ئەوانیش شەڕی خۆیان کرد و لە گەڵ پێشمەرگە سەرکەوتنیان بە دەست هێنا، دوای 3و 4ڕۆژ کە بروسکەیەک لە هێزی باڵەک ئاراستە بارزانیی نەمر کرا کە پێشکەوتنی دوژمن دەستی پێکردووە و سوپای عێراقی چیای هەندرێنی گرتووە.



ژمارەیەک پێشمەرگەی ئەیلوول لە داستانی (هەندرێن) لە سەنگەردان 1966/5/12
لەئەرشیفی کاروان محەمەد سینۆ

ئەوانیش پەلێکی تری شەهید میرە دۆڵەمەری هاتن و بووین بە سێ جەماعەت واتە 3پەل، لقی 10ی هێزی باڵەکیان لێ دروست کرا. ئێمە ژمارەیەک گەنجی تازە پێگەیشتوو لەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگەی کۆن و ئەزموون دیدە کە چەندیان



45 ساڵیادی لەسێدارەدانی لەیلا قاسم

لەیلا قاسم.. پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و سەمبۆڵی گیانفیدایی ئافرەتی کورد بوو



کاروان محەمەد سینۆ

زۆربوون ئەو ئافرەتانەی لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا وەکو شێرە ژن، شان بە شانی پیاوان لە خەبات و تێکۆشان و بەرخۆداندا ڕۆڵی کارایان هەبووە لە بەگژداچوونی زوڵم و ستەمی داگیرکەرانی رژێمی بەعسی فاشیست بەرامبەر نەتەوەی کورد و خەڵکی کوردستان بەگشتی. یەکێک لەو شێرە ژنانە کە ئەمڕۆ یادی 45ساڵەی لەسێدارەدانی دەکەین،ئەویش هەڤاڵی شەهید (لەیلا قاسم)ە کە ئەندامێکی چالاک و چاونەترسی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، کە لەپێناو بەدەستهێنانی مافی گەلی کورد، بەوپەڕی دڵسۆزییەوە لە ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان خەباتگێڕ بوو. دوژمنی داگیرکەر بەدڕندەترین شێوە و دوور لە پرنسیپەکانی دیموکراتی و مرۆڤایەتی، هەڤاڵ لەیلا قاسم و ژمارەیەک لە هەڤاڵانی دیکەی لە شاری بەغدا لەسێدارەدا.

شەهید لەیلا قاسم و هەڤاڵەکانی سەمبۆڵی گیان فیدایی و نیشتمانپەروەری و ئازادیخوازی بوون لە شۆڕشی پیرۆزی ئەیلوولدا. لەپێناو ئازادی و سەرفرازی گەلی کورد و سەرکەوتنی شۆڕشی ئەیلوول و سەرفرازی ڕێبازی بارزانی، لەیلا قاسم و هەڤاڵانی گیانی خۆیان بەخت کرد و بوونە قوربانی بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان بە ئازادی بژین، شەهید لەیلا و هەڤاڵانی تاکو دوا هەناسە بەردەوام بوون لە ئەرکی شۆڕشگێڕی و پارتایەتی خۆیان، دواجار لە 29/4/1974لەیلا قاسم و هەڤاڵەکانی لەلایەن دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێمی بەعس دەستگیر کران و لە 12/5/1974لە بەغدا لە سێدارە دران.

پیرۆزبێت 45مین ساڵیادی شەهید لەیلاقاسم

لەیادی(45)مین ساڵەی شەهید بوونی لەیلا قاسم و هەڤاڵەکانیدا، سڵاو بۆ گیانی پاکی ئەو ئافرەتە قارەمانە و هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان، شەهید لەیلا قاسم سەنبۆڵی گیان فیدایی و بڕوابەخۆبوون و نیشتمانپەروەری ئافرەتی کورد و جێگەی شانازی هەموو خەڵکی کوردستانە، بۆیە تا کورد هەیە یادی شەهید لەیلا قاسم بەرز ڕادەگیرێت و شەهید لەیلا و هەڤاڵانی لەنێو وێژدانی گەلی کورد هەر بەزیندوویی دەمێننەوە. شەهید لەیلا سەمبۆلێکی بەرزی گەلی کوردە، شەهید لەیلا قاسم و هێندە بەرزە و پیرۆزە تەنانەت لەکاتی مەرگیشد سەری جەلادەکانی خۆی لەژێر پێی خۆیدا بینی. ڕژێمی بەعسی و جەلادەکانی زۆر هەوڵیاندا کە شەهید لەیلا پەشیمان بێتەوە لەو خەباتەی کە کردوویەتی و هاوکاری دەزگاکانی بەعس بکات، بەڵام لەیلا قاسم کڕنۆشی بۆ دوژمن نەبرد و لێبوردن و بەخشینی دوژمنانی نەویست و بە دوژمنانی گووت: "من داوای لێبوردن تەنها لە میللەتی کورد دەکەم کە ژیان زیاتر لەوەی پێنەبەخشیم کە خزمەتی میللەتەکەم بکەم" ژیان و مەرگی شەهید لەیلا قاسم، خەبات و دیسیپلینی کادیرێکی جەربەزە و خۆنەویست و گیانفیدایە و وانەیەکی فێربوونە بۆ هەموو هەڤاڵێک لە پارتی دیموکراتی کوردستان و پێوبستە هەموو تاکێکی کورد و هەموو نیشتمانپەروەرێک ئەزموونی لێ وەرگرێت. تەنانەت لەسێدارەدانی لەیلا قاسم خەبات و چالاکییەکی دیکەبوو کە شەهید لەیلا قاسم بە پارتی و بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد بەخشی، چونکە پاش لەسێدارەدانی لەیلا قاسم، هەزاران دایکی کورد ڕۆڵەکانیان بە ناوی "لەیلا" ناو کرد و لەسێدارەدانی لەیلا قاسم پاڵنەرێکی شۆرش گێڕی بوو بۆ کادیر و ئەندامانی پارتی کە زیاتر سووربن لەسەر خەبات و بەرخودان دژی داگیرکەرانی کوردستان. باجی خەبات و لەسێدارەدانی لەیلاقاسم و هەڤاڵانی و شەهیدانی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان، ئەگەری دەسکەوتەکانی پەرلەمان و حکوومەتی ئەمڕۆی کوردستانە، بۆیە ئەمڕۆ هەموو کوردستانییەکی نیشتمانپەروەر یاد و خەباتی لەسێدارەدانی لەیلا قاسم و شەهید لەیلا قاسم و شەهیدانی بزاڤی ڕزگاری خوازیی کوردستان بەرز دەنرخێنن.

بەم شێوەیە شەهید لەیلا قاسم سەروەرییەکی دیکەی بۆخۆی و پارتی دیموکراتی کوردستان تۆمار کرد و ژیانی هەزارەها کادیری دیکەی پارتی لە شاری بەغدا پاراست.

لەیلا قاسم بەجلی کوردییەوە چووە بەر پەتی سێدارە

ئەمڕۆ ئێمە بۆیە یادی 45مین ساڵەی لەسێدارەدانی لەیلا قاسم و هەڤاڵانی دەکەینەوە، بۆئەوەی شەهید لەیلا و هەڤاڵانی لەناو دڵی هەموو کوردێکی بەشەرەف و نیشتیمان پەروەر و هەموو ئازادیخوازێکی جیهان وەکو یادەوەریەکی خەبات و بەرخودان لەپێناوی سەربەخۆیی کوردستان هێنێتەوە و هەموو جیهان بزانێ کە گەلی کورد شێرە کچێکی وا ئازا و گیانفیدای لێ هەڵکەوتووە و لەپێناو شۆرش و مافی نەتەوەکەیدا بەگیان قوربانیداوە. هەروەها کاتێک لەیلا قاسم شێرانە چووە بەر پەتی سێدارە، جلوبەرگی کوردی پۆشی و وەکو بوکی کورستان و پێشمەرگەیەکی چاونەترسی شۆڕشی ئەیلوول بەسەربەرزییەوە ملی خۆی خستە نێو پەتی سێدارە و داوای لە دایکی کرد کە خۆی دڵتەنگ و غەمگین نەکات و جلکی ڕەشی بۆ نەپۆشێت، چونکە ئەو شەهیدی شۆرش و نیشتمانە.

لەیلا قاسم و هەڤاڵەکانی لەبەرەبەیانی 12/5/1974 لەبەغدا لە سیدارە دران و گیانی پاکیان گەیشتە کاروانی شەهیدانی سەربڵندی ڕێگای ئازادی و سەرفرازی کوردستان. لەیلا قاسم یەکێک بوو لەو کێژە کوردە شۆڕشگێڕانەی کە خەونی بە ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان دەدیت و لەپێناوی سەربەخۆیی کوردستان چالاکانە لەنێو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا خەباتی دەکرد.

بۆیە پێویستە هەموو کوردستانییەکی نیشتمانپەروەر وەکو لەیلا قاسم و هەموو شەهیدانی کوردستان و هەموو پێشمەرگەکانی پارێزەری کوردستان، لە نێو ڕێبازی بارزانییی نەمردا خەبات بکەن بۆ بەدیهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان، لەپێناو مسۆگەر بوونی مافی خەڵکی کوردستان بەهەموو چین و تۆژ و نەتەوە و ئاین و ئاینزاکانەوە.

تێبینی: لەیلا قاسم لەساڵی 1974بەدەستی جەلادەکانی بەعس لەبەر خەباتی سیاسی و مافەکانی میللەتەکی کورد لەبەغدا لەسیدارە دراوە، واتا لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاست،





ژیاننامەی شەهید لەیلا قاسم

شەهید "لەیلا" ناوی (لەیلا قاسم حەسن)ـە لە /27کانوونی یەکەمی / 1952لەگوندی بانە خێڵ ـ قەزای خانەقین لەدایک بووە، شەهید لەیلا قاسم لە تۆزناخی خۆێندنی ناوەندیدابوو کە پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی قوتابیانی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد. هەر لەسەرتای پەیوەندی کردنی بە قوتابیانەوە، شەهید لەیلا قاسم بووە ئەندامێکی چالاک و جەربەزەی ئەو ڕێکخراوەیە. دواتر لەساڵی 1971لەیلاقاسم لەبەشی کۆمەڵناسی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا وەرگیرا، هەرلەوساڵەدا شەهید لەیلا قاسم لە ڕێکخراو قوتابیانی پارتییەوە، بوو بە کادیرێکی پارتی دیموکراتی کوردستان و چالاکانە دڕێژەی بەخەبات و تێکۆشانی خۆیدا لە نێو ڕێکخستنەکانی پارتی لە شاری بەغدا. لە 29/4/1974لەیلا قاسم و ژمارەیەک لە هەڤاڵانی کە ئەوانیش هەر ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون، دەزگیر کران.

www.xebat.net
یەك شەممە 2019/5/12 ژمارە (5747)
خەبات

وون بوون

ناسنامەی کۆلێژی پەروەردە بەشی ڕێنمای دەروونی بەناوی لارا فواد احمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٥ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٦٠٤٨٦٧ بەروار ٢٠١٤/٥/١٨ بەبڕی ٥٠٠٠٠٠ بەناوی سیوێ صابر خورشید وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

پێناسی پاسەوانی سنوری ناوچەی ١ کە لە بەغدا دەرچووە وە پێناسی سنوری پاسەوانی ناوچەی ١ کە لە هەولێر دەرچووە وە مۆڵەتی شوفێری کە لەشاری کەرکوك دەرچووە بەناوی عرفان عثمان علی وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە پەیوەندی بەم ژمارە مۆبایلانەوە ٠٧٥٠٣٥٩٧١٣٣ - ٠٧٧٢٨٤٦٥٦٥١.

* * *

ئاگەهداری

ئەز (یوسف توفیق محمد) خودانێ ئیمتیازێ یێ گوڤارا (داڤنشی)، دەست ژ خودانیا ئیمتیازێ بەردەم بو بەرێز (ابراهیم ادریس بابیر).

* * *

محكمة تحقيق الشمال
اعلان
الى المفقود : علي حسين شمو

قدمت السيده / فريده الياس جردو طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول

القاضي / سعود حمود الذعار

* * *

محكمة المواد الشخصية في الشمال
اعلان
الى المدعو : خضر كثر اوسو

للطلب المقدم من قبل المستدعيه (ملوكه خضر كثر) المتضمن نصبها قيمة عليك ولمجهولية محل اقامتك في الوقت الحالي تقررت المحكمة تبليغك اعلانا في صحيفتين محليتين للحضور امام المحكمة ولك الاعتراض على ذلك خلال ثلاثين يوم وعند عدم حضورك سوف تتخذ المحكمة الاجراءات ضدك وفق الاصول

القاضي / سعود حمود الذعار

* * *

مديرية تنفيذ ئاكرى
العدد /١١/ت.خ/٢٠١٩
اعلان

بناءا على القرار الصادر من هذه المديرية في الاضبارة التنفيذية المرقمة ١١/ت.خ/٢٠١٩ المتضمن بيع معمل اسفلت للمزيج القيرى نوع باركر فول اوتوماتيك (بلانت) المبين اوصافه ادناه تعلن هذه المديرية عن بيعه بالمزايدة العلنية فعلى الراغبين بالشراء مراجعة هذه المديرية مستصحبين معهم التامينات القانونية البالغة ١٠٪ من القيمة المقدرة ان لم يكن دائنا في الاضبارة التنفيذية اعلاه وستجري المزايدة في الساعة الثانية عشرة (١٢:٠٠) ظهرا من اليوم الثالث التالي لنشر الاعلان واذا صادف عطلة رسمية ففي اليوم الذي يليه علما ان الدلالية ورسوم التسجيل على المشتري

الاوصاف : رقم الاضبارة ١١/ت.خ/٢٠١٩ الموقع روفيا/كانى هەسپان الجنس معمل اسفلت (بلانت) القيمة المقدرة (٥٠٠٠٠٠) خمسمائة الف دولار امريكي

المنفذ العدل / بدران عبدالرحيم حاجي

* * *

مديرية تنفيذ بردرش
العدد /٣/ ت.خ/٢٠١٩
التاريخ/٢٠١٩/٥/٩
اعلان

قررت مديرية تنفيذ بردرش بيع المكائن الاليات ومعمل العائد للمدين (محمد شريف جليك /مدير مفوض لشركة انجل التركية اضافة لوظيفته) المدرجة اوصافها وقيمة المقدرة لهم ادناه والتي تم حجزهما لقاء دين الدائن (شيخ موس جيلان /مدير مفوض لشركة جيلان التركية) والبالغ (٢,٣٥٧,٧٠٠,٥٠٠) ملياريين وثلاثمائة وسبعة وخمسون مليون وسبعمائة الف وخمسمائة دينار فعلى الراغبين بالشراء مراجعة هذه المديرية خلال مدة ثلاثة يوما تبدا من اليوم التالي للنشر مستصحبا معه التامينات القانونية البالغة (١٠٪) عشرة من المائة من القيمة المقدرة وان رسم التسجيل والدلالية على المشتري وذلك بموجب احكام الماده (٧١) من قانون التنفيذ النافذ

المواصفات :-
• المكائن .
١- قلاب فولفو (١) موديله (١٩٨٥) ولونه (احمر) والقيمة المقدرة (٦,٠٠٠,٠٠٠)
٢- قلاب فولفو (٢) موديله (١٩٨٥) ولونه (احمر) والقيمة المقدرة (٦,٠٠٠,٠٠٠)
٣- قلاب فولفو (٣) موديله (١٩٨٥) ولونه (احمر) والقيمة المقدرة (٦,٠٠٠,٠٠٠)
٤- قلاب فولفو (٤) موديله (١٩٨٥) ولونه (احمر + خط ابيض) والقيمة المقدرة (٤,٠٠٠,٠٠٠)
٥- قلاب فولفو (٥) موديله (١٩٨٦) ولونه (احمر + خط ابيض) والقيمة المقدرة (١,٣٠٠,٠٠٠)
٦- قلاب فولفو (٦) موديله (١٩٨٥) ولونه (احمر) والقيمة المقدرة (٤,٠٠٠,٠٠٠)
٧- قلاب فولفو (٧) موديله (١٩٨٥) ولونه (احمر + خط ابيض) والقيمة المقدرة (١,٣٠٠,٠٠٠)
٨- قلاب فولفو (٨) موديله (١٩٨٥) ولونه (احمر) والقيمة المقدرة (١,٣٠٠,٠٠٠)
• المعمل
١- معمل قير اسفلت بلانت كامل مع ملحقاته والقيمة المقدرة (٧٥٠,٠٠٠,٠٠٠)

\المنفذ العدل / عنتر فرهاد محمد

* * *

مديرية تنفيذ بردرش
العدد /٣/ ت.خ/٢٠١٩
التاريخ/٢٠١٩/٥/٩
اعلان

قررت مديرية تنفيذ بردرش بيع المكائن الاليات ومعمل العائد للمدين (محمد شريف جليك /مدير مفوض لشركة انجل التركية اضافة لوظيفته) المدرجة اوصافها وقيمة المقدرة لهم ادناه والتي تم حجزهما لقاء دين الدائن (شيخ موس جيلان /مدير مفوض لشركة جيلان التركية) والبالغ (٢,٣٥٧,٧٠٠,٥٠٠) ملياريين وثلاثمائة وسبعة وخمسون مليون وسبعمائة الف وخمسمائة دينار فعلى الراغبين بالشراء مراجعة هذه المديرية خلال مدة ثلاثة يوما تبدا من اليوم التالي للنشر مستصحبا معه التامينات القانونية البالغة (١٠٪) عشرة من المائة من القيمة المقدرة وان رسم التسجيل والدلالية على المشتري وذلك بموجب احكام الماده (٧١) من قانون التنفيذ النافذ

المواصفات :-
• المكائن .
١- حادلة عجلة حديدية (١) موديله (١٩٧٥) ولونه (اصفر+ ابيض) والقيمة المقدرة (٢,٥٠٠,٠٠٠)
٢- حادلة عجلة حديدية (٢) موديله (٢٠١١) ولونه (اصفر+ اخضر) والقيمة المقدرة (٢٠,٠٠٠,٠٠٠)
٣- حادلة عجلة حديدية (٣) موديله (٢٠١١) ولونه (اصفر+ اخضر) والقيمة المقدرة (١٤,٠٠٠,٠٠٠)
٤- حادلة عجلة مطاطية (١) موديله (٢٠١٢) ولونه (اصفر+ اخضر) والقيمة المقدرة (٢٠,٠٠٠,٠٠٠)
٥- حادلة عجلة مطاطية (٢) موديله (٢٠١٢) ولونه (اصفر+ اخضر) والقيمة المقدرة (٢٠,٠٠٠,٠٠٠)
٦- فارشة اسفلت (١) موديله (٢٠١٢) ولونه (احمر+ نفطي+ اصفر) والقيمة المقدرة (٦٥,٠٠٠,٠٠٠)
٧- فارشة اسفلت (٢) موديله (٢٠١٢) ولونه (احمر+ نفطي+ اصفر) والقيمة المقدرة (٦٥,٠٠٠,٠٠٠)
٨- فارشة اسفلت (٣) موديله (٢٠٠١) ولونه (اصفر) والقيمة المقدرة (٤٠,٠٠٠,٠٠٠)
٩- كريدر تاير (١) موديله (٢٠٠١) ولونه (اصفر) والقيمة المقدرة (٢٠,٠٠٠,٠٠٠)
١٠-كريدر تاير (٢) موديله (١٩٨٧) ولونه (اصفر) والقيمة المقدرة (١٠,٠٠٠,٠٠٠)
١١- كريدر تاير (٣) موديله (١٩٨٦) ولونه (اصفر) والقيمة المقدرة (٤,٠٠٠,٠٠٠)
١٢- فلات (BMC) كرين موديله (١٩٩١) ولونه (اصفر) والقيمة المقدرة (١٢,٠٠٠,٠٠٠)
١٣- قلاب جوانب (BMC) موديله (٢٠٠٠) ولونه (ابيض) والقيمة المقدرة (٩,٠٠٠,٠٠٠)

المنفذ العدل / عنتر فرهاد محمد

* * *

مديرية تنفيذ بردرش
العدد /٣/ ت.خ/٢٠١٩
التاريخ/٢٠١٩/٥/٩
اعلان

قررت مديرية تنفيذ بردرش بيع المكائن الاليات ومعمل العائد للمدين (محمد شريف جليك /مدير مفوض لشركة انجل التركية اضافة لوظيفته) المدرجة اوصافها وقيمة المقدرة لهم ادناه والتي تم حجزهما لقاء دين الدائن (شيخ موس جيلان /مدير مفوض لشركة جيلان التركية) والبالغ (٢,٣٥٧,٧٠٠,٥٠٠) ملياريين وثلاثمائة وسبعة وخمسون مليون وسبعمائة الف وخمسمائة دينار فعلى الراغبين بالشراء مراجعة هذه المديرية خلال مدة ثلاثة يوما تبدا من اليوم التالي للنشر مستصحبا معه التامينات القانونية البالغة (١٠٪) عشرة من المائة من القيمة المقدرة وان رسم التسجيل والدلالية على المشتري وذلك بموجب احكام الماده (٧١) من قانون التنفيذ النافذ

المواصفات :-
• المكائن .
١٠- مان رأس تريلة موديله (١٩٨٥) ولونه (ابيض) والقيمة المقدرة (٥,٠٠٠,٠٠٠)
١١- شفر تاير كتر بلير (١) موديله (١٩٩٠) ولونه (اصفر) والقيمة المقدرة (٨,٠٠٠,٠٠٠)
١٢- شفر تاير كتر بلير (٢) موديله (١٩٩٠) ولونه (اصفر) والقيمة المقدرة (٨,٠٠٠,٠٠٠)
١٣- شفر تاير كتر بلير (٣) موديله (٢٠٠٨) ولونه (اصفر+ نفطي) والقيمة المقدرة (١٠,٠٠٠,٠٠٠)
١٤- بلدوزر زنجير موديله (١٩٨٨) ولونه (اصفر) والقيمة المقدرة (٣٨,٠٠٠,٠٠٠)
١٥- ايسوز تانكر حوضية موديله (١٩٨٦) ولونه (ابيض) والقيمة المقدرة (٢,٥٠٠,٠٠٠)
١٦- فار بيك اب موديله (٢٠٠) ولونه (احمر) والقيمة المقدرة (١,٠٠٠,٠٠٠)
١٧- حفارة زنجير كتر بلير موديله (١٩٩٦) ولونه (اصفر) والقيمة المقدرة (٥٥,٠٠٠,٠٠٠)
١٨- مان قلاب (١) موديله (١٩٩٥) ولونه (ابيض+ خط احمر) والقيمة المقدرة (٣,٠٠٠,٠٠٠)
١٠- مان قلاب (٢) موديله (١٩٩٦) ولونه (ابيض+ خط احمر) والقيمة المقدرة (٣,٠٠٠,٠٠٠)
١١- حفارة زنجير دايو موديله (٢٠٠٤) ولونه (برتقالي) والقيمة المقدرة (٤٠,٠٠٠,٠٠٠)
١٢- حفارة زنجير ليبهر موديله (٢٠٠٠) ولونه (اصفر+ ابيض) والقيمة المقدرة (٣٠,٠٠٠,٠٠٠)
١٣- حفارة زنجير دوسان موديله (٢٠٠٨) ولونه (برتقالي) والقيمة المقدرة (٤٢,٠٠٠,٠٠٠)

المنفذ العدل / عنتر فرهاد محمد

* * *

ئاگاداری

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێ دانی رووبەری (٧٥٠٠)م٢ لە پارچە زەوی ژمارە (١/٢) ك (١٠) سویرێ، بەمەبەستی دروست کردنی کۆگا بۆ ماوەی (٢٠) بیست ساڵ بە زیاد کردنی ئاشکرا بە پێی یاسایی ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ هەموارکراو ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦ جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە هەولێر بدات لە ماوەی (٣٠) رۆژ کە دەست پێ دەکات لە رۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێی بێت لەبری پارەی خەملێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچیە.

د. کمال طیب قادر
بەڕێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری

* * *

کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری
سەرچاوە مرۆییەکان
هۆبەی خۆیەتی
ژمارە: ٨٠٧/٢/٤
ڕێکەوتی: ٢٠١٩/٥/٩

بۆ/ کارزان یوسف محمد/ بەناونیشانی (مامۆستای یاریدەدەر) لەکۆلێژەکەمان

بیرخستنەوە

دوابەدوای فەرمانی کارگێڕیمان ژمارە ٥٤١/٢/٤ لە (٢٠١٩/٤/٨) وە لەبەر دابڕانت لەکارەکەت لەڕێکەوتی (٢٠١٩/٣/١) تاکو ئەمڕۆ بەبێ هۆ و ئاگاداری ئێمە داوات لێ دەکەین بگەڕێتەوە سەر کارەکەت لەماوەی ٧ حەوت رۆژ لە ناوەوەی هەرێم بیت وە (٣٠) سی رۆژ ئەگەر لەدەرەوەی هەرێم بیت بەپێچەوانەوە بەدەست بەردار لە کارەکەت دادەنرێت بەپێی برگەی (٢) ماددەی (٣٧) لە یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی (١٩٦٠) هەموارکراو کۆتایی بە راژەکەت دەهێنرێت.

پ.د. احلام ابراهیم ولی
راگر

* * *

سەرۆکایەتی لێژنەی بڕیاری ٢٢٢ ساڵی ١٩٧٧
ژمارە: ١٥٨
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٧

ئاگاداری

ئاگاداری خاوەن پارچە زەویەکانی ژمارە (٦٠ و ٨٢ و ٩٠ و ١٢) کەرتی ١٨/قیرژە و (١١٧ و ٥٦) کەرتی ١٠/بیریژ و (٥٣ و ٤٥ و ١٧٦) ٧٩ گراو هاووڵاتیان (رەگەز مینا احمد و هیوا احمد شریف و سەردار پیرداود حمدامین و هەرێم زیتو محمد و بۆتان صلاح حسین و حمد حسن اسماعیل و سرود فاروق فتح اللە و رێباز فرحان اسعد و عبدالزمان ولی عبدالواحد و پشتیوان بکر قادر) دەکەینەوە کەوا لێژنەی بڕیاری (٢٢٢) ساڵی ١٩٧٧ هەڵدەستێت بە کوژاندنەوەی پارچە زەوی ئاماژە پێکراو بۆ بەرژەوەندی سەرۆکایەتی شارەوانی سەری بڵند جا بە خۆتان یان بریکاردارتان ئامادەبن لە رۆژی ٢٠١٩/٦/٣ بۆ کەشف بۆ سەر پارچە زەویەکە بە پێچەوانەوە لێژنەکە کاری یاسایی خۆی ئەنجام دەدات.

د.عبدالرحیم عمر مصطفی
سەرۆکی لێژنە

* * *

سەرۆکایەتی لێژنەی بڕیاری ٢٢٢ ساڵی ١٩٧٧
ژمارە: ١٥٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٨

ئاگاداری

ئاگاداری خاوەن پارچە زەویەکانی ژمارە (٣٦٤ و ٣٦٣ و ٣٦٢ و٣٤١ و ٣٤٠ و ٤٨ و ٥٤ و ٣٣٤ و ٣٣٣ و ٣٣٢ و ٥٣) کەرتی ٥/ عنکاوە هاووڵاتیان (شمعون ایلیا حندولە و ایلیا خوشابە بن حندولە و سلمان نوشی نعمان و هرمز و روخو مندالانی مشی حنا و حنا و هیلانە مندالانی هرمز شابو و بطرس و عبدالاحد کورانی یوسف قاقوز و سلیم القس بهنام اسحق و نیسان صلیوە هرمز و صلیوە صادق صلیوە و اوسا یلدا بنیامین و رحیم یعقوب دنحا و مولود بن عبدالرحمن) دەکەینەوە کەوا لێژنەی بڕیاری (٢٢٢) ساڵی ١٩٧٧ هەڵدەستێت بە کوژاندنەوەی پارچە زەوی ئاماژە پێکراو بۆ بەرژەوەندی سەرۆکایەتی شارەوانی عنکاوە جا بە خۆتان یان بریکاردارتان ئامادەبن لە رۆژی ٢٠١٩/٦/١٩ بۆ کەشف بۆ سەر پارچە زەویەکە بە پێچەوانەوە لێژنەکە کاری یاسایی خۆی ئەنجام دەدات.

د.عبدالرحیم عمر مصطفی
سەرۆکی لێژنە

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدانی دووەم لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی هەولێر
ژمارە ٢١/١٠٠
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٧

ئاگاداری

لیژنەی سەرەوە هەڵدەستێ بە بەکرێدانی (٨١) دوکانی مولکی شارەوانی لەسەر بەشێکی زەوی ژمارە (١/١٠٨٣٩ ك ٨٦ بنەسڵاوە) بەمزایدەی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ بەم شێوەی کە لەخوارەوە دیار کراوە ئەو کەسەی نیازی بەشداربوونی هەیە لە زیادکردنی ئاشکرا با سەر لە سەرۆکایەتی شارەوانی بنەسڵاوە بدات مزایدەکە ئەنجام دەدرێت لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٦/١٧ کاتژمێر (١١) یانزەی بەیانی لە رۆژی دیارکراو کرێگرتەش دەبێ بارمتەی یاسایی بە رێژەی (٢٠٪) لە کرێی خەملێندراو لەگەڵ خۆی بهێنێ هەروەها کرێی بڵاوکردنەوە و خەرجی تریش دەکەوێتە ئەستۆی خۆی.

١- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی ژمارە (٢٢) لەسەر بەشێك لەپارچە زەوی ژمارە (١/١٠٨٣٩ ك ٨٦ بنەسڵاوە) رووبەری زەوی/ ٥٤م٢ کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ کۆی رووبەر/ ٥٠٠٠٠٠ پێنج سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.
٢- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی ژمارە (٢٣+٣١+٣٦+٣٩+٤٠+٤٢+٦٦+٦٧+٦٨+٩٠ تاکو ١١٣+١١٥ تاکو ١١٩) لەسەر بەشێك لەپارچە زەوی ژمارە (١/١٠٨٣٩ ك ٨٦ بنەسڵاوە) رووبەری زەوی/ ١٨م٢ کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ کۆی رووبەر/ ٢٠٠٠٠٠ دوو سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.
٣- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی ژمارە (٤٣) لەسەر بەشێك لەپارچە زەوی ژمارە (١/١٠٨٣٩ ك ٨٦ بنەسڵاوە) رووبەری زەوی/ ٥٤م٢ کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ کۆی رووبەر/ ٢٠٠٠٠٠ دوو سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.
٤- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی ژمارە (٤٥ تاکو ٤٩+٥٥+٦٠+٦١+٦٩ تاکو ٧٥+٧٨ تاکو ٨١+٨٣+٨٤+٨٥+٨٧) لەسەر بەشێك لەپارچە زەوی ژمارە (١/١٠٨٣٩ ك ٨٦ بنەسڵاوە) رووبەری زەوی/ ١٨م٢ کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ کۆی رووبەر/ ٣٠٠٠٠٠ سێ سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.
٥- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی ژمارە (٧٧) لەسەر بەشێك لەپارچە زەوی ژمارە (١/١٠٨٣٩ ك ٨٦ بنەسڵاوە) رووبەری زەوی/ ٥٤م٢ کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ کۆی رووبەر/ ٧٥٠٠٠٠ حەفت سەد و پەنجا هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.
٦- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی ژمارە (١١٤) لەسەر بەشێك لەپارچە زەوی ژمارە (١/١٠٨٣٩ ك ٨٦ بنەسڵاوە) رووبەری زەوی/ ٥٤م٢ کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ کۆی رووبەر/ ٥٠٠٠٠٠ پێنج سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.
٧- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی ژمارە (١٢٠) لەسەر بەشێك لەپارچە زەوی ژمارە (١/١٠٨٣٩ ك ٨٦ بنەسڵاوە) رووبەری زەوی/ ٥٤م٢ کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ کۆی رووبەر/ ٦٠٠٠٠٠ شەش سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.
٨- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی ژمارە (٨٩) لەسەر بەشێك لەپارچە زەوی ژمارە (١/١٠٨٣٩ ك ٨٦ بنەسڵاوە) رووبەری زەوی/ ٣٧م٢ کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ کۆی رووبەر/ ٥٠٠٠٠٠ پێنج سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.
٩- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ دوکانی ژمارە (١٥+١٢١) تاکو (١٣٣) لەسەر بەشێك لەپارچە زەوی ژمارە (١/١٠٨٣٩ ك ٨٦ بنەسڵاوە) رووبەری زەوی/ ١٨م٢ کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ کۆی رووبەر/ ٢٥٠٠٠٠ دوو سەد و پەنجا هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.

ئەندازیار
نەبەز محی الدین نافذ
بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی هەولێر/ بەوەکالەت

* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٥
ژمارە: ١٣٩٠/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٩/٤/٢٢

بۆ/ تۆمەتباری راکردوو شمال عزت محمد

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی ئامادەنەبووین لەرۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٤/٧ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە (ئامادەنەبوون) بەشێوەی ئاشکرا لەداوای تاوانی ژمارە ١٣٩٠/ك/٢٠١٨ وە بڕیاردرا تاوانبار بکرێت بە پێی ماددەی ٢٩٩ لەیاسای سزادان حوکم درا بەسەرتا بەبەندکردنی سوك بۆ ماوەی (٣) سێ مانگ وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بڕیارە بەگوێرەی یاسا.

دادوەر/ بێخال محمد مصطفی

* * *

دادگای بەرایی هەولێر/٥
ژمارە/ ٢٢٧/ ب٥/ ٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٥

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (فرمان جلال حمە کریم)

داواکار (کۆمپانیای الحیاة) داوای ژمارە ٢٢٧/ ب٥/ ٢٠١٩ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی اشعاری موختاری هەولێر/ گەرەکی رۆشنبیری) لە ٢٠١٩/٣/٢٧ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ رۆژی دادبینی (٢٠١٩/٥/٢٧) کات (٩) ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت..

دادوەر/ کاوە صدیق حسین

* * *

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ١٩٨ /ش/ ٢٠١٩
رێکەوتی / ٢٠١٩ / ٥ / ٩

راگەهاندن

بو / داوالێکراو : هلال حسین محمد

ڤێ دادگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە (١٩٨ /ش/٢٠١٩) ل روژا (٢٠١٩/٥/٥) ژێك ڤەبونا دادی (تفریق قضائی) دناڤبەرا تە و داواکار (دیلان احمد محمد) و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە ول دیف دەڤێ یاسایی کو پێتڤیە ئاگەهداریا تە دەمێ دەرکەتنا بڕیاری زی ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە و تە مافێ نە رازیبونێ وپێداچوونی یێ هەیی دماوەی یاساییدا و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت.

دادوەر / یوسف الیاس سدن

* * *

داد گەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٢٩٦ /ش/ ٢٠١٩
رێکەوتی / ٢٠١٩ / ٥ / ٨

راگەهاندن

بو / داوالێکراو : خیری نزار یحیی

ل دیف داخوازا داواکار(خالدە حسین سمو) وکێشا ژمارە (٢٩٦ /ش/٢٠١٩) کو تێدا داخوازا ژێکڤەبون ژتە دکت ، و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو دادگەهێ ول دیف نقیسارا بنگەهی پولیسین (زاخو) یا ژمارە (٧٤٥) ل (٤/٢٩/ ٢٠١٩) و نقیسارا هەلبژارێ گوندێ (دەشت مر/ ١) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە دا ئامادە بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل روژا (٢١ /٥/ ٢٠١٩) ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان بریکارەکێ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دی دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن .

دادوەر / یوسف الیاس سدن

* * *

دادگای بەرایی هەولێر/٥
ژمارە: ٢١٩٤/ب٥/٢٠١٨
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٢/٢٦

جاردان

بۆ داوالێکراو: ساڵار عبدالجلیل عباس

ئاماژە بە داوای بەرایی ژمارە (٢١٩٤/ ب٥/٢٠١٨ کە تۆمارکرابوو لەسەرتان لەلایەن داواکار (دنیا تحسین قرنی) ئەم دادگایە لە رۆژی ٢٠١٩/١/١٧ بە پاشملە بڕیاریدا بە پابەندکردنت بە گەڕاندنەوەی سەرجەم کەل و پەلەکان بە بەهای ٢,٦٨٨,٠٠٠ وە دانی بڕی ٢٦٦,٨٠٠ دووسەدو شەست و شەش هەزار و هەشت سەد دینارەکو ماندووبوونی پارێزەرایەتی.
لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنتان نادیارە بۆیە ئەم دادگایە بڕیاریدا بە پێراگەیاندنت لە رێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی. وە ئێوە مافی نارەزایی (اعتراض) و تێهەڵچوونەوەو پێداچوونەوەتان هەیە لە بڕیاری پاشملەی دادگا لەماوەی یاسایی دا ئەگەر نا بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/کاوە صدیق حسین

* * *

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر
تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دەشتی هەولێر
ژمارە/١١٨١
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/٦

جاردان

تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دەشتی هەولێر لەرێگای زیادکردنی ئاشکرا المزایدە العلنیە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی مولکی ژمارە (٢١/١٧٧٨ کەرتی ٧٢ دارەتوو) کە تۆمارە بەناوی قەرزار (جبرائیل عباس هادی) بارمتەی خراوەتە سەر بۆ بەرژەوەندی خاوەن قەرز مصرف الشرق الاوسط لە جیاتی قەرزی بڕی پارە ٩٠٠٠٠٠٠ نۆ ملیون دینار و تەواوی زانیاری لەسەر مولکەکە لە خوارەوەی ئەم جاردانە نوسراوە هەر کەسێك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە باسەردانی تێبینەرایەتیەکەمان بکات لە ماوەی (١٥) پازدە رۆژ لە دوای بڵاوکردنەوەی ئەم جاردانە زیادکردنە کە لە تێبینەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێت لە کاتژمێر دەانزەی نیوەرۆ بۆ زانین کریار بروانامەی عیراقی هەبێت و (١٠٪)ی نرخی خەملێندراوی مولکەکە لەگەڵ خۆی بهێنێ و رسومی تۆمارکردن کرێی جاردان لەسەر کریارە.

زانیاری لەسەر مولکەکە:
خاوەن قەرز (مصرف الشرق الاوسط)
خاوەن مولك (جبرائیل عباس هادی)
ژمارەی مولك (٢١/١٧٧٨ کەرتی ٧٢ دارەتوو)
رووبەری مولك (١٢٥م٢)
شوێنی مولك (ناحیەی دارەتوو/ دەکەوێتە سەر شەقامی ١٠م)
پێکهاتەکەی/ پێکهاتووە لە دوو نهۆم: نهۆمی یەکەم: یەك ژوورو مطبخ و حمام و مرافق نهۆمی دووەم: دوو ژوورو حمام و مرافق لە بلۆك و کۆنکریت مسلح دروست کراوە.

محمد سلیمان محمد
تێبینەری تۆمارکردنی خانووبەرەی دەشتی هەولێر

* * *

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر
هۆبەی/ یاسایی
ژمارە: ٢٧٩٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/٨

پێراگەیاندن

بۆ قەرزار/ جمال جلال لطیف/ کە شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە پاڵپشت بە (اشعار) ی موختاری گەرەکی (سیداوە) لەڕێکەوتی ٢٠١٩/٤/٢٩.
خاوەن قەرز/ (مصرف الشرق الاوسط العراقی) لقی سامان بەپێی نووسراویان ژمارە (٣٧٦/٨/٦٣١٣) و (٣٧٥/٨/٦٣١٣) لە ٢٠١٩/٤/٧ کە داوای فرۆشتن (بارمتە)ی هەردوو مولکی بەژمارە (٤٤٥ ، ٣٥٨/٤٤٦ك ٤٥ وارش) دەکات کە لەبەرژەوەندی بانکەکەیان بارمتە (رهن) کراون و لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی (اشعار)ی موختاری گەرەکی (سیداوە) بۆیە بە (٢) رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێراگەیاندنی سەرەوەت پێرادەگەینین لەماوەی (١٥) پازدە رۆژ بەپێی یاسا بۆت هەیە بری ئەو قەرزانەی کە لەسەرتا بیدەیتەوە بەپێچەوانەوە هەردوو مولکی بارمتەکراوە کە بەزیادکردنی ئاشکرا (المزایدة العلنیة) لەم بەڕێوەبەرایەتیە دەفرۆشرێت بۆ زانین و ئاگاداریتان.

بەڕێوەبەر
خسرۆ سعید ادم
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر

* * *

دادگای بەرایی هەولێر/٤
ژمارە: ٨٦٣/ب٤/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/٨

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (رائد جبار سعداللە)

داواکاران (١- کامران جلیل خلیل ٢- دیار جلیل خلیل ٣- دارا جلیل خلیل) داوای ژمارە (٨٦٣/ب٤/٢٠١٩)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان بەپێی دانانی کرێی مانگانە بەبڕی (٣٠٠٠) دولاری ئەمریکی وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیاری بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ گەرەکی شۆرش) لە ٢٠١٩/٤/٧ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ رۆژی دادبینی (٢٠١٩/٦/١٢) کات (٩)ی بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.

دادوەر/ محمد بهاءالدین عبداللە

* * *

سەروکاتیا باژێرڤانیا ئاکرێ
مولك و زەڤی و زار
ژمارە: ١١٧٨/٢٣٤/٣٥/٣٥
ڕێکەفت: ٢٠١٩/٥/٩

ئاگاداری

ئاگەهداریا هەڤوەلاتیێن بەرێز دکەین سەرئێك زێدەکرنا ئاشکرا یا هەی ژبو فروتنا پارچە ئەردێن ل خارێ دیار لدیف یاسا ژمارە ٣٢ ل سالا ١٩٨٦ یا تایبەت ب فروتن و کرێدانا مولکێن دەولەتێ لەوما هەرکەسەکێ بڤێت بەشداریێ دڤێ سەرئێك زێدەکرنێ دا بکەت بلا دخوازیێن خو دگەل دابینکرنا کوژمێ ٢٠٪ ژ بهایێ خەملاندنێ وەك بارمتە بو سەروکاتیا باژێرڤانیا ئاکرێ پێش کێش بکەت ل ماوێ ٣٠ روژا ل روژا بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ و ئەڤ سەر ئێك زێدەکرنە دێ هێتە کرن دەم ژمێر ١٢ دووانزدەی نیڤرو ل دیوانا سەروکاتیا باژێرڤانیا ئاکرێ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ بەلاڤکرنێ و هەمی خەرجیێن پێتڤی کەڤنە ستویێ وی.

١- ژمارا پارچە ئەردی/ ١٢٠١/١ کەرت/ ٨٩ شیوەکور رووبەر/م٢/ ٤٠٠
٢- ژمارا پارچە ئەردی/ ١٢٣٥/١ کەرت/ ٨٩ شیوەکور رووبەر/م٢/ ٢٤٣,٦٦
٣- ژمارا پارچە ئەردی/ ١٤٠/٤٠ کەرت/ ٩٦ خربە رووبەر/م٢/ ١٢٣,٧٥
٤- ژمارا پارچە ئەردی/ ٤١/٤٠ کەرت/ ٩٦ خربە رووبەر/م٢/ ١٣٥
٥- ژمارا پارچە ئەردی/ ١٢٠٤/١ کەرت/ ٩٥ لالەیی رووبەر/م٢/ ٣٢٨,٦٦
٦- ژمارا پارچە ئەردی/ ٤٥٧/١٣ کەرت/ ٩٣ تەنشت ئاکرێ رووبەر/م٢/ ٢٥٠
٧- ژمارا پارچە ئەردی/ ٤٥٨/١٣ کەرت/ ٩٣ تەنشت ئاکرێ رووبەر/م٢/ ٢٥٠

بلند رضا زبیر
سەروکێ باژێرڤانیا ئاکرێ

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارگای خانووبەرە
تێبینەرایەتی تۆمارگای خانووبەرەی زاخو
جاردانی داواکاری سەر لەنوێ تۆمارکردنەوەی خانووبەرە

بەپێی ئەو داواکاریەی لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٥/٨ پێشکەش بەم فەرمانگەیە کراوە بۆ سەر لەنوێ تۆمارکردنی تەواو خانووبەرەی زنجیرە (٤/٣٥٢) کەرتی (١١ اشکفتە مارا) بەناوی محی حاجی محمد کە لەژێر دەستییەتی بۆماوەی یاسایی وەك خاوەنی وە بەمەبەستی خاوەنداریەتەکەی بۆ ئەوەی بەپێی یاسایی تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣) ساڵی (١٩٧١) تۆماربکرێت بڕیارماندا داواکاریەکە بڵاوبکرێتەوە جا هەرکەسێك پەیوەندی هەبێت یا مافێکی دیاری کراوی لەسەر هەبێت لەماوەی (٣٠ رۆژ) لە رۆژی بڵاوکردنەوەکە بەڵگەو قەوالەی خۆی پێشکەش بەم تێبینەرایەتیە بکات و لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانی رۆژی کۆتایی دوای بڵاوکردنەوەکە لە شوێنی خانووبەرەکە ئامادەبێت بۆ سەلماندنی مافەکانی لەکاتی ئەنجامدانی ئەو نۆڕینە کە لەو رۆژی بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دەدرێت.

یونس محمد احمد
رێڤەبەر

* * *

سەرۆکایەتی لێژنەی یەکەمی زەوی دەست بەسەراگرتن لە هەولێر
ژمارە: ٤٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/٨

ئاگاداری

لەسەر داوای بریکاری هاووڵاتی (عاصمە احمد ابراهیم) پارێزەر (نجم الدین عزیز شیخە) سەرۆکایەتی لێژنەکەمان هەڵساوە بە راستکردنەوەی ناو:-
لە (مریم احمد) بۆ (مریم احمد خانە) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەویەکانی ژمارە (٩، ، ٢٨، ٢٩، ٣٠، ٣١، ٣٢، ٣٥، ٤٦) کەرتی ١٥١/دوشیوان, کە لەساڵانی تەسویە بەهەڵە تۆمار کراون, جا هەر کەس و لایەنێك بۆ هەرڵستکاری هەیە لەسەر راسترکردنەوەی ناوەکە ئاگادارمان بکاتەوە لەماوەی (١٥) رۆژ لەبڵاوکردنەوەی ئاگاداریەکە بەپێچەوانەوە لێژنەکەمان کارەکەی ئەنجام دەدات بەپێی یاسا.


کاروان ابراهیم اسماعیل/ سەرۆکی لێژنە

* * *

سەرۆکایەتی لیژنەی یەکەمی زەوی دەست بەسەراگرتن لە هەولێر
ژمارە: ٤١
رێکەوت: ٢٠١٩/٥/٨
ئاگاداری
لەسەر داوای بریکاری پارێزەر (هەلمەت حسین علی) بریکاری (عمشە یونس عبدالله) سەرۆکایەتی لیژنەکەمان هەڵساوە بە راستکردنەوەی ناو:- لە (یونس عبد جادر) بۆ (یونس عبدالله جادر) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەویەکانی ژمارە (١٦، ٢٧، ٩٤، ١٠٠، ١١٩) کەرتی ١٨/ابو جردە، کە لەساڵانی تەسویە بەهەڵە تۆمار کراون, جا هەر کەس و لایەنێك بۆ هەرڵستکاری هەیە لەسەر راستکردنەوەی ناوەکە ئاگادارمان بکاتەوە لەماوەی (١٥) رۆژ لەبڵاوکردنەوەی ئاگادارییەکە بەپێچەوانەوە لیژنەکەمان کارەکەی ئەنجام دەدات بەپێی یاسا.
کاروان ابراهیم اسماعیل/ سەرۆکی لیژنە
* * *
دادگای بەرایی هەولێر/٤
ژمارە/ ٤٠١/ ب/٤/ ٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٩
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (دلشاد محمد علی)
داواکار (فرهاد محمد علی) داوای ژمارە ٤٠١/ ب/٤/ ٢٠١٩حادثة منظمة ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان بە پابەندکردنت بە گەڕاندنەوەی بڕی (١٨٠,٠٠٠) دۆلار امریکی وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری هەولێر/ گەرەکی ژیان) لە ٢٠١٩/٣/١٢ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ رۆژی دادبینی (٢٠١٩/٥/١٦) کات (٩) ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت..
دادوەر/ محمد بهاءالدين عبدالله
* * *
دادگای بەرایی شەقڵاوە
ژمارە:١١٣/ب/٢٠١٨
رێکەوت:٢٠١٩/٥/٩
جاردان
بۆ داوالێکراوان: (وریا، وشیار، سردار، سربست، نسرین، نرمین، بفرین) مندالانی (حسین ابراهیم قادر)
داواکاران/ (شهناز حسین محمد علی هاوبەشەکەی)) بریکاریان پارێزەر/ خسرۆ عبدالله شمس الدین
داواکار داوای بەرایی ژمارە ١١٣/ب/٢٠١٩ لەم دادگایە لەسەرتان تۆمارکردووە تیایدا داوای نەهێشتنی پشکداری (ازالە شیوع) دەکات لە مولکی ژمارە (٦٥ کەرتی ١ بساتین) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنتان نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (شەقلاوە گەرەکی سەرمیدان) بۆیە پێتان رادەگەینین کە بەدوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە کە لە رۆژی دادبینی (٢٠١٩/٥/٢٦) ئامادەبن یان بریکارتان بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بەپاشملەو ئاشکرا.
دادوەری یەکەم
تەرزە سالار عثمان
* * *
ئاگاداری
بۆ گشت لایەن و کەسایەتییە پەیوەندی دارەکان..
من (پارێزەر) (کاروان رشید صالح) کە بەپێی کۆنووسی بڕیاری دامەزرێنەری (کۆمپانیای ئامراز بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) کە لەرۆژی ٢٠١٩/٤/٣٠ دا بڕیار دراوە بەدانانم وەك پاکتاو دەکرێ و هەرکەس و لایەنێك پەیوەندی هەیە بە کۆمپانیا یان قەرزی لەلای کۆمپانیا هەیە ئەوا لەماوەی (١٠) دە رۆژدا پەیوەندی بەپاکتاوکاری کۆمپانیاوە بکات بەمەبەستی بەکلاییکردنەوە.
پاکتاوکاری کۆمپانیا
پارێزەر/ کاروان رشید صالح
٠٧٧٠١٣٧٧٠٠٢
* * *
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە/ ١٨٨/ج٢٠١٧/٣
رێکەوت/ ٢٠١٩/٤/٢٥
بۆ/ سزادراوی هەڵاتوو: نیزیك امین عبدالله
ئاگادارکردنەوەی سزا
دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر داوای ژمارە ١٨٨/ج٢٠١٧/٣ وە پاش دادگایی کردنی پاشملە غیابی رۆژی ٢٠١٩/٣/٤ بڕیاری دەرکرد بە سزادانت بەدوو جار بەندکردنت هەر جارێك بۆ ماوەی ١ یەك ساڵ هەردوو سزاکەش بەدوای یەك جێبەجێ دەکرێ لەسەرت بەپێی مادده ٤٤٤/أولا و ٤٤٤/ أولا/٣١ لە یاسای سزایی بۆیە بە گوێرەی یاسا پێت رادەگەیێنین کە خۆت رادەستی ئەم دادگایە یان بنکەیەکی پۆلیس بکە دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ بەسەر رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بێ ئەوەی نارازی بی بە پێچەوانەوە بڕیاری تۆمەتبار کردنت و سزادانت دەبێتە بڕیای ئامادە حکم الوجاهی پالپشت بە ماددەی ١٤٣ و ٢٤٣/أ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردن (أصول محاکمات الجزائیە).
دادوەر/ زرار محمود مرادخان
* * *
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە/ ٤٦٦/ج٢٠١٥/٣
رێکەوت/ ٢٠١٩/٤/٢٥
بۆ/ سزادراوانی هەڵاتوو: هاوژین علی حسین و دیاکۆ علی حسین
ئاگادارکردنەوەی سزا
دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر داوای ژمارە ٤٦٦/ج٢٠١٥/٣وە پاش دادگایی کردنی پاشملە غیابی رۆژی ٢٠١٨/١٢/١٩ بڕیاری دەرکرد بە سزادانتان بە بەندکردنتان بۆماوەی شەش مانگ بەپێی مادده ٤٤٦ لە یاسای سزایی بۆیە بە گوێرەی یاسا پێتان رادەگەیێنین کە خۆتان رادەستی ئەم دادگایە یان بنکەیەکی پۆلیس بکە دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ بەسەر رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بێ ئەوەی نارازی بی بە پێچەوانەوە بڕیاری تۆمەتبار کردنتان و سزادانتان دەبێتە بڕیای ئامادە حکم الوجاهی پالپشت بە ماددەی ١٤٣ و ٢٤٣/أ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردن (أصول محاکمات الجزائیە).
دادوەر/ زرار محمود مرادخان
* * *
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە/ ٢١٥/ج٢٠١٧/٣
رێکەوت/ ٢٠١٩/٤/٢٥
بۆ/ سزادراوانی هەڵاتوو: (احمد صدیق میری و محمد صدیق میری و محمود صدیق میری و صابر صدیق میری و فرمان محمود صدیق)
ئاگادارکردنەوەی سزا
دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر داوای ژمارە ٢١٥/ج٢٠١٧/٣ پاش دادگایی کردنی پاشملە غیابی رۆژی ٢٠١٩/٤/١١ بڕیاری دەرکرد بە سزادانتان (لە سێدارە دان تاکو مردن) بەپێی مادده ١/٤٠٦-أ لە یاسای سزایی بۆیە بە گوێرەی یاسا پێتان رادەگەیێنین کە خۆتان رادەستی ئەم دادگایە یان بنکەیەکی پۆلیس بکە دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ بەسەر رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بێ ئەوەی نارازی بی بە پێچەوانەوە بڕیاری تۆمەتبار کردنتان و سزادانتان دەبێتە بڕیای ئامادە حکم الوجاهی پالپشت بە ماددەی ١٤٣ و ٢٤٣/أ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردن (أصول محاکمات الجزائیە).
دادوەر/ زرار محمود مرادخان
* * *
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
دادگای تاوانی هەولێر/٤
ژمارە/ ١٥/ج٢٠١٩/٤
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٢
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (بێستوون محمد مصطفی)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی ماددەی ٤٠٥ بە دەلالەی مادەکانی ٣١ لە یاسای سزا سەلماندنی هەلاتنت و نادیاری جێگاکەت لە کات ئێستادا بۆیە بڕیاردرا پالپشت بە ماددەی ١٤٣ لە یاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بە پێراگەیاندنت لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی چوار لە هەولێر رۆژی ٢٠١٩/٨/٤ بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بە شێوەی پاشملە غیابی بە پێی یاسا.
سەرۆك/ تحسین طه رسول
* * *
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە/ ١٤٢/ج/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٦
بۆ تۆمەتبارانی هەڵاتوو / طارق محمد عثمان و اميرە عبدالرحمن عثمان و محمد طارق محمد و محمود طارق عثمان
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی ئێوە تۆمەتبارن بەپێی ماددەی ٤٠٦ لە یاسای سزا و سەلماندنی هەلاتنتان و نادیاری جێگاکەتان لە کاتی ئێستادا بۆیە بڕیاردرا پالپشت بە ماددەی ١٤٣ لە یاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بە پێراگەیاندنتان لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بۆ ئامادەبوونتان لەبەردەم دادگای تاوانی یەکەم لە هەولێر رۆژی ٢٠١٩/٧/٨ بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بە شێوەی پاشملە غیابی بە پێی یاسا.
سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی
* * *
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە/ ٢٨٢/ج/٢٠١٨
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٨
بۆ تۆمەتبارانی هەڵاتوو / ریکار بهرام اکرم و دانا دلشاد حمد
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی ئێوە تۆمەتبارن بەپێی ماددەی ٤١٢ لە یاسای سزا و سەلماندنی هەلاتنتان و نادیاری جێگاکەتان لە کاتی ئێستادا بۆیە بڕیاردرا پالپشت بە ماددەی ١٤٣ لە یاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بە پێراگەیاندنتان لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بۆ ئامادەبوونتان لەبەردەم دادگای تاوانی یەکەم لە هەولێر رۆژی ٢٠١٩/٨/٤ بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بە شێوەی پاشملە غیابی بە پێی یاسا.
سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی
* * *
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە/ ٤٠٦/ك٢٠١٩/٣
رێکەوت/ ٢٠١٩/٤/٢٩
بۆ تۆمەتبارانی هەڵاتوو / ولید سعید محی الدین
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێتان نا دیارە بۆیە پشت بەستن بەمادده ١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لە رێگای رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر ٩ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/٧/٢٣ بە مەبەستی دادگایی کردنت بەپێی ماددەی ٤٥٦ لە یاسای سزا, بەپێچەوانەوە خۆتان بەرپرسیارن بەپێی یاسا.
دادوەر/ بهزاد جهاد فائق
* * *
دادگای کەتنی خەبات
ژمارە/ ٢٨/ك/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٧
بۆ تۆمەتبارانی هەلاتوو/ علاءالدين سلطان صالح وە خيرالدين محمد اديب حسن
ئاگادارکردنەوە
پالپشت بەمادە ١٤٣ لە یاسای بنەمای سزایی لە داوای ژمارە ٢٨/ك/٢٠١٩ لە رێکەوتی ٢٠١٩/٥/٧ دادگا بڕیاری بە ئاگادارکردنەوەتان لە رێگەی دوو رۆژنامەی فەرمی ناوخۆی رۆژانە پێویستە لەسەرت ئامادەبیت لە رۆژی دادگایی کردنت لە رۆژی ٢٠١٩/٦/٢٣ کاتژمێر ٩ی سەر لە بەیانی بۆ دادگایی کردنتان بەپێی مادده ٤٥٣ لە یاسای سزادانی عێراقی بۆیە پێویستە لەسەرت ئامادەبیت وە بە پێچەوانەوە دادگایی کردن لە دژت ئەنجام دەدرێت بەشێوەی پاشملە.
دادوەر/ سمکۆ رۆستم سمین
* * *
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی دهۆك
دادگای باری کەسایەتی باتیفا
ژمارە/ ٨/ش/٢٠١٩
رێکەفتی ٢٠١٩/٤/٣٠
ئاگەهدارکرن
داواکاران/ ١- هـژار صبری احمد, ٢- ژيگر صبری احمد / دانیشتوێن ئەمریکا ناشفیل، برێکارێ وان پارێزەر صباح عبدالجبار قاسم
داوالێکراوێ ئێکێ / صبری احمد عبدالله / جهێ ئاکنجی بوونێ -باتیفا- کومەلگەها بیگوڤا
داوالێکراوێ دووێ رحیمە موسی یاسین بریکارێ وێ پارێزەر مهاجر أنور امین
بۆ داوالێکراو ئێکێ صبری احمد عبدالله
ئەڤێ دادگەهێ بریارا پاشملە یا لسەر دیارکری دەرحقێ تە ل ریکەفتی ٢٠١٩/٤/٢٩ ب رەچەلەك سەلماندنا اثبات نسب زاروکێن تە هەر ئێك ژ هـژار/ دايكبوويێ ١٩٩٤/٥/٣١ لە ئەمریکا ناشفيل، دایکبوویە، نێرە، موسلمانە و ژیگر / دایکبوویێ ١٩٩٦/٨/٧ ل ئەمریکا ناشفیل دایکبوویە, نێرە, موسلمانە و ژ بەر نەدیار بونا جهێ ئاکنجیبونا تە و ل دیف یاسایی کو پێتڤیە ئاگەهداریا تە ب بریارا ناڤبری بێتە کرن ب رێکا دوو رۆژنامێن رۆژانە و تە مافێ نەرازیبوونێ و پێداچوونێ و یێ هەیی د ماوەیێ یاساییدا و بەروڤاژیا چەندێ بریار پلا بنەبر دێ وەرگریت.
دادوەر/ خالد سليمان مصطفى
* * *
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی دهۆك
دادگەها تاوانێن دهوکێ/١
ژمارە: ٢٧/ج/٢٠١٩
رێکەفتی ٢٠١٩/٤/٢٨
ب/ ئاگەهداری
بۆ دادگەهکرێێن پاشملە/ سناء طلب خلف، قدری عمر رمو, شادی طلب خلف، فادی طلب خلف
ڤێ دادگەهێ بریار لە سەر تە دا ب سێدارەدان ل دویڤ ماددێ ٤٠٦ یاسا سزا د کێشا ژمارە ٢٧/ج/٢٠١٩ ئەوا هاتیە تۆمارکرن ل نڤیسینگەها کوشتنێ ب ژمارە ٢٠١٧/٤١ دا تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب رێکا بەلاڤەکرنێ ل دوو رۆژنامێن نافخویی و تە مافێ نەرازیبوونێ یێ هەی لە سەر بریارا پاشملە دەمێ شەش هەیڤا ژ ریکەفتنا ئاگەهدارکرنا تە ب ریکا بەلاڤەکرنێ ل دوو رۆژنامێن نافخو و بەروڤاژی بریارا پاشملە دێ ل جهێ بریارا حازربوونێ بیت.
دادوەر/ د. عبدالرحمن سليمان زيبارى
سەرۆکی دادگەها تاوانێن دهوك/١
* * *
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی دهۆك
دادگەها تاوانێن دهوکێ/١
ژمارە: ٢٦/ج/٢٠١٩
رێکەفتی ٢٠١٩/٤/٢٨
ب/ ئاگەهداری
بۆ دادگەهکرێێن پاشملە/ نادر مصطفی حاجی
ڤێ دادگەهێ بریار لە سەر تە دا ب زیندانکرنێ بۆ ماوێ شەش سال ل دویڤ ماددێ ٢٨٩/٢٩٥ یاسا سزا د کێشا ژمارە ٢٦/ج/٢٠١٩ ئەوا هاتیە تۆمارکرن ل نڤیسینگەها سەختە ب ژمارە ٢٠١٦/٦ دا تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب رێکا بەلاڤەکرنێ ل دوو رۆژنامێن نافخویی و تە مافێ نەرازیبوونێ یێ هەی لە سەر بریارا پاشملە دەمێ شەش هەیڤا ژ ریکەفتنا ئاگەهدارکرنا تە ب ریکا بەلاڤەکرنێ ل دوو رۆژنامێن نافخو و بەروڤاژی بریارا پاشملە دێ ل جهێ بریارا حازربوونێ بیت.
دادوەر/ د. عبدالرحمن سليمان زيبارى
سەرۆکی دادگەها تاوانێن دهوك/
* * *
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی دهۆك
دادگەها تاوانێن دهوکێ/٢
ژمارە: ١٨٣/ج/٢٠١٩
رێکەفتی ٢٠١٩/٥/٦
ب/ ئاگەهداری
بۆ دادگەهکرێێن پاشملە/ مهند حسن محمود
ڤێ دادگەهێ بریار لە سەر تە دا ب زیندانکرنێ بۆ ماوێ شەش سال ل دویڤ ماددێ ١/٣١٩یاسا سزا د کێشا ژمارە ١٨٣/ج/٢٠١٩ئەوا هاتیە تۆمارکرن ل نڤیسینگەها گونەهباریا سێمێل ب ژمارە ١٥٤/ب/٢٠١٨دا تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب رێکا بەلاڤەکرنێ ل دوو رۆژنامێن نافخویی و تە مافێ نەرازیبوونێ یێ هەی لە سەر بریارا پاشملە دەمێ شەش هەیڤا ژ ریکەفتنا ئاگەهدارکرنا تە ب ریکا بەلاڤەکرنێ ل دوو رۆژنامێن نافخو و بەروڤاژی بریارا پاشملە دێ ل جهێ بریارا حازربوونێ بیت.
دادوەر/ کمیلە علی سالم
سەرۆکی دادگەها تاوانێن دهوك/٢
* * *
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی دهۆك
دادگەها تاوانێن دهوکێ/٢
ژمارە: ١٨٥/ج/٢٠١٩
رێکەفتی ٢٠١٩/٥/٦
ب/ ئاگەهداری
بۆ دادگەهکرێێن پاشملە/ مهند حسن محمود
ڤێ دادگەهێ بریار لە سەر تە دا ب زیندانکرنێ بۆ ماوێ شەش سال ل دویڤ ماددێ ١/٣١٩یاسا سزا د کێشا ژمارە ١٨٥/ج/٢٠١٩ئەوا هاتیە تۆمارکرن ل نڤیسینگەها گونەهباریا سێمێل ب ژمارە ١٥٥/ب/٢٠١٨دا تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب رێکا بەلاڤەکرنێ ل دوو رۆژنامێن نافخویی و تە مافێ نەرازیبوونێ یێ هەی لە سەر بریارا پاشملە دەمێ شەش هەیڤا ژ ریکەفتنا ئاگەهدارکرنا تە ب ریکا بەلاڤەکرنێ ل دوو رۆژنامێن نافخو و بەروڤاژی بریارا پاشملە دێ ل جهێ بریارا حازربوونێ بیت.
دادوەر/ کمیلە علی سالم
سەرۆکی دادگەها تاوانێن دهوك/٢
* * *
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی دهۆك
دادگەها تاوانێن دهوکێ/٢
ژمارە: ١٨٦/ج/٢٠١٩
رێکەفتی ٢٠١٩/٥/٦
ب/ ئاگەهداری
بۆ دادگەهکرێێن پاشملە/ مهند حسن محمود
ڤێ دادگەهێ بریار لە سەر تە دا ب زیندانکرنێ بۆ ماوێ شەش سال ل دویڤ ماددێ ١/٣١٩یاسا سزا د کێشا ژمارە ١٨٦/ج/٢٠١٩ئەوا هاتیە تۆمارکرن ل نڤیسینگەها گونەهباریا سێمێل ب ژمارە ١٥٣/ب/٢٠١٥دا تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب رێکا بەلاڤەکرنێ ل دوو رۆژنامێن نافخویی و تە مافێ نەرازیبوونێ یێ هەی لە سەر بریارا پاشملە دەمێ شەش هەیڤا ژ ریکەفتنا ئاگەهدارکرنا تە ب ریکا بەلاڤەکرنێ ل دوو رۆژنامێن نافخو و بەروڤاژی بریارا پاشملە دێ ل جهێ بریارا حازربوونێ بیت.
دادوەر/ کمیلە علی سالم
سەرۆکی دادگەها تاوانێن دهوك/٢
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٤
ژمارە: ٣٣٩٢/ج/٢٠١٤
رۆژ: ٢٠١٩/٤/١٥
بۆ/ تاوانبارکراو اوات عمر محمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لەرۆژی دادگایی کردنت لە رێکەوتی ٢٠١٨/٤/١٥ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوە دادگایی کرایت بە (ئامادەنەبوون) بەشێوەی ئاشکرا لەداوای تاوانی ژمارە وە بڕیاردرا تاوانبار بکرێت بە گوێرەی ماددەی ٤١٣ لەیاسای سزادان حوکم درا بەسەرتا حەپسی سوك بۆ ماوەی (٣) سێ مانگ وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بڕیارە بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/ازاد اکرم مجید
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارە: ٢٧٣٧/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٩/٤/٣٠
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: سعد عنيد سليمان
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢) لەیاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێری پەیوەندی لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بەختیاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٧/٣٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / شیرین علی حمە سور
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٤
ژمارە: ١٥١٢/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٩/٤/٧
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: یوسف نجاح حسن محمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢١) لەیاسای هاتووچۆ لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سرچنار) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٧/١٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / بێخال محمد مصطفی
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارە: ٢٧٣٥/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٩/٥/٥
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: لطيف عبدالله رشيد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ك. رزگاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٨/٥ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / شیرین علی حمە سور
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارە: ٥٣٣/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٩/٥/٦
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: سامان حمە صالح عبدالله عمر
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٣٢) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ك. کورسات) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٨/٢٥ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / شیرین علی حمە سور
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارە: ٢٨٦٩/ج/٢٠١٥
رۆژ: ٢٠١٩/٥/٦
بۆ/ تۆمەتبارانی راکردوو: هەریەك لە ١- سەربەست محمد حمە حسن ٢- صابر حمە صالح مارف
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراون بۆ ئەوەی دادگایی بکرێن بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ك. ئەزمەر) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارتان بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٨/٢٥ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / شیرین علی حمە سور
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارە: ٢٤٤٦/ج/٢٠١٥
رۆژ: ٢٠١٩/٥/٥
بۆ/ تۆمەتبارانی راکردوو: ١- ئارام رشيد رسول ٢- هەردی عثمان رشيد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراون بۆ ئەوەی دادگایی بکرێن بەپێی ماددەی (٤١٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ك. سەرا) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارتان بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٨/٢٥ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / شیرین علی حمە سور
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٤
ژمارە: ٢٥٥١/ك/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/٤/٣٠
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: شیرزاد رؤوف فقی محمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (رزگاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٦/٣٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / ازاد اکرم مجید
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٤
ژمارە: ١٣٨/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٩/٤/٢٤
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: حکیم غفور عزیز
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٤٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (نەهێشتنی تاوان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٧/٣٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / ازاد اکرم مجید
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارە: ٢٩١٤/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٩/٤/١٠
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: باوان محمد عبدالله کریم
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢١) لەیاسای هاتووچۆ لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ئازادی) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٧/٢٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / قادر محمد نوری
* * *
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٧٠٠/ك٢٠١٨/١
رێکەوت/ ٢٠١٩/٤/١٥
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ جليلە محمد هادی و نعام امين عبدالالە
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ٧٠٠/ك٢٠١٨/١ لە ٢٠١٩/٣/٢٤ لەسەرتان بە زیندانی کردن (الحبس) بۆ ماوەی (٦/ شەش مانگ) بەپێی ماددەی (٤٤٦) لەیاسای (سزاکان) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێتان نادیارە بڕیاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانتان هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاساییدا (٣/ مانگ لە رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە) بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
* * *
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٤٠/ك٢٠١٩/١
رێکەوت/ ٢٠١٩/٤/١٥
بۆ تۆمەتبارانی هەڵاتوو/ عابدی ئاجیل و سميع كالكەڤان
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ٤٠/ك٢٠١٩/١ لە ٢٠١٩/٤/٨ لەسەرتان بە زیندانی کردن (الحبس) بۆ ماوەی (٦/ شەش مانگ) بەپێی ماددەی (٤٥٧) لەیاسای (سزاکان) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێتان نادیارە بڕیاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێتان رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاساییدا (٣/ مانگ لە رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە) بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
* * *
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٣٧١/ك٢٠١٨/١
رێکەوت/ ٢٠١٩/٤/١٥
بۆ تۆمەتبارانی هەڵاتوو/ دلدار کمال خالد و دیار کمال خالد
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ٣٧١/ك٢٠١٨/١ لە ٢٠١٩/٤/٨ لەسەرتان بە زیندانی کردن (الحبس) بۆ ماوەی (٩/ نۆ مانگ) بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای (سزاکان) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێتان نادیارە بڕیاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێتان رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاساییدا (٣/ مانگ لە رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە) بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
* * *
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٧/ت/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٤/١٥
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ سمير کريم حسين
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ٧/ت/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/٤/١٤ لەسەرت بە زیندانی کردن (الحبس) بۆ ماوەی (٦/ شەش مانگ) بەپێی ماددەی (٧ ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠١١) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بەپێی (اشعاری موختاری دووەمی گوندی/ تورەق) بڕیاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێتان رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاساییدا (٣/ مانگ لە رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە) بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
* * *
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/١٣٨/ت/٢٠١٨
رێکەوت/ ٢٠١٩/٤/٨
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ بارزان ظاهر علی
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ١٣٨/ت/٢٠١٨ لە ٢٠١٩/٢/١٨ لەسەرت بە زیندانی کردن (الحبس) بۆ ماوەی (٦/ شەش مانگ) بەپێی ماددەی (٢) لە یاسای (خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بڕیاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێتان رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاساییدا (٣/ مانگ لە رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە) بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
* * *
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٣٩/کفالە٢٠١٨/١
رێکەوت/ ٢٠١٩/٤/٨
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ فاروق دوغان جعفر
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ٣٩/کفالە٢٠١٨/١ لە ٢٠١٩/٢/١٣ لەسەرت بە پێژاردنی بەبڕی (٥٠٠٠٠٠/ پێنج سەد هەزار دینار) بەپێی ماددەی (١١٩) لە یاسای (اصول) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی/ باداوە بڕیاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێتان رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاساییدا (٣/ مانگ لە رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە) بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
* * *

www.xebat.net
پەک شەمە2019/5/12 ژمارە (5747)
خەبات

ئەبراهام لینکۆڵن پەیامی ئاشی دەسەپێنێت، یان ناوچەکە گڕ دەدات؟





غازی حەسەن

ئەمەریکا کەشتی جەنگی ئەبراهام لینکۆلنی ڕەوانەی ناوچەکە کردووە، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی ئەمەریکاش دەڵێت "ئاردنی ئەو کەشتییە بۆ کەنداو پەیامێکی ڕوونە بۆ هەڕەشەکانی ئێران و نامانەوێت لەگەڵ ئێران تووشی شەڕبین، بەڵام وەڵامی تووند بۆ هەر چەشنە هێرشێکی ئێران دەدەینەوە". ئێران هەڕەشەی ئەوەی کردووە ئەگەر هەناردەکردنی نەوتی ئەو وڵاتە ڕابگیرێت، گەرووی هورمز دادەخات، کە ڕۆژانە زیاتر لە 17ملیۆن بەرمیل نەوتی پێدا دەگوازرێتەوە.

بەشی یەکەم

لە مانگی نیسان واشنتن پاسدارانی خستە لیستی گرووپە تیرۆریستە بیانییەکان و دوابەدوای ئەو هەنگاوە، واشنتن پلانی سفرکردنی فرۆشی نەوتی ئێرانیشی جێبەجێکرد و دەرفەتی بەخشینی وڵاتانی لەنەوتی ئێران دریژنەکردەوە. ئەم دوو هەنگاوەی واشنتن ئێرانی تورەکردووە و جیهانیشی ڕووبەڕووی هەڵوێست و بەرپرسیاریەتی کردۆتەوە. میدیاکانیش شیکاری زانیاری و هەواڵەکانی ئەم ڕووداوانە دەکەن،. ئێران لەتەک هەڕەشەی داخستنی گەرووی هورمز، هەڕەشە لە سەرباز و دیبلۆماتکارەکانی ئەمەریکاش لە ناوچەکە و عێراق بەتایبەتی دەکات. جووڵاندنی ئەم کەشتییە، کە 7500کەس کاری تێدا دەکەن، پەیامێکی ئاشکرا و هەڕەشەیەکی توندیشە بۆ سنووردارکردنی ئێران و کەمکردنەوەی هەڕەشەکانی، لەهەمان کاتدا هێمای خۆ ئامادەکردنیش بۆ جەنگ دەگەیەنێت.

ئێرانە بە تەپکەوە دەبێت ؟

نووسەری ڕووس ئەلکساندەر سیتنیکۆڤ لە"سفوبدنایا پرێسا" دەڵێت "سوپای ئێران لەئەنجامی ئەو زیانانەی لە سوریا پێی گەیشتووە، لاوازبووە، ئەمەش وای لە واشنتن کردووە گورزێک لە ئێران بدات". ژەنەرالی ئەمەریکی کینیس ماکنزی دەڵێت "ئەمەریکا کەرەستەکانی بەرەنگاربوونەوەی کارە مەترسیدارەکانی ئێران بەکاردەهێنێت، هێزی دەریاوانی ئەمەریکا تەواوی دەسەڵاتیشی پێدراوە، بۆ ئەوەی دەست بەسەر هەر کەشتییەکدا بگرێت، کە پێشێلی سیستەمی سزاکان دەکات".لەنێو ئێرانیش جیاوازی لەبیروبۆچوون هەیە، میانڕەوەکان پێیان وایە شەڕ دژی ئەمەریکا کارێکی خۆکوژییە، بەڵام پاسداران ئامادەن بۆ جەنگ، چونکە ئەوانە سوودمەندی یەکەمی فرۆشتنی نەوتن، ڕۆڵی سەرەکیان لە ئابووری ئێران هەیە. لە هەمان گافیشدا لەنێو ئەمەریکا و ڕۆژهەڵاتیشدا بۆچوونێک هەیە، پێی وایە ئێران لەبەردەم گوشاری ئابووری چۆک دانادات، بۆیە ئەمەریکا پەنا وەبەر خۆئامادەکردنی جەنگ دەبات. لەبیری نەکەین دوای نەمانی داعش هاوکێشەکان دەگۆڕێن، هەندێک پێیان وایە پەلە بکرێت لەلێدانی ئێران و بەهۆی ئەو لاوازییەی لە سوریا تووشی بووە، دەتوانرێت لەم بارەوە هەنگاوی بەرهەمدار بنرێت.ڕوسیا براوەی یەکەمی چەسپاندنی هێزەکانیەتی لە سوریا و بەکرێ گرتنی پەنجا ساڵ کەناراوەکانی تەرتوزە و هۆکارێکیشە بۆ فراوانبوونی ململانێی هێز لە ناوچەکەدا. لە هەمان کاتدا هەندێک شرۆڤەکاری دیکەی نزیک لە ئاراستەی سعودییە لە ڕۆژنامەی شەرق ئەلئەوسەت دەڵێن: ئەزموونی سوریا دەریخست سەرکردەکانی سوپای ئێران پیشەیی نین، هەروەها لە هەر قەومانێکی شەڕدا ناتوانن فرۆکە بۆ پاڵپشتی سوپاکەیان بەکاربهێنن و ژمارەیەکی زۆری ئەفسەریشیان لێ کوژراوە.بەبۆچوونی من هەر هێزێک توانا دارایی و مرۆییەکانی خۆی لە دەرەوەی وڵاتەکەی وەکو ناوچەیەکی ڕووبەڕووبونەوە بەکاربهێنێت، دۆڕان دەدوریتەوە. سوپای ئێران سەرباری بەفیڕۆدانی توانا سەربازییەکانی، بەسەدان ملیار دۆلاری لەجیاتی پەرەپێدانی بواری خزمەتگوزاریە ناوخۆییەکانی، لەپێناوی جەنگی سوریا و شوێنەکانی دیکە و پاڵپشتی میلیشیاکان بەفیڕۆ داوە.

ئەمەش ئێرانی لە ناوەوە لاواز و لە دەرەوەش مەترسیدار و ناشیرین کردووە. ئیسرائیلیش بە ئاسانی لەناکاو بنکە و جوولەی سەربازی ئێران لەسوریا دەکاتە ئامانج . داو و تەپکە دانراوەکە بۆ ئێران دوور نییە لە ئیماراتەوە بێت. شەڕە قسە و ناکۆکی دیبلۆماسی لەنێوان ئێرانی شیعە و ئیماراتی سوننە لە تەپکەیەکی بەکردەوە دەچێت. کوێت وڵاتێکی لاوازی لاشەڕی هاوپەیمانی سەدام بوو، کە عێراق لە کۆتایی 1990داگیری کرد، ئەو کات بڕیاری کۆتایی عێراق مۆرکرا. ئێرانیش هەڕەشە لە ئیمارات دەکات، دوور نییە خۆی تووشی هەمان چارەنووس بکات. هەمیشە شەڕ لەنێوان لایەنە لاواز و بەهێزە هەڕەشەکەرەکان دەقەومێت. ئێرانیش وەکو هێزێکی خۆفەرزکەر هەڕەشە لەم وڵاتە بچووکەی کەنداوی عەرەبی دەکات، کە هاوپەیمانی ئەمەریکایە.

عێراق وەکو سەنگەرێکی ئێرانی

ئێوارەی 7-5-2019مایک پۆمپێۆی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بەنهێنی سەردانی بەغدای کرد و خودی ئەمەریکییەکان دەڵێن بۆ "شتی زۆر زۆر پێویست" ئەم سەردانەی کردووە، بۆیەشە دیداری پۆمپێۆیان بۆ بەرلین هەڵوەشاندۆتەوە. زانیارییەکان ئاماژە بەوە دەکەن ئەمەریکا داوای لە عێراق کردووە خۆی یەکلایی بکاتەوە لەکامە بەرە دەبێت و داواشیان کردووە بەرپرسیاریەتی ئاسایش لەئەستۆ بگرن. ئەمەریکا ڕایگەیاندووە بەرژەوەندییەکانیان لە بەغدا و هەولێر دەپارێزن. چەند ڕۆژێکە ئەمەریکا گوشارەکانی بۆ سەر ئێران و حزب و میلیشیاکانی سەر بە ئێران لە وڵاتانی لوبنان، سوریا، عێراق و یەمەن لە قسەوە بەرەو کردەوە بردووە و هەولێ کەنارگیرکردنی ئێرانیش دەدات.ئێرانیش دەیەوێت عێراق وەکو سەنگەرێکی ڕووبەڕووبونەوەی ئێران بەکار بهێنێت. پێشتر بەغدا دڵی بەوە خۆش بوو، لە سزای دارایی و ئابووری ئێران پەرێندراوە، بەڵام لە هەفتەی ڕابردوو تەواوی هیوا و دەرفەتەکان سووتێنران. ئەمەش عێراق بەشێوەیەکی زۆر و کەمێکیش لە هەرێمی کوردستانیش تووشی هەڵوێستێکی ئاڵۆز دەکات. سەربارای ئەوەش ئەمەریکا داوای کردووە مەسەلەی کڕینی کارەبا لە ئێران چارەسەر بکەن، کە نرخەکەی گوایە کەمترە لەنیو ملیار دۆلار کەچی عێراق سێ قاتی ئەو پارەیە بەئێران دەدات و ئەمەریکا پێی وایە پارە زیادەکە وەکو بەخشیش بەپاسداران دەدرێت.گۆڤاری پۆلیتیکۆ دەڵێت ئەمەریکا بۆ وەڵامدانەی هەر هێرشێک دژی هێزەکانی لەنێو عێراق ئامادەیە، ئەگەری ئەوەش هەیە ئێران میلیشاکان دژی بنکە ئەمەریکییەکان بەکاربهێنێت. هەمان گۆڤار دەڵێت زانیارییەکان پیشانی دەدەن هەڕەشە دژی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە عێراق لەم هەفتانە لەزیادبوون دایە، بۆیەشە ئەمەریکا کەشتی "ئەبراهام لینکۆلن" و فرۆکەی بۆمبهەڵگری لە ناوچەکە کۆ دەکاتەوە. هەندێکی دیکەش پێیان وایە ئەمەریکا بۆ چارەسەری کێشەکان دەیەوێت لە بەغداوە پەیوەندی بە ئێرانەوە بکات. زەریف پێی وایە ئەمەریکا هێرش ناکاتە سەر ئێران و ئەو قسانەی دەکرێن هەر تەنیا هەڕەشەن. پێ دەچێت قسەکانی زەریف، کە چەند مانگێک پێش ئێستا داوای دەست لەکارکێشانەوەی کردبوو، بۆ ئارام کردنەوەی دۆخە گرژەکان بێت، ڕەنگە ئەو باش بزانێت هەڵگیرسانی جەنگ چ زیانێکی گەورەی بەدواوەیە.عێراق لە بارێکی دەروونی ئاڵۆز و دۆخێکی سیاسی و ئەمنی قورس دایە، دەبێتە قوربانی ململانێی نێوان ئێران و ئەمەریکا، چونکە ئەم دەسەڵاتەی ئێستای شیعە، نەبێ ئێران چارەنووسیان مسۆگەرە و نە لەگەڵ ئێران دەتوانن لە دۆزەخی ناکۆکی و جەنگ بێ باج و قوربانی دەربازبن. هەندێک لە شرۆڤەکارە ئێرانییەکانیش پێیان وایە بەکارهێنانی هێز و کۆکردنەوەی هێزەکانیان بۆ لێدانی هێزەکانی ئەمەریکا لەنێو عێراق کارێکی باشتر و گونجاوترە، لەوەی هێزەکانیان پەرت بکەن و لە یەمەن و لوبنان و سوریا و عێراق بجەنگن.

ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1894:
هێزەکانی ژاپۆن هێرشیان کردە سەر نیمچە دوورگەی کۆریا و داگیریان کرد .



سالی 1951:
ویلایەتە یەکگرتوەکانی هەمەریکا هەوڵی تەقاندنەوەی بۆمبێکی هایدرۆجینی دا لە زەریای هێمن .



سالی 2002:
جیمی کارتەری سەرۆکی پێشووتری ئەمەریکا وەک یەکەم سەرۆک بۆ ماوەی 5ڕۆژ سەردانی کوبای کرد .



سالی 2015:
بۆ جاری دووەم بومەلەرزەیەک بە گورِی 7.3پلە لە نیپال ڕوویدا.




سالی 2016:
ئەنجومەنی نیشتمانی لە بەرازیل بە کۆی دەنگ بڕیاری لەسەرکارلادانی دیلما ڕۆسیڤی سەرۆکی وڵاتی دا.



سالی 2017:
هێرشێکی ئەلیکترۆنی سەرتاسەری جیهانی گرتەوە و زیاتر 230هەزار ئامێری ئەلیکترۆنی بوونە قوربانی.

وێنەو کۆمێنت



سەرۆکی فلپین چۆن وەسفی سیسرکەیەکی کرد؟

ئێوارەی ڕۆژی 8ی ئایار ، ڕۆدریگۆ دۆتیرتی سەرۆکی فلپین (تەمەن 74ساڵ) بە بۆنەی دەربڕینی ڕەزامەندی سەبارەت بە کاندیدانی ئەنجومەنی پیران لە هەرێمی بوهولی ناوەڕاستی وڵات وتەیەکی دوو کاتژمێریی پێشکەشی ژمارەیەک لە لایەنگرانی کرد ، لە ناکاو سیسرکەیەک بە خێرایی بە شانی سەرۆک هەڵچوو ، ئەو هەستی پێ نەکرد بەڵام سکرتێرەکەی سەرۆک هەوڵی دوورخستنەوەی سیسرکەکەی دا . دواجار دۆتیرتی پێیەکی لە عەرز دا و بە پێکەنینەوە وتی : دوور نیە سیسرکەکە سەر بە پارتی لیبرالی ئۆپۆزسیۆن بێ ، بێگومان ئەو لیبرالە ...

www.xebat.net
یەک شەممە2019/5/12 ژمارە (5747)
خەبات



میللەت دەخوازێ ترامپ بڕوخێنێ ..

چەکێکی نوێی شەڕی نێوان سەرۆک و کۆنگرێسی ئەمەریکا

ئا: هەندرین شێرزاد

کێ بە خەیاڵی دا دەهات زیاتر لە 10ملیۆن هاوڵاتی ئەمەریکی داوا لە سەرۆکەکەیان بکەن کە دەستبەرداری دەسەڵات بێ و دروشمی : دەبێ ترامپ بڕوات ببێ بە واقیعێک باشە کاتێک ئەمە دەبێتە راستیەک ، ئاخۆ باروودۆخێکی لەم جۆرە لەلایەن دەستووری ئەم وڵاتە ڕێگەی پێدراوە ؟ ئایا ئەمە کاریگەریی دەبێ بۆ دەرفەتەکانی دووبارە هەڵبژاردنەوەی ترامپی سەرۆک؟

چی ڕوویدا؟

ڕۆژی 9ی ئایاری ڕابردوو ، ژمارەیەک پەرلەمانتاری سەر بە پارتی دیموکرات و نوێنەرانی کۆمەڵێک ڕێکخراوی پێشکەوتووخواز لە واشنتۆنی پایتەخت داواکاریان خستە ڕوو کە لەلایەن زیاتر لە 10ملیۆن کەسەوە واژۆ کرابوو ، ئەوان داوایان لە کۆنگرێس کرد ڕێوشوێنی پێویست بۆ دوورخستنەوەی دۆنالد ترامپی سەرۆکی کۆماری بگرێتە بەر . دوو پەرلەمانتارەکە بریتی بوون لە ڕەشیدە تەلیب و ئال گرین ، هەروەها نوێنەری ڕێکخراوەکانی موف ئۆن و وێیتنز مارشیش لەبەردەمی بالەخانەی کۆنگرێس ئامادە بوون . لەبەردەمی لافیتەیەکدا کە لەسەری نووسرابوو : دەبێ ترامپ بڕوات ، گرینی پەرلەمانتار وتی : دە ملیۆن هۆکارمان لەبەر دەست دایە بۆ ئەوەی ئەمڕۆ لێرە بین .

تەنگژەیەکی دەستووری

دەکرێ بڵێین ڕێگای نێوان ترامپ و ئیدارەکەی و نێوان گۆنگرێس گەیشتۆتە قۆناغی داخران بە تایبەتیش دوای دەرچوونی ڕاپۆرتەکەی ڕۆبەرت میلەر کە ترامپ و داواکاری گشتی بێتاوانی خۆیان بەرامبەر بە تۆمەتی تێوەگلان لەگەڵ ڕووسیا ڕاگەیاند ، لە بەرامبەردا زۆرینەی ئەندامانی کۆنگرێس بڕیاریان دا ئەوان تۆمەتبارن بە کۆسپ خستنە بەردەم دادوەری و دواتر ئەنجوومەنی نوێنەران کە زۆرینەی ئەندامانی دیموکراتن بڕیاری دا کە دەبێ لێکۆڵینەوەکان بەردەوام بن بەڵام ترامپ فەرمانی بە یارمەتیدەرانی دا وەڵامی ئەنجوومەن نەدەنەوە و هاوکار نەبن . هەر ئەمە وای لە نانسی پیلۆسی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران کرد ڕابگەیەنێ کە بەهۆی ڕازینەبوونی ترامپ ،ئەمەریکا بە قۆناغی تەنگژەی دەستووریدا تێپەڕ دەبێ .

پیلوسی ڕای خۆی گۆڕی

نانسی پیلوسی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا لە ڕاگەیاندنێکدا لە تویتەر نووسیبووی : بڕیاری ترامپ و ئیدارەکەی بە پشتگوێخستنی سوێندخواردن بووە هۆی ڕوودانی تەنگژەیەکی دەستووری لە وڵات ، کارێکی ناخۆشە کاتێک ئیدارە بێتە بەربەست لەبەردەم پاراستنی هەڵبژاردنەکانمان و گەیاندنی ڕاستیەکان بە گەلی ئەمەریکا . بەمەش خاتو پیلوسی هەڵوێستی خۆی گۆڕی ، چونکە پێشتر ئەو ڕازی نەبوو ڕێگای گرتنەبەری هەنگاوەکانی دووڕخستنەوەی سەرۆک بگرێتە بەر ، بەڵام دەرگاشی لەبەردەمی هەموو ئەگەر

ئەمە یاری نیە

لە بەرەی بەرامبەردا دیمەنەکان جیاوازن ، لەو بارەوە نووسەرێک لە ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست نووسیویەتی : سەرۆک لە ڕێگەی شێوازە گاڵتەجارپەکەیەوە هەوڵی ئەوە دەدات هەموو بابەتەکان وەک یاری سیاسی بخاتە ڕوو ، بەڵام ئەو لەمەدا هەڵەیە ، چونکە ئەمە یاری نیە و دەوڵەتێکی بیانی بە شێوازێکی شەڕخوازانە دەستی لە هەڵبژاردنەکانی 2016ی ئەمەریکا وەرداوە ، دەیان کۆبوونەوە لە نێوان بەرپرسانی هەڵمەتی ترامپ و هاوڵاتیانی نزیک لە کرێملین ئەنجام دراون ، دواتر دەربارەی ئەمە دڕۆیان کرد ، ئێنجا ترامپ لە ڕێگەی پایەکەی وەک سەرۆک کاری بۆ دروستکردنی بەربەست لەبەردەمی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە کرد . ئەم نووسەرە دووپاتیش دەکاتەوە کە شەڕی ئێستای واشنتۆن لەنێوان کۆشکی سپی و دیموکراتەکان نیە وەک ترامپ پێی وایە ، بەڵکو لە بنەڕەتدا ئەم شەڕە لە نێوان بەرپرسێکی لەخۆبایی و نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانە ، ئەوانەی سوێندیان خواردووە دوورتر لە سیاسەتیش بپارێزن .

دوو شێواز بۆ دووڕخستنەوەی ترامپ

بە گوێرەی لێکدانەوەکان ، دوو ڕێگا هەن بۆ دووڕخستنەوەی سەرۆک ترامپ لە پلە و پایەکەی ، لە ئێستاشدا دەرفەتی سەرکەوتنی هەردووک ڕێگاکە لاوازە :

شێوازی یەکەم :

بەڕێوەچوونی پرۆسەی لەسەرکارلادانی سەرۆک لە کۆنگرێسی ئەمەریکاوە ، ئەمەش تا ئێستا لەلایەن دیموکراتەکانەوە دەنگۆی پەیدا نەکردووە ، هەروەها کۆماریەکانیش تەواوی ببڕۆکەکە ڕەت دەکرێتەوە . لە ڕاستیدا پرۆسەکە پێویستی بە ڕەزامەندی زۆرینەی نوێنەران هەیە ، واتە 5+1ی دەنگەکان . دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی ، پرۆژەی بڕیارەکە ڕەوانەی ئەنجومەنی پیران دەکرێ و لەوێش پێویستی بە ڕەزامەندی زۆرینەی دوو چارەگ دەبێ .

شێوازی دووەم :

کاراکردنی هەموارێ ژمارە 25ی دەستووری ئەمەریکا ، واتە تۆمەتبارکردنی سەرۆک لە کاتی ویلایەتی خۆیدا ، ئەمەش سیناریۆیەکی دوورە و هیچ پێشینەیەکی میژوویی نیە .



مانشێت



سکای نیوز:
70ولاتی جیهان (جگە لە ڕووسیا و چین) داوایان لە کۆڕیای باکوور کرد دەستبەردارێ چەکی ئەتۆمی ببێ و جیهان ڕووبەڕووی وێرانکاری نەکاتەوە .



ئەی ئێف پی:
ئەمەریکا هۆشداری دایە سەرجەم ئەو کەشتیە بازرگانیانەی بە ڕێڕەوە ئاویەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گوزەر دەکەن لەوەی دوور نیە لەلایەن ئێرانەوە هێرشیان بکرێتە سەر .



ڕۆژنامەی ئەلحەیات:
چەکدارانی تاڵیبان هێرشیان کردە سەر ڕێکخراوێکی ئەمەریکی لە کابوڵی پایتەختی ئەفغانستان و لە ئەنجامدا 5کەس کوژران .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
لە باکووری بۆرکینا فاسۆ و لە کردەوەیەکدا بە مەبەستی ڕزگارکردنی ژمارەیەک دەست بەسەرکراوی بیانیدا، دوو سەربازی فەرەنسی گیانیان لەدەست دا .



دۆیچە ڤیلە:
لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی باشووری ئەفریقیا ، پارتی کۆنگرەی نیشتمانی دەسەڵاتدار زۆرینەی دەنگی وەدەست هێنا .



کەنەڵی ئار تی :
پەرلەمانی فەرەنسا ڕەزامەندی سەبارەت بە نۆژەنکردنەوەی کلێسای نۆتردام دەربڕی .

دەرچووانی بەشی میدیا بەدوای کاردا دەگەڕێن

سەروەت مستەفا: دەرچووانی بەشی ڕاگەیاندن هەلی کارکردنیان هەیە، بەڵام وەکو پێویست ئیشیان دەست ناکەوێت



خەبات: رانیار دلشاد

سالانە ژمارەیەکی زۆر قوتابی لە بەشەکانی ڕاگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان دەردەچن، بەڵام تا چەند دەتوانن ئەوەی لە زانکۆ فێری بوون بیخەنە خزمەت میدیا، خۆ زۆر قوتابیش هەن بە ئارەزووی خۆیان نەچوونەتە بەشی ڕاگەیاندن، بەڵام ئەوانەی بەشەکەیان خۆشدەوێ، تا چەند دەتوانن لە بواری میدیادا جێبەجێی بکەن، چونکە کە بەشەکەیان تەواو دەکەن، دەبێ لە هەردوو ڕووی تیۆری و پراکتیکییەوە ئامادەکراو بن، بۆ وەرگرتنی وەڵامی زیاتر سەروەت مستەفا کە ئەمساڵ بەشی میدیای لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی لە هەولێر تەواو کردووە بەم شێوەیە بۆ خەبات قسەی کرد.

*** سەرەتا بە شێوەیەکی گشتی لەبارەی بەشی ڕاگەیاندن و ئامادەبوونی قوتابیان بۆ تێکەڵبوون بەو بەش و کێشەی بەشەکانی ڕاگەیاندن گوتی:** بەشی ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی ئەکادیمی هەموو ژانر و جومگە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن وەک (ڕیپۆرتاژ، مۆنتاژ، کامێرامانی، ڕاپۆرت و هەواڵ) هەموو ئەو بابەتانەی کە پەیوەستن بە کاری میدیای لە لایەن مامۆستایانەوە فێری قوتابیان دەکرێ، بە هەردوو شێوازی تیوری و پراکتیکی، بەشێکی پەیوەستە بە هەواڵ و ماندووبوونی مامۆستایان، کە چۆن قوتابیان بتوانن فێربن و کاربکەن و پشت بە توانای خۆیان ببەستن، بەشێکی تری پەیوەستە بە خودی قوتابی خۆی، تاچەند هەواڵدەدات ئەو زانستەی کە وەری گرتووە، بە شێوەی پراکتیکی جێبەجێی بکات. زیاتر لەو بارەیەوە قسەی کرد و گوتی: بۆیە بە بۆچوونی من کاتێک کە قوتابیان دەچنە ناوەندەکانی خوێندنی بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگاکان، دوو پشکی هەیە یەکەمیان پەیوەستە بە مامۆستایان دووەمیان پەیوەستە بە خودی قوتابیان، تاچەند گرنگی بە توانای خۆیان دەدەن لە بارەکەی خۆیان بۆری ڕاگەیاندن، بەڕای من لە هەرێمی کوردستان تاڕادەیەک قوتابیان ئامادەیان هەیە، چونکە ئەو بەشەی کە لێی دەخوێنن بەشی میدیا، تا ئێستاش کۆمەڵێک کێشەی هەیە، وەک نەبوونی ئامێری پراکتیکی و نەبوونی شوێنێکی گونجاو بۆ پێگەیاندنی قوتابیان، سەرباری ئەوەش قوتابیان خۆشیان کەمتەرخەمن.

*** لەبارەی ئەوەی ئاخۆ تا چەند دوای دەرچوون، ئەو قوتابیانە بەدوای کاردا دەگەڕێن و تا چەند زەمینەی وەرگرتنیان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ خۆشکراوە، گوتی:** هەموو بەشەکان نەک تەنها بەشی ڕاگەیاندن، کاتێک قوتابی بڕوانامە وەردەگرێ بەدوای کارکردن دەگەڕێ، هەوڵدەدا لە شوێنێک کاربکات، بەڵام دەرچووانی بەشی ڕاگەیاندن جیاوازتر مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ، چونکە چانس و هەلی کارکردنیان جگە لە ناوەندەکانی حکوومی، دەتوانن لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش کاربکەن، ئەوەندەی من بزانم ئەوانی پێش ئێمە دەرچوونە بەدوای ئیش گەڕاون، بەڵام وەکو پێویست ئیشیان دەست نەکەوتووە، هۆکارەکەی بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەگەڕێتەوە، کە نەیانتوانیوە قوتابی بەشی ڕاگەیاندن کە بە ئەکادیمی خوێندوویەتی، توانا کانی خۆیان بدەن، چونکە ئەو زانست و زانیارییەی کە لە ناوەندەکانی ئەکادیمی، لە ماوەی ئەو دووسالە یان چوار سالە وەریان گرتووە، بە بەردەوامی گەشەی پێبدەن و بە شێوەی پراکتیکی کاری لەسەر بکەن، بەردەوام هەوڵی بەدەست هێنانی ئیش بدەن، لە گشت بوارەکانی میدیا چ ڕادیۆ چ تیڤی چ ڕۆژنامە، بتوانن تیایاندا کاربکەن، گرنگی بە خۆیان بدەن و توانا کانی خۆیان بچەسپێنن .



*** سالانە ئەو قوتابیانەی بەشی میدیا تەواو دەکەن، جگە لە نووسینی تۆژینەوەی دەرچوون، لە ڕووی پراکتیکیشەوە بەپێی بەشەکانی میدیا، پرۆژەیەکی پراکتیکییان دەبێت، لەبارەی ئەو پرۆژە پراکتیکییەی ئەوان، کە بڕیتی بووە لە دەرکرنی ڕۆژنامە و تا چەند پشتیان بەخۆ بەستووە گووتی:** ئێمە ڕۆژنامەیەکمان بەناوی (شۆڕەژن) دەرکرد کە چوار لاپەڕە بوو، یەکێکە لە ئەرکەکانی قۆناغی چواری زانکۆ کە پێی هەڵساوین و ئەنجامان داوە، ئەرکی سەرشانی ئێمە بووە وەکو قوتابیان کە جێ بەجێی بکەین، لەبەرئەوە لە تەواوی کارەکان پشتمان بەخۆمان بەستووە، تەنها لە هەندێ حاڵەت کە پێویست بووە، پرس و ڕاوێژمان بە مامۆستایان یاخود کەسی ئەزموندار و شارەزا کردووە، تەواوی کارەکانی ناوەرۆکی ڕۆژنامەکە، وەک ئامادەکردنی بابەت و ڕاپۆرت و چاوپێکەوتن و دیزاین و وێنەگرتن و کاری مەیدانی و دەرچوون، هەمووی بە ماندوو بوونی خۆمان ئەنجام دراوە، بۆ ئەوەی جێ بەنجەمان دیار بێت و هەوڵێک بێت بۆ تاقیکردنەوەی تواناکانی خۆمان.

وەربگرن و بەرەو پێشیان ببەن.

*** لەبارەی ئەوەی ئاخۆ دەرچوانی بەشی میدیا چی بکەن، ئایا بێ ئومێد بین و هەوڵی وەدەستهێنانی کار نەدەن؟ یان بە پێچەوانەوە هەوڵی وەدەستهێنانی کار بدەن، گووتی:** پێشنیاری من بۆ ئەو کەسانەی کە دەرچووی بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگاکان، پێویستە بڕەو بە

ڕەقیب ڕەیحان ژان و خۆشەویستی دەنووسێتەوە

سابیر حوسێن




ژان و خۆشەویستی ناونیشانی ئەو نامیلکە نۆبەرەیەیە کە شیعرییەکانی (ڕەقیب ڕەیحان)ە، کە لە دوو تۆپێ کتێبێکی قەبارە مامناوەندی شەست و چوار لاپەڕەیی کەوتە کتێبخانەکانەوە، شاعیر کە خودان ئەزموونێکی دەوڵەمەندی تەجروبەی ژیانە، خۆی لە نوسینەوەی ئەبجەدیاتەکانی عیشق تاقیکردۆتەوە، دیارە بیگومان پرۆسەی هەڵسەنگاندنی هەر کتێب و نامیلکەیەکیش کارێکی ئاسان نییە، هەڵسەنگاندن بۆ دەقێکی شیعری یان بابەتێک کە مامەڵە لەگەڵ هەست و نەستی مرۆڤەکان دەکات و لە خانەی زانستە مرۆڤایەتیەکانە، هەمیشە ڕێژەییە و ئەگەری ئەوەشی هەیە کە نەتپێکابێت، هەربۆیە کاتێک ئێمە قسە لەسەر نامیلکەی (ژان و خۆشەویستی)، تەنها باس لە شتە ڕوالەتیەکانی دەکەین و ناوەرۆکیش بۆ خوێنەر جێدەهێڵین. خەرمان بەرەکەت و شتی دیکەی بەدواوە بێت.

ئەندازیارێ ئەنفالکری



لە نووسینی مرادخان جانگیر

ڕێکانی بەرپەرەک ڕ ئەنفالا بەهدینان . لەلایەن هشیار مرادخان ڕێکانی ئامادەکراوە و لە 179لاپەرە پێکهاتووە . ناوەرۆکی پەرتوکەکە پێکهاتووە لە کورتەیەک لە ناسینەوەی گوندی سیتە لەرووی میژوەی و سیاسی و کەلتوری هەروەها ژیاننامەی ئەندازیای ئەنفالکری لەرووی زانستی و خەباتی سیاسی و شۆڕشگێڕی و ئاینی وهەروەها چەندین بەڵگەنامەی لەژیانی ئەندازیاری و قوناغەکانی ئەنفال هەروەها ناو وێنەکانی ئەنفالکراوی گوندی سیتەی تێدا نووسراوە .ئەندازیاری ناوبراو لەسالی 1960لە گوندی سیتە سەر بە دەقەری ئامێدی لەدایک بوە و خاوەن سێ کوڕ و کچێکە و لەسالی 1984بڕوانامەی بەکالوریوسی لەزانستە کشتوکاڵییەکان لە زانکوی سەلاحەدین لەهەولێر وەرگرتوە .لە 28/8/1988لەگەڵ 160کەس لەکەسوکاری دەقەری ڕێکان دێتە ئەنفالکرن و تائێستا چارەنوسی نادیارە.





باکووری کوردستان گژوگیای بەهارە سەرچاوەی بژێوی هەندێک هاووڵاتییە

هەندێک لە خەڵکی موسڵی باکووری کوردستان، بە کۆکردنەوەی گیای چیاکان و فرۆشتنی لە بازاڕەکاندا، بژێوی ژیانیان دەستەبەردەکەن. لەگەڵ هاتنی وەرزی بەهار و سەوزبوونی دەشت و دەر و چیاکان بە گژوگیا کە زۆرێکیان ڕاستەوخۆ یان لە ئامادەکردنی خواردندا بەکاردەهێنرێن، دەبنە سەرچاوەی بژێوی ژیانی هەندێک لە خەڵکی.بەشێک لە خەڵکی سنووری پارێزگای مووشی باکووری کوردستان، چەندین جۆری گژوگیای بەهارەی وەک کنگر و ڕێواس لە چیاکان کۆدەکەنەوە و لە ناوەندی شارەکان دەیانفرۆشن. حەکیم دەمیر یەکێکە لەو هاووڵاتییانەی کە لە چیاکان گژوگیای بەهارە کۆدەکاتەوە و ئامادەی بەوە داوە، پێشتر بە هۆی ڕووداوە تیرۆریستییەکانەوە نەیانتوانیوە بچنە شاخەکان و ئێستا بەدڵی خۆیان پێیاندا دەگەڕێن و گیای بەهارە کۆدەکەنەوە. ئەرکان شەن یەکێکی دیکەیە و باس لەوە دەکات کە بە فرۆشتنی ئەو گژوگیایەی کۆی دەکەنەوە، بژێوی ژیانیان دەستەبەردەکەن و گوتی: "دوای ئەوەی کە کەشی ئارام بااڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشا، هەموو ڕۆژێک بەیانی زوو دەچینە چیاکان بۆ کۆکردنەوەی گژوگیا"



هەڵەبجە گیا بڕین بە کەرەنتوو پیشەیەکی کۆنی جوتیاری

هەندێک لە خەڵکی هەڵەبجە بە کۆکردنەوەی گیای بەهارە و فرۆشتنی لە بازاڕەکاندا، بژێوی ژیانیان دەستەبەردەکەن. لەگەڵ هاتنی وەرزی بەهار و سەوزبوونی دەشت و دەر و چیاکان بە گژوگیا کە زۆرێکیان ڕاستەوخۆ یان لە ئامادەکردنی خواردندا بەکاردەهێنرێن، دەبنە سەرچاوەی بژێوی ژیانی هەندێک لە خەڵکی.بەشێک لە خەڵکی هەڵەبجە بە کۆکردنەوەی گیای بەهارە و فرۆشتنی لە بازاڕەکاندا، بژێوی ژیانیان دەستەبەردەکەن. لەگەڵ هاتنی وەرزی بەهار و سەوزبوونی دەشت و دەر و چیاکان بە گژوگیا کە زۆرێکیان ڕاستەوخۆ یان لە ئامادەکردنی خواردندا بەکاردەهێنرێن، دەبنە سەرچاوەی بژێوی ژیانی هەندێک لە خەڵکی.ئەو کەرەنتووانەی کە لە ئەنجامی بەدات .حەمەغەریب ئەحمەد حەمەکەریم تەمەن ٦٣ سالان دانیشتووی شارۆژکەی خورمالە لە هەڵەبجە و ماوەی زیاتر لە ٤٠ ساڵە کاری گیابڕین بە کەرەنتوو دەکات و ئەو کارە بووتە بژێوی ژیانی خێزانەکەی.ئەو لەکاتی کارکردن لە گوندێکی ناوچەی هەورامان گوتی: "ماوەی زیاتر لە ٤٠ ساڵە سەرقاڵی ئەم کارەم ، سااڵنە لەم کاتەدا دەست بە گیا بڕین دەکەین و تا ئەو کاتەی گیا سەوزە و وشک نەبووە بەردەوام دەبین و گژوگیا دەبڕین و دەیکەین بە گزرە بۆ ئاڵیکی ئاژەڵ".ئەم جووتیارە باس لەوە دەکات لە کۆنەوە بە داس و کەرەنتوو کاری دروێنە و گیا بڕین کراوە، بەاڵم لە ئێستادا ئەو کارە زیاتر بە کەرەنتوو ئەنجام دەدرێت.حەمەغەریب دوای تەواوکردنی کارەکانی خۆی دەست بە کاری خەڵکی تر دەکات و ڕۆژانە بە خۆیی و کەرەنتووەکەیەوە بە ٥٠ هەزار دینار کار دەکات و بۆ بژێوی ژیانی خێزانەکەی بەردەوامی بە کارەکەی دەدات.بە گوتەی حەمەغەریب کارەکەیان کارێکی ئاسان نییە و زەحمەتی زۆری هەیە و کارێکی هەرەوەزییە و زیاتر لە پێنج کەس پێکەوە کار دەکەن ، ڕۆژانەش توانای بڕینی زیاتر لە یەک دۆنم زەویان هەیە ئەگەر گیاییەکە نەشکابێتەوە و بە ڕێکی وەستابێت.

وەستا عومەر ڕەواندوزی: ئەوانەی ئامێری ئەلیکترۆنی کۆنیان هەیە و کۆنترۆڵیان لە بازار دەست ناکەوێ، خۆمان بە شێوازی نوێ بۆی دروست دەکەین

شێرزاد هەورامی

کاتێک بەناو بازاری نیشتیمانی هەولێر پایتەخت گوزەرم دەکرد ،چاوم بە وەستایەکی کۆنترۆڵ چاککەرەوە کەوت بەناوی عومەر فەخری ڕەواندوزی تەمەن چل و دوو ساڵان، کە لەناو دوکانێک بەناونیشانی چاکردنەوەی جۆرەها کۆنترۆلی سەحن و تەلەفزیون و ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان. تایبەتمەندی وەستاکە لەوەدا بوو کە تەنها کۆنترۆلی لەکار کەوتووی چاک نەدەکردەوە، بەڵکۆ خۆیشی کۆنترۆلی دروست دەکرد، بەتایبەتی بۆ ئەو ئامێرە ئەلیکترۆنیانەی کە کۆنترۆڵیان دەست نەدەکەوت، ئەوکۆنترۆلی جۆکەری بۆ دروست دەکردن و لە چاو ماندوو بوونەکەشی نرخێکی زۆر هەرزانی هەبوو. وەستای کۆنترۆڵ بۆ ڕۆژنامەی خەبات دەڵێ: دروستکردنی کۆنترۆلێک ڕۆژێکی پێویستە و کارو ماندووبوونی زۆری گەرەکە. لە کاتی دروستکردنی هەرکۆنترۆلێک دەبێ ڕەچاوی ژمارەی کۆنترۆلەکە بکەین. ناوبراو دەڵێ هەتا ئێستا دەیان کۆنترۆڵم دروست کردووە. عومەر فەخری ڕەواندوزی کە خەڵکی ڕەواندزەو نیشتەجێ شاری هەولێرەو ئەم کارەی بۆپەیداکردنی بژێوی ژیانی خۆیەتی. ئەو دەڵێ ڕۆژانە 15هەزار بۆ 20هەزار پەیدا دەکەم و جگە لە چاکردنەوەی کۆنترۆڵەکانیش هاوکات هەموو جۆرە کۆنترۆلێکیش دەفرۆشین و زۆر جاریش هاوڵاتیان ئەوانەی ئامێری ئەلیکترۆنی کۆنیان هەیە و کۆنترۆلیان لە بازار دەست ناکەوێ، خۆمان بە شێوازی نوێ بۆی دروست دەکەین. هەر ئەم خاڵەش تایبەتمەندی ئێمە لەبازار لە وەستاکانی دیکە جیادەکاتەوە.



هەولێر بەسەرپەرشتی ئەکرەم سەڵمان لەدووەم تاقیکردنەوەیدا بەرانبەر جەوییە یەکسان بوو

ئا: سەرهەنگ نەجمەدین
:فۆتۆ: ئەرشیفی هەولێر

لەگەڕی بیست وشەشەمینی خولی نایابی عێراق رۆژی 10/5/2019 لەیاریگای نێو دەوڵەتی فرەنسۆهەریری ، یانەی هەولێر میواندار ی لە یانەی قوەی جەوییە کرد.

یانەی هەولێر بەسەرپەرشتی ڕاهێنەر ئەکرەم سەڵمان دووەم یارییە لەسەر دەستی ئەو ڕاهێنەرە ئەنجام دەدات، ئەگەرچی خولەکە پێی ناوەتە هەفتەی بیست وشەشەمینی قۆناغی دووەم، گێمی یەکەم دەستپێکرد و هەردوو یانە بەپلانی هێرش بردن یارییان دەکرد، بەتایبەتی هێرشەکانی تیپی خاوەن یاریگا زیاتر لەنێو یاریگەیەکەدا دەبیندران ، یانەی هەولێر چەندین هەلی ئاسانی بۆ ڕەخسا بەڵام هێڵی بەرگری و گۆڵپاریزی قوەی جەوییە ببوونە ڕێگر لەبەردەم هێرشبەرانی یانەی هەولێر لە گۆڵ تۆمار کردن، لەبەرانبەردا یاریزانی قوەی جەوییە محەمەد قاسم هەڵێکی ئاسانی بۆ ڕەخسا لەناکاو تۆپێکی بەهێزی ئاراستەی ناو گۆڵی یانەی هەولێر کرد، بەڵام ستوون بووە ڕێگر و تۆپەکە ئاراستەکەی گۆڕا و گۆڵی قوەی جەوییە لەم هێرشە مەترسیدارە رزگاری بوو کەدەبوایە هەولێر بەگۆڵێک پێش بکەوێت، بەمشێوەیە گێمی یەکەمی یارییەکە بەیەکسانبوونی هەردوولا بەبێ گۆڵ کۆتایی هات.

گێمی دووەم دەستپێکرد و ئەکرەم سەڵمان ڕاهێنەری یانەی هەولێر چەند گۆڕانکارییەکی گرینگی لەپێکهاتەی تیپەکە ئەنجام دا بەمەبەستی گۆڕینی ئەنجامی یارییەکە، بەم گۆڕانکارییە یانەی هەولێر فشارێکی زۆری خستبووە سەر تیپی بەرانبەر بەمەبەستی زوو گۆڵ تۆمار کردن، بەڵام سەرجەم هێرشەکانیان بێ ئامانج و بێ سوود بوون،ئەگەرچی یاریزانی یانەی هەولێر ئاستۆ ڕۆستەم موشەکێکی بەهێزی ئاراستەی ناو گۆڵی قوەی جەوییە کرد ،بەڵام لەبڕی هەژاندنی تۆر ستوونی هەژاند، بەمشێوەیە یارییەکە بەبەیەکسانبوونی هەردوولا بەبێ گۆڵ کۆتایی هات، بەم ئەنجامە یانەی هەولێر دوای کۆکردنەوەی 29خاڵ لە پلەی سێزدەمی ڕیزبەندی خولەکەدا دێت، لەبەرانبەردا قوەی جەوییە بەکۆکردنەوەی 55خاڵ لەپلەی دووەمی ڕیزبەندی خولەکە جێگر بووە.

جێی ئاماژە بۆ کردنە یارییەکەی هەولێر و قوەی جەوییە پلێتی فرۆشتی یارییەکە وەک کۆمەک و هاوکاری بۆ یاریزانی پێشووی هەولێر دیار ڕەحمان کۆکرایەوە.

فیدرێر 1200 یاری بردۆتەوە

ئەستێرەی سویسری، ڕۆجەر فیدرێر، بووە دووەم یاریزان لە سەردەمی تازەدا، 1200یاری لە کاروانی پیشەگەری خۆیدا بباتەوە، دوای ئەوەی ڕۆژی پێنج شەمەی ڕابردوو، لە قۆناغی سێیەمی پاڵەوانیەتی مەدریدیدا،لە یاریزانی فەرەنسی، گایل مۆنفیسی بردەوە. فیدرێر ئێستا چاوی لە شکاندنی ژمارەکەی، جیمی کۆنرەزە، کە خاوەنی 1274بردنەوەیە، هەر ئەویش خاوەنی ژمارەی پێوانەیی زۆرترین نازناوە، کە 109نازناوە. ئەمەو فیدرێر یەکەم یاری لە جیبڕۆم ڕاو بردەوە، لە پاڵەوانیەتی تولۆز لە ساڵی 1998دا، بردنەوەی ژمارە 100، لە جۆلین بۆتیر بوو، لە پاڵەوانیەتی بازل لە ساڵی 2001دا. بردنەوەی ژمارە 200فیدرێر، لە میخائیل یۆژنی، لە پاڵەوانیەتی هالێ بوو لە ساڵی 2003دا. بردنەوەی ژمارە 300، لە لایتۆن هیویت، لە یاری کۆتایی ئەمریکای کراوە بوو، لە ساڵی 2004دا. بردنەوەی ژمارە 400، لە تۆمی هاس، لە پاڵەوانیەتی ئوستراڵیای کراوە بوو. بردنەوەی ژمارە 500، لە دێڤید فیرێر، لە پاڵەوانیەتی مۆنتی کارلۆ بوو، لە ساڵی 2007دا. هەرچی بردنەوەی ژمارە 600، لە تیاگۆ ئەلفاریز، لە پاڵەوانیەتی ئەمریکای کراوە بوو، لە ساڵی 2008دا. فیدرێر بردنەوەی ژمارە 700، لە جولیان ریستەر بردەوە، لە پاڵەوانەیتی ڕۆلان گارۆس، لە ساڵی 2010دا. بردنەوەی ژمارە 800، لە خوان مۆناکۆ، لە پاڵەوانیەتی پاریس بردەوە، لە ساڵی 2011دا. بردنەوەی ژمارە 900 فیدرێر، لە جیل سیمۆن، لە پاڵەوانیەتی ڕۆلان گارۆس بوو، لە ساڵی 2013دا. بردنەوەی ژمارە 1000، لە میلۆس راونیچ، لە پاڵەوانیەتی برزبین بوو، لە ساڵی 2015دا. ئینجا بردنەوەی ژمارە 1100، لە یۆچی سوجیتا، لە پاڵەوانیەتی هالێ بوو، لە ساڵی 2017دا. بەر لەوەی ڕۆژی پێنج شەمەی ڕابردوو، بگاتە بردنەوەی ژمارە 1200، لە کاروانی پیشەگەری خۆیدا.

ڕەمزی میرەکانی





ئەمڕۆ ناوی پاڵەوانی خولی ئینگلیزی ئاشکرا دەبێت

ئەمڕۆ کاتژمێر 5ی ئێوارە لەیەک کاتدا دوا یارییەکانی هەفتەی 38ی خولی ئینگلیزی بۆ تۆپی پێ بەڕێوەدەچێت، کە ڕکابەری نازناوەکە لەنێوان هەردوو یانەی مان سیتی لە پلەی یەکەم بە 95 خاڵ و لیڤەرپوول بە 94خاڵ ماوەتەوە، یانەی مان سیتی بەبردنەوەی یارییەکەی بەرامبەر برایتۆن ڕاستەوخۆ دەبێتە پاڵەوانی خولەکە، بێ ئەوەی چاوەڕێی ئەنجامی یارییەکەی لیڤەرپوول بکات بەرامبەر یانەی ولڤەر هامپتۆن، بەپێچەوانەی لیڤەرپوول کە چاوەڕوانی کەوتنی مان سیتی دەکات یاخوود بەرامبەربوون بۆ ئەوەی نازناوەکە بۆخۆی ببات.

ئەمەی خوارەوەش خشتەی یارییەکانی ئەمڕۆیە:

لیڤەرپوول- ولڤەر هامپتۆن
برایتۆن- مان سیتی
بێرنلی- ئەرسنال
مان یونایتد- کاردیف سیتی
لیستەر سیتی- چێلسی
فولهام- نیوکاسل
توتنهام- ئیڤرتۆن
ساوسهامپتۆن- هیدیرسفیلد
واتفۆرد- ویستهام
کریستال پالاس- بۆرنموس



گواردیۆلا: بردنەوەی ئەمڕۆمان زۆر باشترە لە چاوەڕوانی شتی تر

پیپ گواردیۆلای ڕاهێنەری یانەی مانچستەر سیتی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا سەبارەت بەیاریی چارەنووسسازەکەی هەئەمڕۆیان بەرامبەر یانەی برایتۆن گوتی: بەومەبەستە دەچینە برایتۆن تەنها بیرمان لەسەر بردنەوە بێت، ئەمە دوا چەکی ئێمەیە، دوای ئەمە یان ئاهەنگ دەگێڕین یان ئەوەتا پیرۆزبایی لە لیڤەرپوول دەکەین.

هەروەها گواردیۆلا گوتی: دەبێ بەشێوەیەکی باش و بۆ بردنەوە یاری بکەین، هەرچەندە دەزانین یاربیەکەمان هێندە ئاسان نییە، دەبێ سەرنجمان بەباشترین شێوە بخەینە سەر یاریکردنمان، ئەگەر بردمانەوە ئەوا پێویست ناکات چاوەڕوانی هیچ شتیکی تر بکەین.

محەمەد سەڵاح بۆ یارییەکەی ئەمڕۆ ئامادەیە

یۆرگن کلۆپی ڕاهینەری یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی دووپاتیکردەوە کە محەمەد سەڵاحی ئەستێرە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەکەی ئەمڕۆی یانەی ولڤەر هامپتۆن لە دواگەڕی چارەنووسسازی خولی ئینگلیزی ئامادەیە.

کلۆپ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند کە دوای ئەوەی پەیوەندی بەمەشقەکانی یانەکەی کردەوە، محەمەد سەڵاح بۆ یارییەکەی ئەمڕۆ ئامادەیە بەشداری پێبکرێت، بەڵام ڕۆبیرتۆ فیرمینیۆ ناتوانێت یاری بکات بەهۆی ئەو پیکانە یەک لەدوای یەکانەی کە تووشی دەبن.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیلی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Sun, 12. Apr. 2019 No: (5747)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

هەرچی کەلتور نەریتی کوردیە بەرەو نەمان دەڕوات

نزار رەواندزی: زۆرجار دەبینم لەکەنالّەکان گۆرانێکی لاواز لەتێکست و شیعرو دەنگەوە هەفتەی زیاترلە7جارپەخشکراوە چونکە ئافرەتی تێدایە

گۆرانیبێژ هەیە خەڵک لەبیری کردوون، چونکە گۆرانیەکانیان سالّی جارێک پەخش دەکرێت



دیمانە: بەرهەم شێخ عزەدین

هونەرمەند نزار ڕەواندزی یەکێیک لەو هونەرمەندانەی سالانێکی زۆرە لەبواری هونەری گۆرانی وتن خزمەت بەهونەری کوردی دەکات ،ئەم هونەرمەندە روح سوکە دەنگ خۆشە لەسەرجەم بۆنە نیشتیمانی و سیاسیەکان بەشداری کاری گەری هەبوە ، لەم دیمانەیەی خەبات دا هونەرمەند دەربارەی هونەر دەدوێیت:



*** چی خوێندنەوەیەکتان بۆئێستای هونەری کوردی هەیە؟**

دەتوانم بڵێم ئێستای هونەری کوردی لەلێتواری مەرگ دایە چونکە هەرچی کەلتور و فۆلکلۆر و نەریتی کوردواریە لەتەواوی بوارەکانی ژیانی کوردیدا بەرەو نەمان دەڕواو لەونێوانەشدا گۆرانی ومیوزیکی کوردی یەکێکە لەو بوارانەی بێ بەش نیە لەو مەرگە.

*** زۆرگلەیی دەکرێت لەتێکەڵ کردنی هونەری بیانی بەهونەری کوردی وکاڵ بونەوەی ڕەسانایەتی لەناوهونەر ئەمەتاچەند ڕاستە وکێ هۆکارە؟**

زۆ زۆر ڕاستە . لەوەڵامی پرسیاری یەکەمدا وتمان هەرچی کەلتور نەریتی کوردیە بەرەو نەمان دەڕوات . ئەمەش هۆکاری ڕاستیەکی ئەم پرسیارە پێشان دەدات کەئەوشتانەی باسمان کرد بەرەو نەمان ڕۆیشت پەنا بۆ بابەت و کاڵای بیانی دەبردرێ وەک شیعر و ئاواز بۆ تێکەڵ کردنی بەهونەری کوردی .

*** کێ هۆکارە لەوفەوزایەی لەهونەری کوردی هەیە؟**

ئەمەش هۆکارەکەی حکومەتی هەرێم و وزارەتی ڕۆشنبیریە کە پسپۆرە بەو بابەتەوە . پێویستە لێرەیەکی چاودێری واتە (الرقابە الفنیە) دروست بکرێت کەسانی بەئەزموون و شارەزا لەتێکست و ئاوازو دەنگ دابندرێن لەوڕێگایەوە هەڵسەنگاندن بکرێت بۆ تەواوی بابەتە هونەرییەکان لەوانەش گۆرانی و میوزک گەر ڕەزامەندی ئەو لێژنەی بەدەسهێنا ئەوکات ڕێگای بابەتەکەی بدرێت پەخش و نمایش بکرێ ...

*** چی بکرێت ئەوەی ڕەسانایەتی هونەر لەناو نەچێت؟**

لەوەڵامی پرسیاری یەکەمدا باسمان کرد بەرەو نەمان ڕۆیشت پەنا بۆ بابەت و کاڵای بیانی دەبردرێ وەک شیعر و ئاواز بۆ تێکەڵ کردنی بەهونەری کوردی .

*** کێ هۆکارە لەوفەوزایەی لەهونەری کوردی هەیە؟**

ئەمەش هۆکارەکەی حکومەتی هەرێم و وزارەتی ڕۆشنبیریە کە پسپۆرە بەو بابەتەوە . پێویستە لێژنەیەکی چاودێری واتە (الرقابە الفنیە) دروست بکرێت کەسانی بەئەزموون و شارەزا لەتێکست و ئاوازو دەنگ دابندرێن لەوڕێگایەوە هەڵسەنگاندن بکرێت بۆ تەواوی بابەتە هونەرییەکان لەوانەش گۆرانی و میوزک گەر ڕەزامەندی ئەو لێژنەی بەدەسهێنا ئەوکات ڕێگای بابەتەکەی بدرێت پەخش و نمایش بکرێ ...

*** چی بکرێت ئەوەی ڕەسانایەتی هونەر لەناو نەچێت؟**

وتمان هەرچی کەلتور نەریتی کوردیە بەرەو نەمان دەڕوات . ئەمەش هۆکاری ڕاستیەکی ئەم پرسیارە پێشان دەدات کەئەوشتانەی باسمان کرد بەرەو نەمان ڕۆیشت پەنا بۆ بابەت و کاڵای بیانی دەبردرێ وەک شیعر و ئاواز بۆ تێکەڵ کردنی بەهونەری کوردی.

*** تاچەند گلەیت لەکەنالّەکانی ڕاگەیاندن هەیە لەبڵاوکردنەوەی هەموجۆرە گۆرانییەک؟**

گلەیی نا بەڵکو ڕەخنە چونکە ڕەخنە توندترە . ڕەخنەمان زۆرە . زۆرجار دەبینم لەکەنالّەکان گۆرانێکی لاواز لەتێکست و شیعرو دەنگەوە هەفتەی زیاترلە7جارپەخشکراوە چونکە ئافرەتی تێدایە و بەجلوبەرگێکی نەشیاو دوورلەنەریتی کوردەواری و ئاینی سەمای جۆراوجۆردەکەن . بەڵام گۆرانیەکی ڕەسەن و پڕۆفیشنالّ لە تێکست و ئاوازو دەنگی بەستۆری پڕلەمانا هەفتەی جارێک دانابەزێ. بەداخەوە . گۆرانیبێژ هەیە خەڵک لەبیری کردوون چونکە گۆرانیەکانیان سالّی جارێک پەخش دەکرێت .دەکرێت وەزارەتی ڕۆشنبیری نوسراوێک ئاراستەی تەواوی کەنالّە حکومی و ئەهلیەکان بکەن کەڕۆژانە دووکاتژمێر تەرخان بکەن بۆ پەخشکردنی گۆرانی ڕەسەنەکان و گرنگی زیاتر بەدابونەریتی کوردەواری.

میرا.. بۆ ڕەمەزان گۆرانییەکی ئایینی بڵاو دەکاتەوە



ئا: توانا زرار: گۆرانیبێژی لاو میرا ، بە بۆنەی هاتنی مانگی ڕەمەزان تازەترین ڤیدیۆ کلیپی خۆی بڵاوەدەکاتەوە.

ئەم ڤیدیۆ کلیپە نوێیەی میرا بەناوی "عەلی بن ئەبی تالیب"ە، بەبۆنەی مانگی ڕەمەزانەوە بڵاویکردەوە، تێکستەکەی لەلایەن خۆشناو تیللۆ نوسراوە و هونەرمەند هەڵکەوت زاهیریش ئاوازی بۆ داناوە، کاری دەرهێنانیشی لە لایەن دەرهێنەری دیاری عەرەب فادی حەدادەوە بۆ ئەنجامدراوە.هونەرمەند هەڵکەوت زاهیر ئەوەی ئاشکرا کرد، ئەم گۆرانییە دەبێتە هەزارەمین ئاوازی کە لەڕابردوودا داینـاوە، ئەو هونەرمەندە ئامازەی بەوەکردووە، پێێ خۆشبووە هەزارەمین ئاوازی تایبەت بکات بە کەسایەتی دیاری ئیسلامی عەلی بن ئەبی تالیب کە ئامۆزای پێغەمبەری ئیسلام بووە (درودی خوای لەسەر بێت) و چواردم خەلیفەی ئیسلام بووە.میرا لە سالێ ڕابردووش گۆرانییەکی تری ئاینی بۆ سەعید نوورسی زانای بەناوبانگی کورد وتووە.

خواردنەوەی تەنها ئاو لە پارشێودا زیانی هەیە



وریشە عومەر: دکتۆر عەبدول واحید ئامادەی بەوە کردوە کە هەڵنەستان بۆ پارشێو یاخود تەنها خواردنەوەی ئاو لە پارشێودا زیانی هەیە و گوتی: "ئەو شێوازی خواردنە برسێتی نزیکەی 16کاتژمێر دەگەیەنێتە تێکڕا 20 کاتژمێر. ئەوەیش دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی شەکری خوێن و ئەو ڕۆژەش ئەستەم تێدەپەڕێت".بیلگە لە ڕوونکردنەوەیەکدا باسی لەوە کرد هاوواڵتیان بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی تەندروست بەڕۆژوو بن پێویستە خوانی پارشێو پشتگوێ نەخەن و خواردنەوەی ئاو کەم نەکەنەوە.بیلگە ئامادەی بەوە کرد کە هەڵنەسان بۆ پارشێو یاخود تەنها خواردنەوەی ئاو لە پارشێودا زیانی هەیە و گوتی: "ئەو شێوازی خواردنە برسێتی نزیکەی 16کاتژمێر دەگەیەنێتە تێکڕا 20کاتژمێر. ئەوەیش دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی شەکری خوێن و ئەو ڕۆژەش ئەستەم تێدەپەڕێت.



هۆڵەندا ... مۆزەخانەکەی ئانە فرانک هاوس نموونەیەک لە هۆلۆکۆست لە شاری ئەمستردام نموونەیەک لە هۆلۆکۆست

خەبات: ساسان دەرویش

لە دوای ئەوەی هیتلەر جڵەوی حوکمڕانی ئەڵمانیای گرتە دەست، کەوتە هەڕەشەکردن لە جولەکەکان لە پێناو ئەڵمانیایەکی بەهێزو هێرش و پەلامارەکانی بۆ ئەوروپا دەستپێکرد، یەکەم جار پەلاماری نەمسا و چیکۆسلۆڤاکیا و پۆلۆنیای دا پاشان ویستی فەرەنسا داگیر بکات، و دواتر هۆڵەندا و بەلژیکا بە ئاسانی داگیربکات، ئەوە بوو لە 10ی ئایار1940 لەشکری نازییەکان گەیشتنە هۆڵەندا بەبێ هیچ ڕێگری و بەرگریکردنی هۆڵەندییەکان و هۆڵەندا داگیرکرا ودواتر ئەو لەشکرە بێ بەزەییانە کەوتنە گیانی خەڵکی سڤیل لە کوشتن و زیندانی کردن و گواستنەوەیان بۆ ئۆردوگاکانی چاوەڕوانکردن بۆ مردن ، لە دوای ئەم میژووە هۆلۆکۆست بووە چیرۆکێکی دڕێژیی بێ کۆتایی، نموونەیەکی زیندووش لە قوربانیەکانی هۆلۆکۆست کە لە ڕۆژمێرە بەجێماوەکەی ئانە فرانکە بۆ خستنە ڕووی بەشێک لە تاوانەکان ، کە دەرهەق بەجولەکەکان کراوە لە هۆڵەندا ، لەگەڵ ئەو شوێنەی کە خۆیان تیا حەشاردابوو لە شاری ئەمستردام کە ئێستا بۆتە مۆزەخانەیەکی گرنگ و میژوویی کە سالّانە بەملیۆنان گەشتیار سەردانی ئەو شوێنە دەکەن و لە نزیکەوە لەو ڕۆژگارە دەڕوانن بە ناوی مۆزەخانەی ئانە فرانک هاوس، یەکێکە لە قوربانیەکانی هۆلۆکۆست خێزانی ئۆتۆفرانک بوو کە دەبێتە باوکی ئانەفرانک لە شاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیا لەدایک بووە لەترسی نازییەکان و دژ بەجولەکە ئەڵمانیا بەجێدەهێڵن و بەرەو هۆڵەندا دەڕۆن. دەکرێ ئێمەی کوردیش لە هەزاران چیرۆکی ئەنفال وجینۆسایدی گەلی کورد چیرۆکێکی پڕ لە تراژیدیا بکەینە مۆزەخانەیەکی نیشتیمانی و پەیامی نەتەوەیی بۆ زیاتر ناساندنی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان.


پەیامنێری خەبات لەکاتی نوسینی یادەوەری لە مۆزەخانەی ئانەفرانک